شانۆکار
گۆڤارێکی شانۆیی وەرزییە
تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوک
دەری دەکات
ژمارە (٢) ٢٠٠٧

خاوەنی ئمتیاز:
تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوک

سەرنووسەر:
نیهاد جامی

دەستەی نوسەران:
کاردۆ
فریاد ئەحمەد
کاسترۆ مەجید

ئەدرێس:
shanokar@maktoob.com
nihadjami@hotmail.com
ئاسیا:٠٧٧٠١٤٩٥٣٧٢
کۆرەک:٠٧٥٠٤٠٥١٤٧٤

دیزاین:
وشیار محەمەدئەمین مستەفا
کۆرەک:٠٧٥٤٤٩٤٤١٦

* هەموو پەیوەندیەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبێت
* هەر بابەتێک بلاو نەکرێتەوە بە خاوەنەکەی دەدرێتەوە
* شانۆکار بەرپرسە لەو بابەتانەی بلاوی دەکاتەوە

WWW.dengekan.com/shanokar.htm



## مەلەفی یەکەم

گوتاری ئەزمونگەری لە ڕۆتی شانۆی کەرکوک



## مەلەفی دووەم

تاداشی سوزوکی



## مەلەفی سێیەم

یادەوەری دەنگ

## مەلەفی یەکەم



## گوتاری ئەزمونگەری لە ڕەوتی شانۆی کەرکوک

# پەیڤێک بۆ ئەم مەلەفە

ئەو ترسەی ڕۆژانە بەرۆکمان دەگرێت، ترس نیە لە فەنا بوونی جەستە، بەڵکو ترسێکە لەوەستانی خەیاڵ و روئیای هونەریمان، بەهۆی ئەوەی وێنە تۆقێنەرەکانی ئەوەمان نیشان دەدات کە "ژیان لەژێر مەترسیدایە" ئەگەرچی ئەوە نەبۆتە هۆی ئەوەی کارەکانمان پەك بخات، بەڵام بۆخۆی دۆخێکی نالەباری خوڵقاندووە، هەموو کاتێك ئەوەی وا دەکات ئێمە بەردەوام بین لەسەر پرۆژەکانمان، خەون بینینی هەمیشەییمانە بە بزووتنەوەیەکی شانۆیی چالاك و تۆکمە، کە بتوانێ گوتارێکی ئەزموونکاریانە بێنێتە کایەوە، بۆ ئەوەش تەنیا ئەوەندە بەس نیە کە کار دەکەین، کاری ئێمە لەوێ تەواو نابێت کە شانۆگەریەکانمان نمایش دەکەین، بەڵکو نمایش کردنی ئەزموونەکان سەرەتایەکە بۆ گفتوگۆ و دەیالۆگ و ڕەخنە، تاوەکو بتوانین لە ئاستی کارەکان و خوێندنەوەی شانۆکاران نزیك ببینەوە، سەرەنجام ئێمە دەرگا ئاوەڵا دەکەین بۆ تەواوی شانۆکاران کە تێڕوانینی تایبەتی خۆیان لەسەر ئەزموونەکان دەربخەن.

بە فرە دەنگی بۆچوونەکان دەتوانین ڕووبەرێك بۆ جیاوازی بخوڵقێنین، گۆڤاری شانۆکار دەیەوێ ئەو مینبەرە بێت کە دەنگە جیاوازەکان لەسەر ئەزموونی شانۆییمان بێنێتە گۆ، جوانیەکیش لەو نێوەندە بۆ ئێمە هەبێت تەنیا کۆکردنەوەو دەرخستنی دەنگە جیاوازەکانە، ئەوە پرۆسەی ئازادکردنی روئیا و دەنگە لە پێناو خوێندنەوەی رەهەندە مەعریفیەکانی شانۆ، هەر ئەزموونێك بوێری ئەوەی نەبوو دەرگای ڕەخنە و فرە خوێندنەوەیی و فرە تەئویلی لەسەر خۆی بکاتەوە، ئەزموونێکی کەمخوێن و تاکرەهەندە و تەمەنی کارەکەشی دەست نیشان کراوە، هەر زووش ترسی لە مردنی خۆی هەیە، ئەزموونی فرە رەهەند پێویستی بە فرە تەئویلی دەنگە جیاوازەکانی شانۆ هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ هەمیشە بە
دوای گەڕان و پشکنین بێت.

هەر بەو مەبەستەش دوای ئەوەی دوا ئەزموونمان (هاملێتی کەرکوك) مان نمایش کرد، ئەوەمان ڕاگەیاند کە قۆناغی یەکەمی کارەکانمان بە پێنج ئەزموون کۆتایی هات، لێرەوە دەچینە قۆناغێکیتری کارکردنەوە، بەمەبەستی بەشداریکردنی شانۆکاران لە ئەزموونەکانمان، وامان بە باش زانی مەلەفێکی شانۆکار تەرخان بکەین بەم ئەزموونانە، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵە رەهەندێکی جیاوازەوە دەرگا بۆ گفتوگۆ و ڕەخنە بکەینەوە، خۆمان ئەو دەست پێشخەریەمان کرد و لەڕێگەی پرسیارەوە چەندین تەوەرمان بەسەر شانۆکاران دابەش کرد، بۆ ئەوەی لە چەند رەهەندێکی جیاوازەوە گفتوگۆ بکرێت، سوپاس بۆ هەموو ئەو شانۆکارانەش کە بە گیانی بەر پرسیاریەتیەوە بەشداریان لەگەڵدا کردین، تەواوی ڕەخنەکانی ئەوان بۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵیە، هیچ ڕەخنەیەکیش تورەی نەکردووین، بەکاری خۆشمان نەزانیووە وەڵامی هیچ سەرنجێك بدەینەوە، بەڵکو ویستومانە گوێ لە دەنگە جیاوازەکان بگرین، بۆ ئەوەی بزانین ئەوان لەماوەی ساڵێکدا چۆن سەیری کارەکانی ئێمەیان کردووە، بە تایبەت کە ئێمە دەچینە قۆناغێکی نوێوە، دەمانەوێ ڕەخنەکانی ئەوان بۆ ئێمە سوود مەند بێت و تا بزانین ئێمە تاچەند توانیومانە ئەزموونکاربین، لە کوێش ئەو ئەزموونە تووشی نوشستی هاتووە، ئێمە پەیمان پێ نەبردووە، بە کورتی وویستومانە ڕووبەرێك بۆ دەیالۆگ بسازێنین.

دیارە ئەوەمان نەك بیر ناچێت، بەڵکو بەو دڵنیاییەوە کار دەکەین، کە پەرۆشی ئەو ئازیز و شانۆکارە خۆشەویستانە و جدیەتی ئێمە لە کارکردن ئەو ئەزموونانەی خوڵقاندوە و ئەمرۆش ئەم مەلەفەی هێناوەتە دی، تاوەکو چیتر ڕەخنە گوتارێکی نا ئامادەبووی ناو گوتاری ئەزموونی شانۆیمان نەبێت، بەڵکو ڕەخنە بەبەشێکی ئەکتیڤی نێو ئەو گوتارە ئەزموونکاریە دەزانین، بۆ ئەو مەبەستەش شانۆکار لەهەر ژمارەیەکیدا هەوڵ دەدات دەرگای گفتوگۆ لە ئەزموونێکی شانۆیی بکاتەوە، لەڕێگەی خوێندنەوەی جدی شانۆکاران خۆیانەوە.

# بەیاننامەیەکی شانۆیی

## ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ



دەق چ دەسەڵاتێکی هەیە؟ ئایا دەق توانای هاتنە نێو ئەو پانتایە ئەفسونیەی هەیە؟ دەق نووسراوێکی ئەدەبی سەر کاغەزە، ئەو دەقە بیرۆکەیەکە بۆ کارکردن، بەهەند وەرنەگرتنی تەواوی دیالۆگەکان بێبایەخکردنی نووسەر نیە، بەڵکو نووسەر بەشێوەیەکیتر دێتەوە ناو نمایش، بیرۆکەی سەرەکی نووسەر وەردەگرینەوە، بەڵام ئەو بیرۆکەیە بەپێی تێپەڕینی زەمەن گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوە بەتەنیا ڕزگارکردنی شانۆ نیە لە ئەدەب، بەڵکو دۆزینەوەی زەمەنێکی ئەفرێنەریشە لەناو جیهانی دەقدا، خوێندنەوەیەکی جیاوازە، بەخشینی خاسیەتی نوێی زەمەنی ئێمەیە، بۆ ئەوەی لەوانیتر نەچین، بوونی خاسیەتی جیاواز ئومێد و خەونێکی هەمیشەییمانە، ئێمە نامانەوێ لەکەس بچین، دەمانەوێ خۆمان بین، لەڕێگەی ڕەتکردنەوەی دەیالۆگ و سڕینەوەی ئاخاوتن، زمانێکی یەکگرتوو دێنینە کایەوە، کە زمانی جەستەیە، جەستە بەتەنیا نمایشێك بەرهەم ناهێنێت، جەستە دێت بۆئەوەی لەڕێگەی جولەوە دەق بنووسێتەوە، چیتر دەقی شانۆیی بە قەڵەم و کاغەز نانووسرێتەوە، دەقی شانۆیی لە بۆشایدا بە جەستەی ئەکتەر دەنووسرێتەوە، ئەو دەقە دەقی نمایشە، دەقێکە جولە و ئاماژەو بێدەنگی، زمانێکی سەربەخۆی تیا دروووست دەکەن، هەندێك جار دەق بۆ

ئێمە بریتیە لەچەند هێلکاریەك، مەبەستیش تەنیا هێلێکە بۆ کۆبوونەوە، تەنانەت ئەو سیناریۆ شانۆییانەی دەیاننوسین، هەرگیز بەئەنجامیان ناگەیەنین، بەهۆی ئەوەی وێنە و جولەیتر ڕۆژانی پرۆڤە دێنە شوێنی، ئێمە ناتوانین تاتەواو بوونی کارەکە پابەستی یەك شێوە وێنە و ڕووداو بین، بەپێی ڕۆژەکان وێنە و ڕووداوەکانی گۆڕانیان بەسەردا دێت، تا لە شوێنێك ئەو وێنانە دەچنە ئاستێکی پێشکەوتوو، ناڵێین کامل بوون، چونکە قۆناغی کامل بوونی وێنە بوونی نیە، دەشێ ئەو ئاستەی پێی دەگەین هێشتا بەرەو گۆڕانیتر بڕوات. هەمیشە پێویستمان بەو دەقانە هەیە کە شیعریەتی شوێنی تیا وەدەست دێنین، شیعریەتی شوێن بەرەنجامی تەوزیف کردنی شیعری ووتراوە، بۆ جەستە و سینۆگرافیا و ڕووبەرە ئاشکرا نەکراوەکان، ئێمە ئەوانە لە دەق ناخەینە ڕوو کە دەیالۆگ دەریدەبڕێت، کاری ئێمە هەڵێنجانی ئەو شیعریەتەیە کە دەق نەیووتوە، هەر بەو شێوەیە سەیری (لەچاوەڕونی گۆدۆ) مان کرد، ڕزگارکردن لە ووتراو ئازادبوونی جەستەیە لەناو شیعری پانتایی، هەر بۆیە هەندێك جار لەگەڵ ئەکتەرەکان لەخۆمان دەپرسین: ئایا هەموو گەورە نووسەرانی دنیا توانای ئەوەیان هەیە بێنە ئەو پانتاییەی ئێمەوە؟ ئایا ئەپسن و برێخت و سۆفۆکلیس و کامۆ و براندیللۆ دێنە ناو ئەو پرۆژەیەمانەوە؟ دیارە ناتوانین لەتەك جیهانی ئەءاندا کار بکەین، نەك بەهۆی ئەوەی ئەوان شیعریەتی شانۆیان تیا نیە، بەڵکو ئەوە ئێمەین ناتوانین لەتەك ڕۆحی ئەوان زەمەنێکی جیاوازیان پێ ببەخشین، کە زەمەنێکی سەرمەدی و ئەبەدی بێت، لەکاتێکدا ئەو زەمەنە توانای نزیك بونەوەی زیاتر لەلای (بێوەڵامی وەهم) ی خانمە نووسەری عومانی (فاتمە ئەلشیدی) هەیە، ئەوەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە شیعریەتی شوێن پەیوەندی بە ڕەگەز و زمان و نەتەوە نیە، فەرەنسی بوون و کوردی بوون و عەرەبی بوون گرفت نییە، گرفت لەوەدایە گەر دەق لەناو نائامادە بوونی شیعریەتی شوێندا بێت، ئێمە چی لەدەقێك بکەین با کوردیش بێت، بەڵام پرۆسەی نووسین پرۆسەیەکی ئەدەبی دوور لە شیعریەتی شانۆ و شیعریەتی شوێن بێت. شیعریەتی شوێن پەیوەندی بەو ڕووبەرە جوانکاریی و فەلسەفیەوە هەیە کە توانای دۆزینەوەمان بۆی هەبێت، هەر بۆیە وارێك کەوتووە لە نەدۆزینەوەی ئەو دەقانە هەوڵمانداوە بەپێی خواستی کارەکە سیناریۆی شانۆیی بۆ بنووسین، ئەوە هەوڵێك نەبووە بۆ نووسین، بەڵکو پرۆژەیەکی هێلکاری بووە بۆ نمایش، هەمیشە لە ئامادە نەبوونی دەقەکانەوە نووسیومانە، دەنا کاری ئێمە نووسین نیە، بەڵکو بەخشینی ڕەهەندی دەلالی نوێیە بە دەقەکانەوە لەڕێگەی کارکردن لە پرۆڤەکاندا.

ئێمە لەکارکردندا بڕوامان بەوە نیە دەقی شانۆیی بەرهەم بێنین، بەپێی خاسیەتی ململانێ و کارەکتەر و گرێ چنی درامی، ئەگەر وابوایە خۆمان پابەستی دەقی نووسراو دەکرد، ئێمە هەرگیز ئامادە نین کار لەو جۆرە دەقانە بکەین کە بۆ بانتۆمایم نووسراون، لە نمونەی (دیمەنێکی بێدەنگ) ی سامۆئیل بیکت، دیارە لەکاری بانتۆمایمدا شانۆکارانێکی زۆر هەن کار لەو جۆرە دەقانە دەکەن، کار نەکردنی ئێمە لەو جۆرە دەقە نووسراوانە بەهەند سەیر نەکردنی ئەو سیناریۆ شانۆییانە نیە، بەڵکو بەشێوازێکی سەرەتایی بۆ جولە نووسراوەتەوە کە دیسان دەبێت ببینە کۆیلەی جولەی گریمانکراو، ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئێمە مەبەستمان خولقاندنی دەقی پێرفۆرمانسیە، لەو دەقەدا سێنتەری چیرۆك بوونی نیە، بەڵکو سێنتەر هەڵوەشێنراوەتەوە، ئێمە لەبەرامبەر بونیادەکاندا لەساتی بەر لە بوونی سیستمی ڕێکخەری گوتار داین، بۆیە بڕوامان بە سێنتەری نمایش نیە، وەك چۆن کارەکتەر لەزۆربەی ئەزمونەکانمان بوونی نەبووە، بەڵکو فیگور هەبووە، فیگورەکانی جەستە نوێنەرایەتی نێو وێنەیان کردووە، چەند فیگورێك نوێنەرایەتی کارەکتەرێك دەکەن، ئەوە وادەکات تاکە ئەکتەرێك بەتەنیا نوێنەرایەتی کارەکتەری هاملێت نەکات، بەڵکو چەند فیگورێك لەناو کارەکتەری هاملێت دەربکەون، جگە لەوەی ڕووداو و دیمەنی بەدوا یەك هاتوو بوونی نیە، بەڵکو وێنەکان پەیوەندیان بە وێنەی دوای خۆیانەوە نیە، ئەوە (گریمانی یاد) ە گریمانکردنی یادەوەریە، یادەوەری وەرگر و یادەوەری جەستە بەشداری لەو گریمانەیە دەکەن، ئەوە وەرگرە بەدوای پرۆسەی وەرگرتن وێنەکان ڕێکدەخات، مەرج نیە وەرگرەکان هاوڕابن لەسەر بەدوا یەك هاتنی وێنەکان. یاخود لە هەندێك حالەتدا کە فیگورێك نوێنەرایەتی چەند کارەکتەرێك دەکات، فیگوری (دیدار مەجید) لە ئەزمونی (زولێخا لەخەونی یوسفدا)



نوێنەرایەتی زولێخا و دایکی یوسفی دەکرد، فیگور بەپێی بونیادی دەلالی وێنە و موفرەدەکانیەوە دەردەکەوێت، ئەوەش گۆڕینی هاوکێشەی شانۆیە بەوەی دەقی شانۆیی بنەمای سەرەکی نیە، بەڵکو جەستەی بەشداران بنەمای سەرەکین، بۆ ئێمە شانۆ بەبێ دەق گرفتێك نیە، ئێمە لەشانۆدا بروامان بە هاوکێشەی (دەرهێنەر +ئەکتەر+شوێن+دەق) هەیە.

بۆچی شوێن پێش دەق کەوتووە؟ چونکە ئێمە دەق نابەینە شوێنێك بیرۆکەی بەسەردا بسەپێنین، بەڵکو بەپێی خاسیەتی شوێنەکە جەستەی ئەکتەر دەق لەناو ئەو شوێنە دەجولێنێت، شوێن وەك ئەوەی پێویست دەکات، بەپێی بۆشایی و بارستاییەکانی ڕووداو بۆ دەق دیار دەکات. ئێستا با بپرسین: ئەو شوێنە چیە؟ ئایا شوێنێك نیە لەسەر تەختەی شانۆ؟ ئێمە لەتەواوی ئەزمونەکانی ئەو قۆناغەماندا شوێن وەك تەختەی شانۆ هەڵنابژێرین تا دواتر دیکۆری بۆ درووست بکەین، بەڵکو بەهیچ شێوەیەك ڕوو ناکەینە هۆڵی شانۆ، هەمیشە ئەو شوێنەی بۆ پرۆڤە هەڵی دەبژێرین هەر ئەو شوێنەشە کە نمایشی تیا دەکەین، جا ئەو شوێنە ژوورێك بێت یا شوێنێکی شوێنەواری وەکو قشلە یا قەلا، لەو شوێنەدا دیکۆر بۆ ئەکتەر درووست ناکەین، چونکە ئەگەر دیکۆرمان درووست کرد، ئەی بۆچی هاتوینەتە ئەو شوێنەوە؟ ئەوسا دەبێت بچینەوە هۆڵی شانۆ، بۆ ئێمە شوێنەکە خۆی دیکۆرە، بەمانای شوێنەکە چۆنە وەك خۆی سەیری دەکەینەوە، دەسکاری بیناسازی شوێن ناکەین، بەپێی گریمانی بیناسازی شوێنەکە دەجولێینەوە، شوێن لە شوێنێکی ناشانۆییەوە دەیکەینە شوێنێکی شانۆیی، هەر بۆیە هەڵبژاردنی شوێن بۆ ئێمە زۆر لە هەڵبژاردنی دەق گرنگترە، کاتێ دەق نەبێت خۆمان دەق درووست دەکەین، بەڵام بەبێ شوێن و پانتایی جیاواز هیچمان پێناکرێت. جەستەکان تەنیا (پارچە قوماش، مۆم، تۆڕ، شمشێر، مەشخەڵ) وەك موفرەدە بەکار دێنن، ئەم ئەزمونانە دابڕاو نەبوون لە ئەزمونی شانۆی جیهانیەوە، بەڵکو لەناو ئەزمونی ڕێبەرە ئەزمونکارەکانی وەکو تایرۆف و ئارتۆ و گرۆتۆفسکی ئەزموونیان کردووە،



بەڵام ئەزمونگەلێك ویستویەتی لە هەندێك بنەماكان ئەزموونكاراندا گۆڕانكاری بكات، زیادكردنی چەمكی پێرفۆرمانسی و گریمانی یاد بۆ شانۆی توند و تیژیی یاخود گۆڕینی ووشە بە جولە لەشانۆی ژوور. گەڕانەوە بۆسەر دیارترین ئەزموونەكان بەمەبەستی بنیاتنانی ئەزمونی سەربەخۆیە لە قۆناغەكانی داهاتوودا، بەتایبەت ئێمە لایەنێكی گرنگی ئەو ئەزموونەمان فەرامۆش نەكردووە كە چەمكی ئەنترۆپۆلۆژیە (مرۆڤناسی)، بۆیە ئەم قۆناغە بۆ ئێمە قۆناغی ئەنترۆپۆلۆژیای جەستە بوو، بەهۆی ئەوەی سرووت رۆڵێكی سەرەكی لەناو وێنەی شانۆیی دەبینێت، سرووت لەبنەڕەتدا كەرنەڤاڵێكی رۆحی مرۆڤەكانە، بەمەبەستی پارێزگاریكردن لەگروپە كۆمەڵایەتیەكە لەرێگەی سرووتەكانیەوە، بەڵام بۆ ئێمە سرووت لە شانۆدا هەڵگری چەند رەهەندێكی دەلالیە لە (سەگ ودەف) دا دوای ئەوەی پەیوەندی ئەنترۆپۆلۆژی نێوان مرۆڤ و سەگ دەچنە ناو یەكتریەوە، سرووت لەڕێگەی دەف و جولانەوەی جەستەكان دەبێت بە پرۆسەی پاكبوونەوە، بۆ ڕزگاربوون لە گیانی شەڕانگێزی مرۆڤەكان كە هەر لە سەرەتاوە پەلاماری بینەرانیان دەدا، سرووت لێرەدا بە مەبەستی پرۆسەی پاكبوونەوەی جەستەكان بوو، لە (پرۆڤەیەكی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) سرووتی سوتاندنی كتێب و ئاگر كردنەوە گەڕانەوەیە بەرەو رۆحانیەتی مرۆڤ، لە (خاچ) دا سرووت توانای دووركردنەوەمانی هەیە لە عەقلانیەتی باو، لەو ڕێگەیەوە دەمانگەڕێنێتەوە ناو نەست، تاوەكو نهێنی پەیوەندی جەستەكان بەیەكتری بناسین.

ریتوالی نێوان جەستەیە بە زانست و كولتورەوە، زانست چ وەك ناسینی پەیوەندی جەستەی كوردی، چ وەك كولتور بۆ فیگوری ئەو جەستەیە، كاتێ هەمیشە ئاگر وەك دەلالەتێكی كولتوری دێنینەوە، بەڵام ئەو دەلالەتە لە پەیوەندیەكی هارمۆنیدایە لەتەك زانستدا كە ئەنترۆپۆلۆژیای جەستە بنیات دەنێن، ئەوە لەناو خۆیدا هەڵگری گوتاری كینزیا (جولەی جەستە)یە بە ئەنترۆپۆلۆژیاوە، بەهۆی ئەوەی ئێمە وا سەیری ئەزموونەكان ناكەین كە ئەوە شانۆ

بێت، بۆیە زیاتر لە ڕوناكی و مۆسیقا و جل و بەرگ و هەر پێداویستیەكی تری شانۆیی دوور دەكەوینەوە، بەهۆی ئەوەی ئێمە پێویستمان بەوە نیە بە وەرگر بڵێین تۆ لە شانۆدایت، بەڵكو وەستانی بینەر و دانەنیشتنی و تێكەڵ بوونی بە ئەكتەر پێمان دەڵێت: ئەكتەر وەكو بینەر دێتە ئەو شوێنەوە، بینەر چۆن بۆ كارەكەی ئێمە جل و بەرگێكی تایبەت لەبەر ناكات، ئەكتەرەكانیش بەهەمان شێوە لە جل و بەرگی شانۆیی دوور دەكەونەوە، ڕوناكیمان نیە بەو مانا شانۆییە مۆم یا مەشخەڵی ئاگرمان هەیە، ئەوەش بەمەبەستی ڕوناكی بەخشین نیە بە نمایشەكە، بەڵكو وەك موفرەدەی ناو سرووتە شانۆییەكە دەردەكەوێت، لەو ئەزموونەدا تواناكانی جەستە و خەیاڵی دەرهێنەر و ئامادەبوونی شوێن دەبنە بنەما سەرەكیەكانی سرووت، سرووت نمایش بنیات دەنێت، نمایشێك بریتیە لە (زانست، كولتور، فەلسەفە) زەمەن زەمەنی هەنوكەیی جەستەیە، بەڵام زەمەنێك دەگەڕێتەوە ناو یادەوەری تاوەكو لەڕێگەی فیگورو شوێنەوە زەمەنێكی فەلسەفی وەدەست بێنێت، كە زەمەنی منی كوردیە، زەمەنێكە خەیاڵ و توانا و كولتوری كوردی بەرهەمی دێنێت، بەڵام خۆی دانەبڕیووە لە میتۆدە جیهانیەكان، ئەوە جیاوازی ئێمەیە، ئێمە چەمكی كولتور بەكار دێنین نەك كەلەپوور، چونكە ڕەسەن بوون بریتی نیە لە نمایشكردنی دیمەنی مۆزەخانە و گۆرانی كوردی، ڕەسەن بوون بەرهەمی بیركردنەوە و عەقڵی ئێمەیە، هەر كاتێك خەیاڵ و بیركردنەوەی ئێمە لە شانۆدا ئامادەبوونی هەبوو، باگفتوگۆی كوردیمان نەبێت با جل و بەرگیشمان كوردی نەبێت ئێمە ڕەسەنین، ناكرێ ڕەسەنایەتی لە جل و بەرگ و قسە كردن كورت بكەینەوە، ئێمە سەیری شانۆ ناكەین بەوەی ئێمە لە كوێین؟ ئاستی شانۆی كوردی چۆنە؟ شانۆكاران بە چ ستایلێك كار دەكەن؟ ئێمە واسەیری شانۆ دەكەین كە لە جیهاندا لە چ ئاستێكە، ئایا دەكرێ خۆمان بە گرفتی نەتەوەیی لە شانۆدا خەریك بكەین بەو بیانووەی جارێ ئێمە دەوڵەتمان نیە، دەبێ شانۆ لەخزمەتی شوناس و كەلەپووری كوردەوە بێت. ئەو كاتانەی چەمكی كەلەپوور بە كولتور دەگۆڕین مەبەستمان ئاستێكی فراوانترە بۆ كوردیی، دواتر بیرمان نەچێت كەلەپوور بەتەنیا گوزارشت لە ڕابردوو دەكات، هەرچی كولتورە گوزارشت لە تەواوی زەمەنی ڕابردوو و ئێستا و هەنووكەمان دەكات، شانۆ كەناڵێكە لەناو كولتور، بەڵام هەرگیز شانۆ كەلەپوور نیە، شانۆ دامەزراوێكە لەناو كولتور، دیارە دەبێ ئەوە بزانین شانۆ بۆ شانۆكاری خۆرئاوایی بەرهەمی ژیارە، بەوەی شارستانیەت و ژیاری خۆر ئاوایی لەناو شانۆدا بوونی هەیە، شارستانیەتی ئەو بریتیە لە شانۆ، بەڵام بۆ ئێمە شانۆ جیاوازە، لەناو ژیار و شارستانیەتی كوردی شانۆ بوونی نیە، شارستانیەتی كوردی بریتیە لە شكست و سەركەوتن و دۆخی دەروونی كارەكتەرەكانی ڕابردوو، بۆ ئێمە شانۆ وەك بەرهەمێكی تازەگەری سەیری دەكەین، بە دامەزراوێكی مەدەنی لێی دەڕوانین، ئەو كاتانەی مومارەسەی شانۆ دەكەین، دەمانەوێ مومارەسەی دامەزراوو ئۆرگانێكی كۆمەڵگای مەدەنی بكەین، كەچی ڕێك كێشەكان هاودژ كەوتوونەتەوە، شانۆكاری خۆر ئاوایی شانۆ ناگەڕێنێتەوە ناو ڕابردوو، لەكاتێكدا ڕابردوو بۆ ئەو شانۆی بنیاتناوە، كەچی ئێمە كە ڕابردوویەكی ئەوتۆمان نیە، شانۆ دەبەینەوە ناو ڕابردوو، ئەوە دژایەتیكردنی ڕابردوو نیە، بەڵكو دژایەتی لاسایكردنەوەی ڕابردووە وەك خۆی، شوناسی كوردی لە شانۆدا لەڕێگەی ئەو لاساییە نایەتە دی، شوناسی ئێمە لە شانۆدا بەرەنجامی نمایشە مۆزەخانەییەكان نیە، بەڵكو شوناس بەرەنجامی عەقڵ و تێڕوانینی هاوچەرخمانە لە شانۆدا، وەك ئەوەی شانۆ لە جیهاندا گەیشتۆتە كوێ؟ دەبێ لەو ئاستەوە كار بكەین، چونكە شانۆ لە بنەڕەتدا چەمكێكی خۆرئاواییە، تێگەیشتنی ڕەخنەییمان بۆ چەمكەكانی شوناس و كولتور و ڕەسەنایەتی وامان لێدەكەن ئەو چەمكانە ببەینە ناو سرووت. سرووتیش وەك پێگەیەكی ئەنترۆپۆلۆژی جەستە لە شانۆدا ببینین، ئەوەش هەمیشە پێویستی بە ئەزمون و مەشق و گەڕانی قووڵ هەیە، لەگەڵ كۆتایی هاتنی هەر قۆناغێك خەون و پرۆژەی قۆناغێكی نوێتر دەمانباتە سەر ئەزمونی جیاواز، ئەزمونێك لەوانی پێش خۆی نەچێت.وەك لە ئەزمونی (هاملیتی كەركوك) وویستمان ئەزموونەكە بەتەواوی هەڵگری ڕۆحی ئێمە بێت چ وەك ئیشكردنی كولتوری یاخود بیركردنەوەی هاوبەش لە ئەزمونێكی جەستەیی كە ئەزمونێك بێت هەڵگری ماناكانی جیاوازی بێت، ئێمە بەم ئەزمونە قۆناغێكی ئەزمونكاریمان بردە سەر كە تیایدا كۆمەڵە ئەزمونێكی جیاوازمان تیا بەرهەم هێنا ئەوانیش "پرۆڤەیەكی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ، خاچ، سەگ و دەف، زولێخا لەخەونی یوسفدا، هاملێتی كەركوك".

**تیپی شانۆی ئەزمونگەری كەركوك**



# پرسیارە ئەزموونگەریەکان لە ئەزموونی (هاملێتی کەرکوک)




**رائید حازم**
**پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوک**


(هاملێتی کەرکوک) ئەو ئەزموونە جوان و سەرکەوتووەی لە نمایشێکی شانۆیدا بینم و پێشتریش لە نمایشەکانی تری تیپی شانۆی ئەزموونگەری بە تایبەت ئەوەی قشلە (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ)، لە ڕاستیدا ئەزموونی نوێ بوون گوزارشتیان لەئاگاییەکی تۆکمە دەکرد بە ڕۆشنگەریەکی شانۆیی کە جیهانی نوێ لەبواری شانۆوە بەخۆیەوە دەیبینێت، گەشە سەندنێکی خوازراوە لەوەرگرتنی فکرەکان و ناکۆکیە دەرخراو و قورسەکانە کە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی هاوچەرخ، دەوری مرۆڤی هاوچەرخی داوە، ئێمەی شانۆکاران بە شێوازی فرەیی چارەسەری دەکەین، هەتا ئەگەر ئەو شێوازانە بەرجەستەکردنیان ئاڵۆز و سەختیش بێت، لەبەرئەوەی بینەری ئەمرۆ ئەو مرۆڤە ساکارە نیە، وەك مرۆڤی سەدەکانی ڕابردوو، چونکە ئەمرۆ بەهۆی گەشەسەندنی هونەرەکانی سینەما و تەلەڤزیۆن و میدیاکان و کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت ئەو مرۆڤە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وەك دەڵێن جیهان ئەمرۆ بۆ مرۆڤ گوندیکی بچووکە و دەتوانێت چاودێری هەموو ووردەکاری و گەورەیەکانی بکات. لە ئێمە و لە هونەرمەندانی شانۆکار داواکراوە شێوازە ڕازیکەرەکان کە لەگەڵ ئەو قۆناغە شیاوانە گەنجاو بێت، لەبەر ئەوەی ئاستی زیرەکی مرۆیی گەیشتۆتە باڵاترین پلە، وای لێهاتووە ڕازی نەبێت بەو نمایشە شانۆییانەی کە لە چاخەکانی ڕابردوو نمایش دەکران، ئەگەر بمانەوێت شانۆگەریەکی وەکو هاملێت پێشکەش بکەین پێویست بەوە دەکات وەك نمایشێکی نوێ لەسەر بنەمایەکی ئەزموونکاری گفتوگۆ بکەین بەتایبەت لەبارەی گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانە کە دەتوانرێ تێی بگەین، وەئاوێتەی بین بۆ ئەوەی لەداهاتوودا پێشوازی



لەو نمایشانە بکەین. ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ نمایشەکانی برای شانۆکار نیهاد جامی کە شانۆگەریەکی جوان دەوڵەمەند بە فکر و جولە و دەلالەت، بەکارهێنانی زۆر لە میکانیزمەکان لەوانەش جەستەی ئەکتەر بە پلەی یەکەم بۆگەیشتنی فکرەکان بۆ بینەر، بەڵام بە داخەوە هەژاربوو لە ووردبینی، ئیحای شانۆیی توانای گەیاندنی هەبوو لەو دەربڕینانەی کە دەرهێنەر دەیویست بگات بە وەرگر، لەبەر ئەوەی کاتێ بتەوێ نمایشێك پێشکەش بکەیت پێویستە بزانیت ئەو نمایشە بۆکێی پێشکەش دەکەیت؟ ئایا سەرکەوتوویت لە ڕاکێشانی بینەر بۆخۆت؟ ئایا ئەو بینەرەی دانیشتووە یا وەستاوە لە بەرامبەرت خاوەنی دیدگایەکی تەواوە لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی بەرچاوی ڕوو دەدەن؟ ئایا ئەو کارانەی بۆ ڕۆشن کراونەتەوە؟ یاخود نا؟ چارەسەرەکانی چین؟ ئەوەندەش بەس نیە بڵێین ئێمە دەمانەوێت هونەرێکی شانۆیی سەرکەوتوو ئاست بەرز پێشکەش بکەین، لەبەر ئەوەی مافی بینەرە، چونکە دەسبەرداری کارە ڕۆژانەییەکانی بووە و هاتووە بۆ سەیرکردنی شانۆ، ئەو لەوە تێدەگات ئەو بۆ لێرەیە؟ هاملێت کێیە؟ لەبەرچی ئەوە هاملێتی ئێمەیە؟ لەسەر ئەو شێوازەی کە ئەمرۆ نمایش کرا؟ ئایا شیاوە ئەو شێواز و ڕێسا شانۆییە نوێیە خوازراوەی لە خۆرئاوا هاتووە بۆ مرۆڤی ئەم وڵاتە؟ یا تەنیا بۆئەوان دەگونجێت؟ ئایا ئەو دیدگا دەرهێنانیە سەرکەووتوو دەبێت لە شوێنێکی وەکو شارەکەمان؟ ئەگەر ئەو بیرۆکانە بۆئێم ە ڕۆشن بکرێنەوە؟ ئایا ئەو ئەکتەرانەی ئەو نمایشەیان کرد لەو ئاستە ئاگاییە بوون کە پێشکەشیان کرد لە رۆڵەکانیان؟ ئایا ئەوانە داهێنەر بوون لە گەیاندنی دیدگای دەرهێنانی دەرهێنەر ئایا هەموو شتەکانیان گەیاندە ئێمە؟ ئەوە هەندێك لەو پرسیارانەن پێم وایە دەبوو ئەوە سەرەتایەك بێت بۆ نمایشێکی زیاد سادەتر و ئاسانتر بێت بۆ کۆمەڵێك نمایش، کە دەبوو پێشتر هەندێك ڕوونکردنە و تەفسیر بدەن لەڕووی سادەیی و قووڵی بۆ بینەری نمایشەکە لەبارەی ماهیەت و شوێنکاتی نمایش یا ڕووداوە شانۆییەکە، تاوەکو ئەو نمایشانە ببن بە سەرەتایەکی ڕاست بۆ نمایشەکانی داهاتوو، بینەر تیایدا هۆشیار بێت و چێژ وەرگرێت لەوەی دەیبینێت وە تەئویلکار بێت بۆ هەر موفرەدەیەکی نمایشی شانۆیی نوێ

*(هاملێتی کەرکوك) تازەترین ئەزموونی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك بوو لە ٢٠٠٧/٦/١٣ لەخانوویەکی قەڵای کەرکوك نمایشکرا، دارِشتنەوەی پانتایی (نیهاد جامی ) جەستەکان (دیدار مەجید، شکۆ عومەر، ئافریدە، فریاد ئەحمەد، کارگەر جەواد )

# شانۆیەکی ئەزموونگەری بۆ تیپی شانۆی ئەزموونگەری

**عەبدلرەزاق محەمەد**
**تیپی شانۆی قەلعە**

بۆئەوەی نەکەوینە نێو ئیشکالیەتەوە لە سەرەتادا دەبێت جیاکاری بکەین لەنێوان ڕەتکردنەوەو بەکارنەهێنان، چونکە گەروانەکەین ناتوانین لێی دەربچین، بەواتای ئایا ڕەتکردنەوە لەمەرجەکانی شانۆی ئەزموونگەرین؟ ئەگەر مۆسیقا و ڕوناکی و دەیالۆگمان ڕەت کردەوە ئایا دەچینە نێو خانەی شانۆکارانی ئەزموونکار؟ با کەمێك بۆ دواوە بگەڕێینەوە زۆر لە تیپ و گروپ و دەرهێنەر و تیۆریست هەوڵیاندا دەسبەرداری زۆر لەو لایەنانە بن، دەرهێنەری واهەبوو دەسەڵاتی نووسەریان ڕەت دەکردەوە یا دەقیان وەلادەنا، بەشێکی تر لە دەرهێنەران ڕوناکی و دیکۆر و مۆسیقا یان ڕەتکردەوە، بەڵام ئەوە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوانە ئەزموونکار بوون.

ئەزموونگەری دەست نیشانی شێوە یا ناوەڕۆك ناکات، بەڵکو هەنگاونانە بۆ تێکشکانی تەبا و سوونەتی، یاریکردنە لەگەڵ ناوەڕۆك و شێوەکان، دەبێت واقعی بێت یا خاوەنی جیهانێکی ڕوون دەبێت، بەڵام دەکرێ دەرهێنەر بەشێوەیەکیتر بیخاتە ڕوو، لە تێڕوانینێکی نوێوە خۆی یا گروپەکەی بیبینێت، تەبا بگۆڕێت بۆ ناتەبا، حەقیقەت بۆ خەون بگۆڕێت، ڕاستیەکان بۆ ناڕاستیەکان، بەڵام ئەوەیان پێناسەیەك نیە بۆ ئەزموونگەری.

ئەزموونگەری جیهانێکی نامۆ و گرنگ و مەزنە، ئەزموونگەری دۆخێکی نوێ نیە، تازەگەری ئەزموونگەریە، ئەگەر سەیری ژیانی کۆن و نوێ بکەین ئایا بۆ هونەر ناچینە ناو دەرگاکانی ئەزموونگەری و تازەگەری و هەوڵدانەکان، هەمووان ئیزافەکاریان بۆ شانۆ کردووە کە ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ جۆرێکی ئەزموونگەری، بەڵام ئەگەر بڵێین ئێمە دیکۆر و ڕوناکی و مۆسیقا ڕەتدەکەینەوە، ئایا ئەو ڕەتکردنەوەیە کاریگەری دەبێت یاخود هاوکاری تیپی شانۆی ئەزمونگەری دەکات بۆ خوڵقاندنی شانۆیەکی ئەزموونگەری تایبەت بەوان.

باشە دیکۆرمان ڕەتکردەوە، ئەلتەرناتیف چیە؟ دەڵێن شوێنە مێژوویەکان یا شوێنەوار ئەلتەرناتیڤە، زۆر چاکە، کەوابێ بۆچی دیکۆر ڕەتکرایەوە مادام پشکنین دەکەین بۆ شوێنی هونەری کە خاسیەتی نزیکی تیا بێت لە دیمەنی نزیك لەنمایش، ئەوەیان ناو دەنێم گۆڕینی شوێن، ئەگەر من دیکۆری نەگۆڕم گۆڕی بە دیکۆڕی گۆڕاو پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەگەر لەو گۆڕینە دیکۆرم لە حازر بەدەست لەلایان هونەرمەندێکی شێوەکارەوە گۆڕی بۆ شوێنێك وێکچوو بوو یا نزیك بوو لەنێوان ئەوەی دەمەوێ وێنەی بکێشم لەگەڵ ئەوەی بوونی هەیە.

خۆ ئەگەر هاتوو ڕووناکیمان ڕەتکردەوە ئەوە لێدانە لە خەیاڵ و لۆژیك و ناماقوولیەتە، چۆن دەتوانین نمایشێکی شانۆیی پێشکەش بکەین لە کاتژمێر هەشت یا نۆی شەو بەبێ بەکارهێنانی ڕووناکی، تەنها ئەگەر هاتوو مەبەست لەوە پێشکەش کردنی هەموو شانۆگەریەکان لە بەیانیان بێت، ڕوناکی لەئامادەکردنەوەی کونج و کەلەبەر و پەنجەرەکان بێت بۆ شوێنی نمایش، بەڵام لەبواری مۆسیقادا ئێمە وەکو شانۆکارانی عیراقی تائێستا بایەخێکی ڕاستەقینەمان بۆ مۆسیقا نەبووە، مۆسیقا دواینیانە کە بیری لێبکەینەوە، بەپێچەوانەی ئەو بەرهەمانەی لەسەرانسەری جیهان پێشکەش دەکرێن، مۆسیقا لای ئێمە بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، تیپێکمان نیە لەمەشقەکاندا لەگەڵمان بێت تاوەکو مۆسیقامان بۆ بنووسێتەوە، لە پەیوەندیەکی بەردەوام دابێت لەگەڵ دەرهێنەر، ئەوەی هەیە دەرهێنەر پارچەیەك لێرە دێنێ و ژەنینێك لەوێ بەم شێوەیە مۆسیقا هەڵدەبژێرێت، ئەم جۆرەش بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە.

دەیالۆگ ئەگەرچی لەسەرەتادا باسمان کرد، ئەوە مانای وانیە شانۆی ئەزموونگەری بریتی بێت لە بانتۆمایم و نابێت دەیالۆگی تیا بێت، ئایا دەچێتە عەقڵەوە تیپێکی ناپسپۆڕ بەم شێوەیە یا ئەوەتە ئەمڕۆ دەقێکی شانۆیی نمایش دەکات، بەیانیش شانۆگەریەکی بێدەنگ، ئەوە دەبێتە تێکەڵەیەك. قسەکە ئەوەیە ئەگەر ئەوانەمان ڕەتکردەوە ئاخۆ هاوکاریان دەکات بۆ بنیاتنانی شانۆیەکی ئەزموونگەری؟

شانۆی ئەزموونگەری تاکە عەقڵێك بەڕێوەی نابات، بەڵکو دەبێ چەندین عەقڵ لە بەڕێوەبردنی بەشداربن، بۆ جێگیرکردنی ئەو میتۆدەی لەسەری دەڕوات، بەڵام ئەگەر لەو قوتابخانەیە شتێکمان وەرگرت و تەوزیفمان کرد، لەقوتابخانەیەکی تریش دیدگایەکمان خواست و بیخەینە سەر شانۆگەریەکە، کارەساتەکە لێرەوە دەست پێدەکات کە پشتگیری لەو ئەزموونە بکات بۆ ئێمە.



بەواتای ئێمە هەوڵی کەسانی تر دەدزین و جل و بەرگێکی نەتەوەیی یا ئاینی وەبەر دەکەین، یان میتۆدێك یا زانیاریەك لێرەو لەوێ دەخوێنینەوە دواتر ئیزافەکاری بۆ دەکەین و بە زانیاری نا درووست و ناواقعی دەیگوازینەوە، ئێمە پێویستمان بە لابۆرگەلێك هەیە وە بە میتۆد و تویژینەوەو هەوڵی جدی بۆ گروپێك بەهەموو ئەندامەکانیەوە، لەپێناو چارەسەرکردنێك بۆ ئەو ئیشکالیەتەی کە لەبەرامبەری وەستاوین و ناوی شانۆی ئەزموونگەریە.

ئێمە بۆ خۆمان ئەزموونمان کرد لە چایخانە و لە شوێنە گشتیەکان و لەسەربان و لە گەراج بۆ ئەوەش بەڵگەمان هەیە، ئەوەش مانای وانیە ئێمە هەڵساوین بەکاری ئەزموونگەری، بەڵکو کاری شانۆیمان لەناوەوە گواستەوە بۆ دەرەوە، لە بیناسازی بۆ شوێنی نمایشی تیا بکەین (پانتایی دەرەکی) بەڵام ئەگەر خۆمان بە ئەزموونکار وەسف بکەین، پێویستە لەسەرمان بۆخۆمان شانۆیەکی نوێ بنیات بنێین جدی بین تیایدا لەکارکردن، مافی خۆشمانە ئەزموون بکەین لەهەموو قوتابخانە و میتۆدەکان، بەڵام پێویستە وێنەیەك بکێشین بۆ پلانێك یا ستایلێکی نوێ کە کاریگەری هەبێت، بەڵام پێویستە بەهای ئیستاتیکی و هونەری بخولقێنین لەگەڵ ئەو بنەمایانەی لەسەری دەڕۆین.

# شانۆکاری کەرکوک و یۆتۆپیای ڕابردوو

**نیهاد جامی**
**تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك**

ئەو باسە بەرەو کوێ دەمانبات؟ ئایا شەڕکردنە لەسەر ساتەوەختێکی هەنووکەیی؟ یا گەڕانەوەیە بەرەو یۆتۆپیاکانی ڕابردوو؟ ڕابردووی ئێمە لەکوێ دەست پێ دەکات و لە کوێ قۆناغێکی نوێ لەکاری شانۆییمان سەر هەڵ دەدات؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن هەوڵ دەدەین لەڕێگەی ئەو ووتارەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

بەڵام بەر لەوە پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت، پێناسێك بۆ چەمکی شانۆکاری کەرکوکی بکەین، ئەو شانۆکارە لەڕوانگەی ئێمەوە بەشێکە لە شانۆکاری کورد، لەبنەڕەتیشدا ئەو کائینە بریتیە لەهەر ئەکتەر و دەرهێنەر و ڕەخنەگرێك کە بەشداری لە گوتاری شانۆیی ئەو شارەدا دەکات، ئەو گوتارە پێویستی بە پرۆژەیەکی بەردەوام هەیە، بەڵام پرۆژەی بەردەوام لەلای ئێمە بۆ چەمکی شانۆکار بەهەند وەرناگیرێت، بەهۆی ئەوەی ئەوانەی لەڕابردوودا دەرکەوتوون و ئێستا بیانوو بۆ بەردەوام نەبوونیان دەدۆزنەوەو لەبۆنەکانیشدا ناویان هەر شانۆکارە، ئەوانە لەبری پرۆژەی بەردەوام لەناو یۆتۆپیای ڕابردوودا دەژین، ئێستا بەلایانەوە بەرهەمی ئەو یۆتۆپیاییە، یۆتۆپیایەك حیکایەتی مردنی ساتەوەختێکی زەمەنیە بەهۆی ئەوەی سەرەتاکانی کارکردن نەیتوانیووە زەمینە بۆ شانۆیەکی ئەزموونی بخولقێنێت، شانۆیەك خەمی گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەی هەبێت، بۆیە حیکایەتخوانەکانی ئەو یۆتۆپیایە ناتوانن لەناو زەمەنی نوێی شانۆکاری کەرکوك هەست بە زیندەگی بکەن، هەریەکەیان بەناوی گروپ و تیپی جیاوازەوە ڕووبەرێکی خەیاڵاویی بۆ ناو حیکایەتەکانی دروست کردووە، بێئەوەی توانای ئەوەیان هەبێت ئەو خەیاڵە بکەنە واقیع و کاربکەن، کەچی دەیانەوێ بەهەموو شێوەیەك دژایەتی زەمەنی ئەفراندنی شانۆکارە جدیەکان بکەن، ئەو شانۆکارانەی لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دوایی بەرەو پرۆژەیەکی شانۆیی چوونە کە پرۆژەیەکی جیاواز بێت لەوانی پێش خۆیان، هەروەك چۆن هەمیشە ئەزموونگەرەکانی شانۆ بریتی بوونە لە گەنجان دیسان شانۆکارە ئەزموونکارەکانی کەرکوکیش بریتین لە گەنجانی عاشقی شانۆ کە بەرەو پانتاییەکی جیاوازی کارکردن دەستیان پێکردووە. دیارە ئەوەی وەك پێویستیەکی ئەو دۆخە سەیری بکەین نووسین و تێکستی نووسراوە لەبارەی ئەو پرۆژە ئەزموونکاریەوە کە ئێمە لەڕابردوودا قوربانی ئەو دۆخە بووینە چ بۆ ئەزموونی شانۆییمان یا بۆ چۆنیەتی سەرەتاکانی کارکردنی شانۆکاری کەرکوکی، تەنانەت ئەوانەی لەناو یۆتۆپیاکانی ڕابردووش نووقم بوونە دواجار تێکستێکی نووسراویان نیە بۆ ئەوەی لەسەر چۆنیەتی کارکردن و گەشەسەندنی ئەو ڕابردووە ئاشنامان بکەن، ئەگەر تێکستی لەم شێوەیەمان هەبوایە ئەمرۆ باشتر دەمانتوانی ئەو تێکستە بخوێنینەوە و ئاستە لاواز و نووشست و سەرکەوتنەکانی لەو قۆناغەدا دەست نیشان بکەین، دواجار دەمانتوانی رابردووی پێ بێنینە دوان، بۆیە ئەوەی ئێستا بۆ ڕابردوو هەمانە تێکستێکی نووسراو نیە هێندەی حیکایەتی زارەکی ئەو کارەکتەرانەیە کە لەو ڕۆژگارەدا کاری شانۆییان ئەنجام داوە، بێئەوەی بزانین تاچەند توانیویانە هەستی جوانکاری بۆ شانۆ و کاریگەری لەسەر دوای خۆیان بەجێ بێلن کە ئەوەیان تاڕادەیەکی زۆر جێگەی گومانە، ئێمە نووسینێکمان نیە لەناو یۆتۆپیاکانی ڕابردوو پێمان بڵێت بنەما سەرەتایەکانی ئێمە لە ڕابردوو دەستی پێکردووە، بەڵکو ئەوەی هەمانە نوزەو هاوار و گلەیی دەنگی حیکایەتخوانە، دەنگێك سەرەتاکان بۆخۆی کورت دەکاتەوە، ئێستاش بە پەراوێزی خۆی دەزانێت، کە ئەوە جگە لە دیکتاتۆریەتێکی لە کاغەز دروست کراو زیاتر نیە کە باوکێك لە قاقووشی (کۆلارە) بۆ منداڵەکەی دروستی کردبێت، بەڵام منداڵەکە بە گاڵتەوە سەیری بکات و پێی بڵێ "جا ئەوە هەموو دەزووی دنیای پێوە یکەیت ناتوانێ بستێك بۆ ئاسمان بفڕێت" ڕابردووش لەبەرامبەر ئەزموونی شانۆیی نەوەی نوێ توانای کرانەوەو زیندەگی نیە، نەك لەبەر ئەوەی ئێمە ڕەتیان دەکەینەوە، بەڵکو ڕابردووەکە خۆی ئەوە نەبووە کە ئیشی لەسەر بکرێتەوە.

نووسینێکی کۆنمان بۆ نەماوەتەوە، ئاماژە بۆ سەرەتاکانی ئەزموونگەری لە شانۆی کەرکوك بکات، بەڵکو هەر قسەکردنێك لەو مێژووە نەچۆتە ناو پڕۆسەی نووسینەوە، هێندەی لەئاستی قسەکردن دەربازی نەبووە، ئەوانەش توانای سەرچاوەی ڕەگ و ڕیشەییان نیە، چونکە دواجار نەبوونەتە تێکست بۆ خوێندنەوە. هەر کاتێ تێکستێکمان نەبوو تابمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاکان و چۆنیەتی ئەزموون و ئاستی شانۆکەمان، مانای وایە ئێمە لە ڕابردوودا خاوەنی ئاگاییەکی شانۆیی نین، بەڵکو ئاشنابوونی ئێمە بە شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ نمایشکردنی چیرۆکی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان لە بەرگێکی

پێکەنیناویدا. ئەوە سـڕینەوەی هەوڵی کەسانی بەر لەخۆمان نیە، هێندەی دۆزینەوەی ئاستی پێشڤەچوونی شانۆکەمانە، دیارە گەر پەنجاکان سـەرەتای ئاشنابوونی کەرکوك بێت بە شانۆ، ئەوا نەنگی و خەوشی تیا نیە کە ئێمە درەنگ شانۆی ئەزموونگەری بناسین، حەفتاکان بۆ ئێمە سەرەتای شانۆی ئەزمووونی نەبووە، بەڵکو لە دایکبوون و گەشەسەندنی شانۆ بووە، بەتایبەتـی بەدوای تۆمارکردنی شـانۆگەریەکان بۆ تەلەڤزیۆن، ئەوەی بۆتە هۆی دەرکەوتنی ئەو بەرهەمانە ئەوە نمایشکردنیان نەبووە وەك كارێكی شانۆیی، بەڵکو دەرکەوتنیان بووە وەك بەرهەمی تەلەڤزیۆنی.

هەموو ئەو شانۆکارانەی کە عەشقی شانۆ لەلایان گەورەتر بووە لەئارەزووی ناسـین لە شاشەی تەلەڤزیۆن، ناچار بوونە بەدوای شـانۆی جدی بگەڕێن، ئەوەشیان لە کەرکوك دەست نەکەووتوە، بۆیە بە ناچاریش بێت شارەکەیان بەجێ هێشتووە، ڕوویان کردۆتە شـارەکانیتر. لەوێ توانیویانە وەك ئەکتەر و دەرهێنەر لە دیارترین هەوڵەکانی شانۆی کوردی ئەو سەردەمە دیـار بن، بەتایبـەت ڕۆڵ و جێپەنجەیان لـە تیپی نواندنی سلێمانی.

بەجێ هێشتنی شانۆکاران لەلایەك و لەلایەکیتریش لەگەڵ کۆتایی دەیـەی هەفتاکان بەعس بە بەرنامـە داڕێژراوی کاری بـۆ ڕێگەگرتن کردووە لەهەوڵی شـانۆکارانی جدی، ئەوە لەکاتێکدا لە شـارەکانیتر دەرفەتی ئەوەی بۆ شانۆکاران کردەوە کە ڤیسـتڤاڵی شانۆیی سـاڵانە ساز بکەن، هەمیشە شانۆکارانی کەرکوك لەدەرەوەی سەرجەم هاوکێشە شانۆییەکان بوونە، بۆیە شـانۆ لە کەرکوك لەو کاتەدا لەگەڵ کۆنترۆڵ کردنی لەلایـان دامەزراوی وەك نەقابـەی هونەرمەندانەوە، بەڵام شـانۆی کوردی لەو شـارەدا دراوەتەوە دەست گروپی ئاست نزم، بەهۆی ئەوەی شانۆکارە جدیەکان لەو ڕۆژگارەدا گۆڕەپانەکەیان بەتەواوی چۆل کردووە، بۆیە بەناوی شانۆی کۆمیدی نمایشـی ئاست نزم بەرهەم هاتووە، دیارە ئەوەش بۆ کەمکردنەوە نیە لە ڕۆڵی گروپە شـانۆییەکان، کە هەمیشە ویستویانە شەڕی مانەوەی شانۆی کوردی لە کەرکوك بکەن، ئەوەی ئەمرۆ لەو قۆناغە نوێیەی ئەم شـارە بەرهەم هاتووە، خاڵی نیە لە هەوڵی ئەوانەی بەردەوام بوونە لەسـەر کارکردن بـە کوردی و زەمینەیەکـی پتەویان بۆ ئەمـڕۆ بنیاتناوە، بەڵام بەداخەوە زەمینەیەکە خاوەنی ئاگاییەکی شانۆیی نیە، چونکە بوونی چەند نەتەوەیەك لەم شـارەدا وایکردووە، شانۆ لە کەرکوك بریتی بێت لە شانۆی کوردی و شانۆی عەرەبی و شـانۆی تورکمانی، ئەگەرچی هەریەك لەو ناونانە هەڵەی گەورەبن، بەڵام هەڕەشەی سڕینەوەی نەتەوە لەلایان دەوڵەتەوە،



وایکردووە ئامادەبوونی نەتەوە وەك چەکی مانەوە سەیر بکرێت. کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی بەعس هاتنی قۆناغێکی نوێ بوو لە شانۆی کەرکوك، دابڕان بوو لەتەك قۆناغی پێشوو، بەوەی ئیدی گرفتی مانەوەی زمان و پارێزگاریکردن لە کێشە کولتوریەکان بەتەنیا لە ئەستۆی شانۆدا نیە، دەکرێ شانۆ ئەو ئەرکە بدات بە دەزگا کولتوری و فەرهەنگیەکانی ترەوە، بەڵام نەبوونی ئاسۆیەکی رۆشنبیری شانۆیی تا ئەو ساتەوەختەش توانای قبووڵ کردنی ئەو تێگەیشتنەی نیە، ئاخر چۆن دەتوانین داوا لە شانۆکاران بکەین با واز لە کێشەکانی کوردبوون لە شانۆدا بێنن، لەکاتێکدا ڕاستەوخۆ باس لەوە دەکەن کە توند و تیژیی ئامادەیی هەیە و ڕۆژانە تەقینەوەکان بەرۆکمان دەگرن. ئەوەش مانای وایە بەدرێژایی مێژووی کارکردنی کەسی شانۆکار لەو شارەدا نەیتوانیووە شانۆ وەك دامەزراوێکی کولتوری و مەعریفی سەیر بکات، بەڵکو شانۆ ڕووبەرێك بووە بە مەبەستی کات بردنە سەر و خۆ بەتاڵکردنەوە لە هەستە چەپێنراوەکانی، بۆیە هەمیشە ویستویانە شانۆ وێنەیەکی کۆپی کراوی ناو ژیانی ڕۆژانە بێت، گرنگی بەوەش نەدراوە کە ئاستی هونەری و تەکنیکی شانۆیی نەك هەر لاوازبووە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی بینەر لەبەردەم کۆمەڵێك نوکتە و ئامۆژگاری ء وەعز بووە، بۆیە لەو قۆناغە نوێیە شانۆکاری ئەم شارە ناتوانێ دابڕان لەتەك ڕابردوو درووست بکات، چونکە توانای خوڵقاندنی ئەزموونی نوێ و بەگژداچوونەوەی نیە لەتەك چێژی بۆ ژیان، ڕووخانی پەیکەرەکانی تەمەنی درێژترین و خوێناویترین دیکتاتۆر بەچاوی خۆی دەبینێت، بەڵام ناتوانێ ڕووخانی پەیکەرە مت بووەکانی عەقڵی خۆی قبووڵ بکات.

ئەوە بینەر نیە نایەوێ بگۆڕێت، بەڵکو ئەوە شانۆکارانن توانای قبووڵ کردنی تازەگەریان نیە، چونکە گومان کردن لە رابردوو پێویستی بە تێرامان و خوێندنەوە و پرسیارە، پرسیار لەوەی ڕابردووی ئێمە چی بووە؟ ئێمە لە ڕابردوودا چیمان کردووە؟ گومان نەکردن لەو ڕابردووە مانای مانەوەمانە لەناو خاڵی سفر، ئەوەش بە شانۆکاری ئەزموونکار قبووڵ ناکرێت، تەنیا ئەوانە قبووڵیانە کە بە پیشە شانۆکاریان بۆ ماوەتەوە، دەساڵ جارێکیش لە کارێکی شانۆیی دەرناکەون، بۆیە ئەو واقیعە مردووەی شانۆیان قبووڵە، قبووڵیانە شانۆکەیان مردوو بێت، ئەوان لە یادەکاندا لە ڕیزی یەکەمی هۆڵەکان دابنیشن و ناویان شانۆکار بێت و بەسەروەری باس لە حەفتاکان بکەن، بێئەوەی بزانن ئەوان ئێستا لە سەدەی بیست و یەکدا دەژین، بوونی ئەوان واتای چی دەگەیەنێت؟ شوناسی بوون وابەستە نیە بە ڕابردوو، بەڵکو شوناس توانای ئەوەی نیە بەتەنیا ڕابردوو بەرهەم هێنەری بێت، شوناس خەسڵەتێکی گومانای هەیە، خەسڵەتێك پرسیاری ئەوە ئاراستەی شانۆکار دەکات، کە ڕابردوو چ کاریگەریەکی لەسەر هەوڵەکانی هەنووکە بەجێ هێشتووە، کاتێ توانای هیچ کاریگەریەکی نەبووە، مانای وایە ڕابردووی ئێمە لەشانۆدا ئاشنابوون بووە بەو هونەرە، نەك ئەزمونکردن لە شانۆدا.

زەوتکردنی شوناس دەلالەت نیە بۆ شوناسی شانۆ، بەڵکو زەوتکردن لەناو دەلالەتی کۆمەڵایەتی دەربازی نەبووە، چونکە شوناس لەناو چەمکە مەعریفیەکەی لە شانۆدا بەکارمان نەهێناوە، کەوتنە خوارەوەی پەیکەری جەللاد دەبێ ئاشنابوون بێت بە مەعریفە، بەوەی شانۆ لە هەستی چەپێنراو بگوازینەوە بۆ پرۆسەیەکی مەعریفی، چیدی دەسەڵاتێك نیە ببێت بە بەربەست لەبەردەم شانۆی ئێمەدا، بەڵام ئەو دۆخە نوێیە بۆ نەیتوانی شانۆ ئازاد بکات؟ ئازادبوون گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە دانسقەکان و هێنانی ئەزمونکارانی شانۆ، ئاشنابوونمانە بە تیۆرە نوێیەکانی شانۆ، ئەوەش پێویستی بە پرۆژەیەکی شانۆیی هەبوو، پرۆژەیەك دەبوو لە تیپێکی ئەزموونکاری کاری بۆ بکرێت، ئەوە لە کاتێکدا یۆتۆپیاکانی ڕابردوو پاك نەکرابوونەوە لەو هەموو دەمامکەی بەناوی تیپی شانۆیی هەبوو، ئەوە سەرەڕای کردنەوەی دوو پەیماگای هونەرە جوانەکان، جارێ با پرسیاری ئەوە بکەین کە بۆچی کردنەوەی دوو پەیمانگا نەیتوانی دابڕان لەتەك ئەو ڕابردووە





درووست بکات؟ بۆ دەبێت ئەوە بەرنامەی تیپێکی شانۆیی بێت و پەیمانگا ئەو کارە لە ئەستۆ نەگرێت؟

پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەیتوانی پڕۆژەی گۆڕان لە شانۆدا لەئەستۆ بگرێت، بەو پێیەی پەیمانگا بەرپرسە لەوەی بەپێی بەرنامەیەکی ئەکادیمی خوێندکار پێ ڕابگەیەنێت، بەڵام وابەستەبوونی ڕاستەوخۆی پەیمانگا بە حزبەوە، ئەو ناوەندەی کرد بە ئۆرگانێکی تری حزب، حزب کادیرەکانی خۆی بردە پێشەوە، بەو کارەش بەشێکی گەورەی پڕۆژە و خەونەکانی کوشت، چونکە ئەو شوێنەی کرد بە ڕووبەرێك بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵات و کۆنترۆڵ کردنی پەیوەندیەکان و سزا بەخشین بە هەر خوێندکارێك کە لەدەرەوەی ئەو سیستەمەوە بێت، لەپاڵ ئەوە ئەو سیستەمە تا ئەو ساتەوەختەش نەیتوانیووە مەعریفە بەرهەم بێنێت، چونکە کادیرەکانی توانای ئەوەیان نیە، بەڵکو مامۆستاکانیش وەکو خوێندکارەکان پێویستیان بە شارەزا و پسپۆرە کە مەعریفەی شانۆییان پێ بڵێت.

ئەو دۆخە ترسناکە بووە هۆی ئەوەی پەیمانگا نەتوانێ ووزە شاراوەکان بتەقێنێتەوە، بەڵکو زۆربەی ووزەکانی کوشت، بەهۆی ئەوەی لەخەمی شانۆییەوە گۆڕییانی بۆ خەمی خوێندن، ئاستی لاوازی بەرهەمی مامۆستاکان گرفتێکیترە، بەهۆی ئەوەی ئەوان نەیانتوانی چێژێکی جیاواز بۆ شانۆ لای نەوەی نوێ دروست بکەن، پەیمانگا تا ئێستاش توانای ئەوەی نیە خوێندکار بە سەرەتاکانی شانۆ ئاشنا بکات، ئەوەی هەیە مەعریفەیەکی زۆر کۆن و تۆز لێنیشتووی باوە، مامۆستاکان جورئەتی ئەوە ناکەن چەند بەرهەمێکی کلاسیکی بۆ خوێندکاران دەربهێنن، چونکە مامۆستاکان جارێ خۆیان خەون بەوە دەبینن وەك ئەکتەر لەو بەرهەمانە دەربکەون، بۆیە ئەو دامەزراوە خۆی دایەوە دەست نائامادەیی ڕۆشنبیری ئەو عەقڵەی نەیتوانیووە لەپەراوێزی بیرنەکردنەوە لە شانۆ و بیرکردنەوە لە سیاسەت ڕزگاری بێت، ئەوە وایکرد خوێندکاران ئەوانەی عەشقی شانۆیان تیایە، خۆیان لەناو گروپە شانۆییەکان ببینەوە، کە کاریگەریان بەسەر هەوڵی مامۆستاکانیان هەبێت، بەو پێیەی پییان بڵێن کە ئەوان خاوەنی توانان، ئەوەش وایکردووە مامۆستاکان کاتێك پرۆڤە لەبەرهەمێك بکەن پەنا دەبەنە بەر ئەو خوێندکارانەی لە تیپەکان وەك ئەکتەر دەرکەوتوون.

پەیمانگا لەبری ئەوەی شانۆکار بۆ تیپەکان ئامادە بکات، بەپێچەوانەوە دەبینین ئەو گەنجانەی جێی خۆیان دەکەنەوە و بوونی خۆیان دەسەلمێنن، ئەوسا دەبنە جێگەی سەرنجی مامۆستاکانیان، مامۆستاکانی پەیمانگاش بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ خوێندکارەکان ماندوو نەکەن، یان ڕاستر بڵێین ناتوانن تواناکانیان دەربخەن، پەنا دەبەنە بەر ئەوانەی لە تیپەکان و دەرهێنەری تیپەکان تواناایان ئاشکرا کردوون، ئەوە پەیمانگا نیە توانای نەوەی نوێ کەشف دەکات، بەڵکو ئەوە شانۆکارانی دەرەوەی ئەو دامەزراوەن، وەك چۆن کاریگەری گروپێکی شانۆیی سەربەخۆ گەلێك لە کاریگەری پەیمانگا زیاترە، ئەوەش سەلماندنی ئەو نهێنیە ساکارەیە کە پێمان دەڵێت ئەو پەیمانگایە نەیتوانی بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئەگەرچی چەند ئەزموونێکی لاوانی شانۆ لەم شارەدا توانیان ئومێدێك دروست بکەن بۆ گۆڕان لە عەقلیەتی باوی شانۆییمان، بەڵام نەبوونی گوتارێکی ڕەخنەیی ئەو ئەزموونانەی لەشوێنی خۆیدا هێشتەوە، ئەوە جگە لەوەی هەر هەوڵێکی سەرەتایی درابێت لەناو نائامادەبوونی ئاگاییەکی شانۆییەوە بووە، ئەوەش هەستکردن بووە بە کەلێنی ئەو قۆناغەی نەیتوانی گۆڕان بخوڵقێنێت، بۆیە بیرکردنەوە لە دامەزراندنی گروپێکی ئەزموونکاری یەکێك بوو لە پێداویستیەکانی ئەو قۆناغە، بە لە دایکبوونی (تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك) ئەو خەونەمان هێنایە دی، بۆئێمەی ئەندامانی ئەو تیپە بەر لەهەر شتێك زەمینەیەکە بۆئەوەی بتوانین ڕێکخەرێك بۆ ئەزموونەکان بنیات بنێین، دیارە بەر لە ئێمە چەندین هەوڵی ئەزموونی لەو قۆناغە دەرکەوتوون، بەڵام نەبوونی ئاگایی و خوێندنەوەو ئامادە نەبوونی ڕێکخەر نەیهێشتووە ئەزموونەکان درێژ ببنەوە بۆ پڕۆژەی شانۆی ئەزموونگەریمان.

ئەمڕۆ ئێمە ئاسودەیی نادەینە خۆمان بەوەی ئێمە ئەزموونکارین، بەڵکو هەمیشە بە چاوی گومانەوە سەیری ئەزموونەکان دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین لە گەڕان و پرسیار و دۆزینەوە و گومان، ئێمە لەچی ئەزموونکارین؟ ئەوە ئەوپرسیارەیە هەمیشە ئاراستەی خۆمانی دەکەین، ئەزموون بۆ ئێمە هەر لەسەرەتاوە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی ووشە بوو، ووتمان هەموو شتێك بۆ جولەیە، سەرەنجام ئێمە بەرهەم هێنەری ئەزموونی جەستەیین، بەپێی خاسیەت و تایبەتمەندی شانۆی ئەزموونگەری، بە پاڵپشتی ئەزموون و لابۆرە شانۆییەکانی جیهان، ئەوە پڕۆژەیەکی سەخت بوو، بەڵام پڕۆژەیەك سووربوون و کارکردنی بەردەوامی کردوویەتی بە واقیع، کارکردنمان لەهەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی توانای خوڵقاندنی ئاگاییەکی شانۆیی بۆ خۆمان بنیاتنا، بۆ بینەرانیشمان ئاگاییەکی جوانکاری خوڵقاندووە، بەوەی پەیوەندی نێوان (هۆڵ) و (تەختەی شانۆ) مان گۆڕی، ئەزموونگەری بۆ ئێمە هاتنە دەرەوە بوو لەبیناسازی شانۆ، ڕووکردنە شوێنەوار و ژوور و ڕووبەری کراوە

و خانووی کۆن، کە لەبیناســـازیەکی نێو ژیان بیگۆڕین بۆ شوێنێکی شانۆیی، ئەو شوێنە کە ڕۆژگارێك ژیانی تیا بووە ئێستا جگە لە پاشماوەیەکی کۆن هیچی ئەوتۆی تیا نەماوە، ئێمە یادەوەری شوێن دەگۆڕین بۆ پانتایی شـــانۆ، ئەو تێڕوانینە ئەزموونگەریە نووسینەوەیەکی نوێیە لە پرۆسەی نمایشی شانۆییدا، بەو پێیەی ئێمە نووسینی دەقمان لە کاغەزەوە گۆڕی بۆ جولە، دەقی شانۆیی بە قەڵەم و کاغەز نانووسینەوە، دەق لە بۆشـــایی و بەجەستەی ئەکتەر لەکاتی پرۆڤە دەنووســـرێتەوە. بینەر لەو هاوکێشە ئەزموونکاریەدا بەشێکە لەتەك جەستەی ئەکتەر، هەر بۆیە تاکۆتایی کورسیەکی دەست ناکەوێ لەسەری دانیشێ، بەڵکو جەستەی بینەر و جەستەی ئەکتەر ئاوێتەی یەکتر دەبن و ریتوالی شانۆ پێك دێنن.

لێرەدا دەنگی حیکایەت دێتە ناو رووبەری قســـەکردن لە شـــانۆ، بەتایبەت ئەوانەی هەست دەکەن ئەمرۆ هەموو هەوڵە ئەزموونیەکانی شـــانۆ لەم شارەدا بریتیە لە شانۆکارانی کورد، بۆیە شەڕی کولتوری خۆیان لەتەك ئێمە بە هەڵچوونە ســـایکۆلۆژیەکانیان دەردەبڕن، نەك هەر هێندەش بەڵکودەیانەوێ پێمان بڵێن ئەوان بەر لە ئێمە هەوڵ و گروپی ئەزموونیان هەبووە لەشارەکەدا، رۆحی حیکایەت لەناو ئەواندا هێندە چالاکانە کار دەکات تا دەگاتە ئەوەی بڵێن هەموو ئەوانەی ئێوە ئەمرۆ ئەنجامی دەدەن ئێمە لە ڕابردوودا ئەنجامبمان داوە، ڕابـــردوو بۆ ئەوان حیکایەتێکە پڕە لە کارەکتەری یۆتۆپـــی کە تەنها لەخەیاڵی خۆیان حیکایەتەکە بوونی هەیە، ڕابردوو هەموو شـــانۆکارەکانی نەوەی کـــۆن کۆدەکاتەوە، لەبەرامبەر ئەو نەوە نوێیە گرفتی نەتەوەییان نامێنێ بەڵکو گرفتی ئەوان ململانێیە لەتەك ئەو نەوە نوێیەی شـــانۆ، کە ململانێ ناتوانێ بە قسەکردن بەردەوام بێت، ململانێ دەبێ لەئەنجامی کارکردنەوە بێت، بەڵام نەوەی حیکایەت تەنیا خەریکی گێڕانەوەی حیکایەتە وەهمیەکانە، ئەوانەی رۆژێك بەناوی شانۆی کوردیەوە لەڕابردوودا کاریان کردووە ئەوە نازانن چوونە پاڵ شانۆکارەکانی نەتەوەکانیتر شەرکردن نیە لەتەك نەوەی نوێ، چونکە ئەو شەڕەی ئەوان لە کۆڵان و چایخانەکان و ژووری محازەرەکان و پەنا دیوار و ناو بارەگای حزب و ڕاپۆرتە جاسوسیەکان وەك فســـکە فسك لەسەر ئێمە دەکرێت، شەڕێکی کولتوری نەتەوە غەیرە کوردەکانە بە ئێمە دەفرۆشرێت، بەڵام ئێمە دەزانین ئەوان پێویستیان بە قسەکردنە، وەك چۆن ئێمە هەمیشە پێویستمان بە کارکردنە، بەڵام پرسیاری ئەوەیان لێ دەکەین: ئەگەر ئەوان لە هەشتاکان بەم شێوەیەی ئێستای ئێمە کاریان کردووە، ئەی بۆچی تەنیا لەئاستی قسەکردن و گێڕانەوەی حیکایەتەکانی خۆیان مایەوە، بۆ نەبوون بە کتێب و نووسین، خۆ ئەوان وەك شانۆکارانی کورد لەشارەکەدا گرفتی زمانیان نەبووە، ئەوان بەهۆی عەرەبی بوونیان یا بەهۆی کارکردنیان بە زمانی عەرەبی دەیانتوانی خۆیان وەك شانۆی عیراقی پێناس بکەن، ئەی بۆ دەرنەکەوتن؟ کارەساتەکە لەوەدایە ئەو قسانەیان تەنها درۆیەکی منالانە بێت بۆ دەستەواژەی "ئێمە هەین. ئەزموونەکانی ئێوە کۆنن" ئەگەر ئەوان لەو رۆژگارە بەو شێوەیە کاریان کردبێت، بۆچی نەیانتوانی کاریگەری لەدوای خۆیان بەجێ بێلن؟ ئەی ئەمرۆ بۆچی بوونە بە کاســـێتێکی تۆمارکراو ڕۆژانـــە حیکایەتی ڕابردوو لێ دەدەنەوە؟ ئەو پرســـیارە پێویســـتی بە گومان کردن نیە، هێندەی لابردنی دەمامکی ساختەی کولتوریە کە بە دژی هەر هەوڵێکی شانۆیی شانۆکارانی کورد لە شارەکەدا بووەستنەوە، لەو نێوەندە پاشماوەی حیکایەتە کوردیەکانیش خزمـەتێکی باش بە یۆتۆپیاکانی ڕابردووی نەتەوەکانی عەرەب و تورکمان دەکەن، بەڵام ئاخۆ ئەو شـــەڕە کولتوریە توانای ئەوەی هەیە شەپۆڵی ئەزمونکاری شانۆکارانی لاو ڕابگرێت؟ ئایا یۆتۆپیاکانی ڕابردوو تاچەند توانای هاتنە ناوەوەی ئەزموونەکانی ئەمرۆی هەیە؟ دیارە ئەو شەپۆڵە ئەزمونکاریەی شانۆکاران کە شەپۆلی بێدەنگیەکی گەورەی شانۆکاری کورد بوو، بەڵام زۆر بەجدی لە کەرکوك دەستی پێکردووە و کە بە دڵنیاییەوە کاریگەری بەسەر نەخشەی بزووتنەوەی شانۆی کوردی دەبێت، بۆیە نە شەڕی کولتوری و نە یۆتۆپیاکانی ڕابردوو توانای ئەوەیان نیە ئەو شـــەپۆڵە ئەزموونگەرییە ســـست بکەنەوە، چونکە لەناو رۆحی شانۆوە سەری هەڵداوە. بە گێڕەرەوەکانی حیکایەت تووشی هیچ سستیەك نابێت.

# تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک شتی نوێ و نائاسایی پێشکەش دەکەن





**مەریوان زەنگەنە**
**تیپی شانۆی سێکانی**

ئـەوەی کە لەم تیپەدا دڵخوشـکەرە لای من، خۆی لە دوو خاڵی سـەرەکیدا ئەبینێتەوە، یەکەمیان دەرچوون بە ئاسـایی و سـاکاری، دووەمیان ئەم کۆمەڵە گەنجـە خوێن گەرمەی لە خـۆی کۆکردووەتەوە، بەڵام کورد ئەڵێ هەموو شـتێك بە خوێ و خوێش بە مانا و ئەندازە، ڕاسـتە تیپی ئەزموونگەری یەکێکە لە تیپە ئەکتیڤ و فرە ئەزموونەکانی شاری کەرکوك، بەڵام ئەبێ جیاوازی نێـوان ئەزموون و ئەزموونگەری ڕەچاو بکرێ، ئەزموونگەری واتا گەڕان و تاقیکردنەوەی زانسـتی بەردەوام، گەر من لە ستایل و لە ڕادەیەکدا وەستام ئەوا ناتوانم بڵێم من ئەزموونکارم. ئەبێ نەخشـە و پلان بۆ هەنگاوەکانی زیاتر بە شـێوەیەکی زانسـتی بێت و توێژینـەوەی بۆ بکرێت بـە پێی بـارودۆخ و بینەر. ڕەنگە ئەمـەش جیاوازی من و تیپی ئەزموونگەری بێت، ڕاستە شتی نوێ و نائاسایی بەپێی شـانۆی شاری کەرکوك پێشـکەش دەکەن، بەڵام دەبێ من لە کۆتایی و لە ئەنجامدا بزانم هەنگاوم تا کوێ گەیشـتووە و لە چ قۆناغێکدایە لە پلانەکەم گەر دامڕشتبێت. گەر بێت وباسی جەستە بکەین ئەوا ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ فەردی هەستی بینین، کاری نیگا وەرگرتن لەڕێی چاوەوە. بەپێی زانست چاو یەکێکە لە گرنگترین و دەقیقترین ئامێری وەرگرتن و هەست لە ڕێژەی وەرگرتنی زانستی و وەرگێڕانی.

چـۆن مـرۆڤ ئەتوانێ چەند وێنە و ڕەنـگ و ڕەگەزێك لە بەشـێکی چرکەیەکـدا وەرگرێت و شـیتاڵی بکاتەوە بووە بیگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوەکانی و کاریگەری و دووری و نزیکی و ساردی و گەرمی و سیفاتی و قەبارەی ئەو مفرەدەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو هەستەکان زیاتر کێشە دروست دەکات بۆ مرۆڤ لە ئاڵۆزکردن و (تەشـویش) کردنی هزر، جا بۆیە ئەبێت زۆر بە وورپاییەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنی بینیندا بکرێ لە کاتی نمایشدا.

لەلایەکی ترەوە ئەبینین زۆربەی لالش* و تازەگەریخوازەکانی جیهان بایەخ بە جەسـتە و بینراو ئەدەن، بەڵام ئەوان پاش چەند ئەزموونێکی زۆری سەد ساڵە و هەزار ساڵە، لەلایەن شانۆکار و (مونەزیر) وبینەریشـەوە گەیشـتونەتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ بەدی ئەکرێت لە کارەکانیاندا. گەر بێتوو ئێمە بمانەوێ لاسایی ئەوان بکەینەوە و دووبارە بوونەوەیان بین، کارێکی ئاسانە ئەتوانم لە ڕێی بینینی (سـی دی) یاخود تیۆریـە ئامادەکراوەکانی ئەزموونەکانیانەوە لاساییان بکەمەوە، بەڵام ئەمە چ سوودێکی گەیانـد بە من وەك هونەرمەند و نوێخواز، ئایا لێرەدا بینەر لە کوێیـە؟ ئایا ڕۆڵی من لە کوێدایە لەم ئەزموونەدا؟ ئەمە ئەوە ناگەیەنێـت کە نابێت ئەزموون بکەم و هـەر ئەو قەوانە کۆنە دووبارە بکەمەوە وەك چەند نوێخوازێك ناوی لێدەنێن، هەرچەند سـاویش بێت، بەڵام لەنێوان قەوانە کۆنەکـە و قەوانە تازەکە کەلێنێك هەیە ئەبێ بیدۆزمەوە و پڕی بکەمەوە.

ڕاستە هونەرمەندی داهێنەر ئەبێ جیاواز بێت و شتێکی نوێ پێشـکەش بکات. بەڵام ئایا هەموو جیـاوازی و نوێگەرییەك خزمـەت ئەگەیەنێت بە ڕەوتـی شـانۆ و ئەزموونی ئێمە؟ لەکاتێکدا من یەکێك لە ڕەگەزە سـەرەکییەکانی شـانۆم وون کردووە کە شـانۆ بێ ئەو نابێت ئەویش (بینەر)ە، کە بەداخەوە ئێمەی شانۆکار بەرپرسی یەکەمین لە نەمان و تۆرانی بینەر لە

شانۆ، کێشەکە لەوەدا ئەبینم کە چارەسەری ناوەندی (حەل وەسەت) نییە. بۆنمونە شانۆکار هەیە مەبەستی تەنها ڕێژەی بینەرە بابەتەکانیشی کە پێشکەشی دەکرد سواون و بینەری ئەمڕۆش ڕاستی و ئازادی و دیموکراسی و ئەم قسە زەرد و سوورانەی لا ئاشکرایە، بۆیە ناتوانن جارێکی تر هەستی بینەر بزوێنن و بیخەنە گریان لە ژێر هەر ناوونیشانێك بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمان هەر سوورن لەسەر ستایل و بۆچوونی خۆیان، لەملاشەوە دێین بەناوی تازەگەری و جیاوازییەوە کارێك پێشکەش دەکەین کە قورس بێت لەسەر هزری بینەر و ئاستی ڕۆشنبیری، کە جارێکی تر بینەر ئەتۆرێنێ،جا ئەبێ ئێمە چی بکەین تا شانۆ ئەرکی سەر شانی خۆی بە جێبهێنێت؟

بە بۆچوونی من وای ئەبینم کە هەموو شانۆکارانی کەرکوك بەر لە هەموو شتێك ئەم پرسیارانە لە خۆیان بکەن"لەبەرچی لە شانۆ کار ئەکەم؟ئامانجم چییە؟ ڕۆڵی من وەك هونەرمەند چییە؟ڕۆڵی بینەر چییە؟" کە وەڵامی ئەم پرسیارانەم دایەوە، ئاستی بینەر دیاری ئەکەم و ئەو کات ئەتوانم ستایلی تایبەت بەخۆم یاخود ستراتیژیەتی تیپ و گروپەکەم دەستنیشان بکەم و دەست بەکاربم .لە هەموو ئەزموونێکیشدا بوەستم و ئاوڕ لە دواوە بدەمەوە و سەیری داهاتوو بکەم تاکو ووردبین بم لە کارەکەمدا، ئەو کات بۆم هەیە لە ستایلە جیاوازەکاندا کار بکەم تاکو ئەگەم بە قەناعەتێك کە کام ستایل شیاوە بۆ من و گروپ و بینەرەکەم. بایەخدان بە ووشە مەرج نییە گەر من بتوانم لە ڕێی جەستەوە بەرجەستە بکەم بەمەرجێ ئەو بەرجەستە کردنە تەنها لە هزری من و گروپەکەمدا نەبێت، بەڵکو بتوانم بیگوازمەوە بۆ هزر و فکری بینەر.

خاڵێکی گرنگ کە ئەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم ئێمە لە جیاتی بەردە بارانکردنی پەنجەرەی تیپەکانی تر با تەبا بین و هاوکاری یەکتر بکەین، وابزانم شانۆکار بەکارەکەیەوە بناسرێ چاکترە وەك لە تەسریحات و قسە و قسەڵۆك،گەر ڕەخنەکانیش زانستیانە بێت. دوا ووتەشم هیوای سەرکەوتن بۆ تیپی ئەزموونگەری دەخوازم. گرنگ ئەوەیە کۆڵ نەدەن و بەردەوام لە ئەزموونداین.

*** دیارە مەبەستی نووسەر لە لابۆرە نەك لالش، لالش لابۆرێکە لە لابۆرەکان، کەچی ئەو هەموو لابۆرە شانۆییەکانی بە لالش ناوبردووە، بۆ ئەمانەتی کاری ڕۆنامەگەری دەستکاری نووسینەکەی ئەومان نەکرد، بەڵام ئەو ڕوونکردنەوەیەمان بە پێویست زانی.**

**دەستەی نووسەران**

# سیستمی بەکارهێنانی خود

## سیستمی زۆربەی لابۆرە شانۆییەکانە و ئەزموونکارانی کەرکوک پێی گەیشتوون

**سیروان بێلانە**
**تیپی شانۆی ئاشتی**

ئێمە کاتێ باسی ئەزموونگەری دەکەین، خوێندنەوەمان چیە بۆ ئەو چەمکە؟ ئەزموونگەری لە چی دەرهێنان ـ نواندن. سینۆگرافیا؟ ئایا بە بردنە دەرەوەی هەر شانۆیەك بۆ دەرەوەی هۆڵ ئەو بەرهەمە دەبێتە ئەزموونگەری؟ لەڕاستیدا ئەو بابەتە زۆر هەڵدەگرێ و لەسەر وەستانێکی ووردی دەوێ، لەگەڵ ئەوەی زۆر دەخوێنینەوەو زۆر دەنووسرێ لەسەر ئەزموونگەری، وەلێ موخابن کاری ئەزموونگەری کەم دەبینین، لەلای خۆمان بەتایبەتی لە کەرکوك، (زولێخا لەخەونی یوسفدا) و (هاملێتی کەرکوك) دوو بەرهەمی ئەزموونکارانی کەرکوکن، کە دیارە وەکو بەرهەمەکانی تریان بانتۆمایم بوون، هەڵبژاردنی شوێن لەو جۆرە کارانەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ، هەر بۆیە بینیمان قەڵای کەرکوك کە شوێنی ئەو نمایشانە بوون، خزمەتێکی گەورەی (نیهاد جامی و جەستەکانی) ئەو شانۆیانەی کردبوو، بەڕادەیەك هەستت دەکرد لە سرووتێکی زەردەشتیەتدا ئامادە بوویت، هەروەها خوێندنەوەی (نیهاد جامی و جەستەکان) بۆ ئارتۆ و گرۆتۆڤسکی دیسان خزمەتێکی چاکی نمایشەکانی کردبوو، بەو ڕادەیەی کە بە نمایشەکان بووترێ ئەزموونگەری، وەلێ ئەوەی کە ناتوانین بیڵێین ئەوەیە کە ئەو نمایشانە پرۆفیشناڵ بوون، ئیتر هۆکارەکانی چی بوون؟ کورتی ماوەی پرۆڤەکردن، یاخود زۆربەی ئەکتەرەکان تازەن لە کارکردن لە بانتۆمایم، چونکە بە پێنج نمایش و بەماوەی ساڵێك کارکردن لەو جۆرە بەرهەمە قورسانە، ئەکتەر ئەوەندەی پێدەکرێ، بەڵام ئەوەی کە دەبێت ئاماژەی پێبکرێت، بوێری سەرجەمیانە لە کارەکانیاندا.

بۆیە توانیویانە بڵێن بەڵێ "جولە جێگای دەیالۆگ دەگرێتەوە" گەیشتونەتە سیستمێك کە ئێستا زۆربەی لابۆر و موختەبەرەکان پشتی پێ ئەبەستن، ئەویش (سیستمی بەکارهێنانی خودە)، هەرچی پەیوەندی بە گۆڕان هەبێت، دەبێت پسپۆڕێکمان هەبێت، بۆ دەست نیشان کردن و دیاری کردنی ئەو جۆرە گۆڕانەی کە روویداوە، بە بۆچوونی من سێ ڕێگا هەیە بۆ دیاریکردنی گۆڕان، ئەوانیش (جەماوەر، ڕاگەیاندن، خودی تیپەکە) دیارە تیپی ئەزموونگەری بۆخۆیان باوەڕیان بە زۆری و بۆری نیە لە جەماوەردا، هەر بۆیە ڕێژەیەکی کەم بەرهەمەکانیان دەبینن، بەداخەوە لەنێو ئەو ڕێژە کەمەی جەماوەردا کە ئامادە دەبن، زۆربەیان لەو جۆرە کارانە ناگەن، کەوابوو جەماوەر ناتوانێ حوکم بدات، بە تایبەتی زۆربەی شانۆکارانی تیپەکانیتر لەسەنگەری بەرامبەرن.

ئەگەر باس لە ڕاگەیاندن بکەین، هەرچەندە بەردەوامیان هەیە لەگەڵ شانۆکاراندا، وەلێ لەئاستی پێویستدا نیە، هەربۆیە موخابن ئەو بەرهەمانە قسەیەکی زۆریان لەسەر نەکراو مافیان خورا، بۆیە دیسانەوە ناتوانین لەو ڕێگایەشەوە باس لەو گۆڕانە بکەین و وەڵامەکەی بزانین، دەمێنێتەوە خودی تیپی ئەزموونگەری خۆی، ئەگەر باوەڕیان وایە گۆڕانیان بەسەر شانۆی تەقلیدی هێناوە، ئەوا باسەکە کۆتایی دێت و ئەگەر بە پێچەوانەشەوەیە، ئەوا باسەکە زۆر هەڵدەگرێ و پێویستمان بە دەیالۆگی بەردەوام دەبێت.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە نوێخوازی ئەمڕۆ کۆنی ئاییندەیە، دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ کە شانۆی تەقلیدی بەردەوام دەبێ لەگەڵ نوێخوازی، چونکە ئەوەتانێ (یۆنسکۆ، جینیە، بیکت، بروك، ئارتۆ، گرۆتۆڤسکی،...هتد) لەگەڵ داهێنان و ستایلی تایبەت و ڕێچکەی خۆیان، نەیانتوانی کۆنترۆڵی شانۆی تەقلیدی جیهانی بکەن، هەر بۆیە ئێستا (ریالیزم و کلاسیك و ڕۆمانتیك و...هتد) لەنێو هۆڵەکانی جیهاندا نمایش دەکرێن، لەکۆتایدا دەڵێم زۆر لەگەڵ ئەو قسەیەی یۆنسکۆ دام کە دەڵێت "ئەگەر خەڵکی لە بەرهەمەکانم گەیشتن، ئەوە هیچم نیە بیڵێم، چونکە ئەوان تێگەیشتوون و ئەگەر بە پێچەوانەشەوە تێنەگەیشتن دیسان من هیچم نیە بیڵێم، چونکە ئەوان تێنەگەیشتن و تێناگەن"



# تیپێکی شانۆیی ئەکادیمی

**عارف مەعروف داودی**

هەندێ جار وات لێدێ کە بەدوای شتی چاکتردا بگەرێیت بۆ ئەوەی بیرۆکەکانی ناو مێشکتی پێ ئاو بدەیت، مەزراکانی تەڕ بکەیت و فەزایەکی چاکی بۆ بخولقێنی تاکو یەکەم لەگەڵ بارودۆخی تازەو بۆچونەکانی وەختدا بگونجێ، چەند لەو بوارە سەرکەوتوو دەبیت؟ ئەوە دەمێنێتەوە حوکمی زەمانە و سەرکەوتوویت لەو بوارە، دووەم دەکرێ بۆ هەموو ساتێ ئەوەت لەبیر نەچێ کە ئەمەی دەیکەی پێی ئەوترێ تاقیکردنەوەیەك، لە ڕێگای بەدیهێنانی ئاواتەکان لەوانەیە بە نیسبەت خۆتەوە زۆر شت بگرێتەوە، بەڵام بەنیسبەت خەڵکانی ترەوە ئەوە لە ئەزموونێك تێناپەرێ. ئێمە لە کەرکوکدا بەس بەوەمان ئەزانی کە بە تەنها دەورببینین و شتێك دەربارەی دەرهێنان بزانین و ئەوەی دەکرا لەملا و لەولا تەنها بۆ قۆستنەوەی ناخە کەپت کراوەکان بوو و هیچی تر، ئەگەر لە کەرکوکدا پێش ساڵی **٢٠٠٣** لە ژێر ڕکێفی حوکمی ڕابردوودا جموجوڵی شانۆیی هەبووبێت ئەوا بەزۆری بۆنی قەومی و سیاسی لێدەهات. چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەمزیش بووایە دەیانویست شتێ لەبارەی جۆشدانی خەڵکەکە لەم شارە خێر لە خۆنەدیووە زیاد بکەن، بۆ ئەوەی هەستی نەتەوەیی نەمرێ، بۆیە تەماشا ئەکەی زۆربەی ئەو شانۆگەرییانە لە میانی یاسا و ڕێسای شانۆییەوە بڕێك دوور بوون. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خەڵکی پسپۆڕ و زانا و ئەکادیمی لە شارەکەدا نەبووبێت، نەخێر بەپێچەوانەوە کەرکوك زۆرێك لەو کەسانەی بەخۆوە گرتبوو، بەڵام ئەو بێدەنگیەی لەلای ئەوانەوە خۆی ئەگەڕاندەوە بۆ دوو هۆ یەکەمیان زۆربەی ئەو کەسانە نەیاندەویست لە بارودۆخی لەو جۆرە ئیش بکەن کە حکومەتی ئەو کات لە هەموو شتێك بە گومان بوو، بۆیە دوورییان لا باشتر بوو لەوەی بێنە بوارەکەوە، خۆیان بەرامبەر کۆمەڵێ بەدواداچوون و پرسیار بکەنەوە. دووەمیان ئەوەیان بەباش ئەزانی کەتاکو زەمینەی لە تەواوی شانۆ لە کەرکوکدا دروست نەبێت ئەوان ئەو زانیارییانەی کە هەیانە بە شێوەیەکی هەرزەکارانە نەیخەنە سەر شانۆ، هەربۆیە بینیمان زۆربەیان کەرکوکیان بەجێهێشت و ڕوویان کردە هەندەران، لە لای من ئەگەر بستێ یان هەزار کیلۆمەتر لە شارەکەت دوور بیت ئەوا هەر هەندەرانە و تۆ هەر نامۆ ڕەچاو ئەکرێی، ئیتر دەرەوەی کوردستان بێت یان لە ناو شارەکانی تری کوردستان بێت بە هەرحاڵ تۆ لە دەرەوەی کەرکوکیت و نامۆیت.

بەڵام دوای ساڵی **٢٠٠٣**بارودۆخ گۆڕا و ئەوە بوو پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە کەرکوك کرایەوە و زیاتر خەڵکەکە بەرەو



کەرکوک گەڕایەوە، ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە هەرکەس و لەلای خۆیەوەی هەنگاو بنێت بۆئەوەی ڕەوڕەوەی شانۆ بەرەوە پێش بڕوا و بگرە شان لە شانی شارەکانی تری کوردستان بدات، ئەگەریش نەڵێی ئەوا بەو ماوە کەمە کەرکوکییەکان بۆ ناوەوە و دەرەوەی کوردستانی بسەلمێنن کە ئەگەر زەمینەی چاك و لە بار هەبێ دیموکراتیەت لە دەربڕینی کارەکاندا دەورێکی سەرەکی هەبێت ئەوا خەڵکی کەرکوك خاوەنی گەورەترین سامان و سەرچاوەن لە بنیاتنانی دەق چۆنیەتی دەرهێنانی ئەو دەقانەش، چونکە زۆر ئەشکەنجە و ئازاریان چەشتووە لە ژێر دەستی ئەو جەلادە، گەر بۆ گێتی باس بکەی لەوانەیە خەڵکی ئەم کەونە بە جۆرێك لە ئەفسانەی لە قەڵەم بدەن، بەڵام لە بنەرەتدا ڕاستە و بە تەواوەتی لە ئەرزی واقعدا ڕووی داوە. هەر ئەم هۆکارانەش بوو کە زۆر لە تیپە شانۆییەکان لە کەرکوکدا سەرهەڵبدەن وابزانم تیپی (شانۆ ئەزموونگەری کەرکوك) یش یەکێك بوو لەو تیپانەی کە مایەی خۆشحاڵیە کە لە کەرکوکدا بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی کار لە سەر شانۆ ئەکات و توانیویەتی گرەوی خۆی بباتەوە، من بەش بەحاڵی خۆم کاتێك لە ئەزموونەکانی ئەو تیپە ئەڕوانم لەوەی کە مامۆستا (نیهاد جامی) بە باکگراوندێکی سەقافی چاکی شانۆییەوە ئەو تیپە مەشق پێدەکات، بەرای من ئەو مەبەستی سەرەکی لەوەیە کە چۆن بتوانێت نەوەیەکی لێهاتوو لەو بوارەدا بهێنێتە کایەوە و چون بتوانێت بۆ کەونی بسەلمێنێت کە بە هەوڵ و کۆشش هەموو شتێ لە نەبوونیشەوە بهێنیتە ووجود، تاوەکو تەقەلای ئەوە لە مێشکی ئەو کەسەدا هەبێت کە بە هەوڵدانی بێووچان و گیانی بەربەرەکانی لە خودا بەدی بکات.

ڕاستە ئەم تیپە لە کەرکوکدا چاوی بەتەختەی شانۆ ئاشنا بووە و مایەی خۆشحالێشە کە هەموو ئەوانەی کاری تێدا ئەکەن کەرکوکین یاخود بە زانیاری مامۆستا و لیهاتوی کەرکوك شەقاو ئەهاون، بەڵام هاوکات ئاواتی ئەم تیپە لە سنوری جوگرافی کەرکوك خۆی نەبەستووەتەوە، بەڵکو ئاواتی زۆرە لەوەی کە بەرهەمە کەرکوکییەکەی بە هەموو ئەم کەونە پیشان بدات و دواتر دەگەڕێنەوە و ئەڵێن ئەزموونە، بۆ ئەڵێین ئەزموون بۆ ئەوەی خۆمان بدۆزینەوە و ڕێچکەیەکی چاکتر و لە بارتر بگرینە بەر بۆ خزمەتکردنی ئەم شارە، کە ئەم شارە پێویستی بە چەندەها تیپی هاوشێوە هەیەو نەك ئەزموونگەری لەوەی هەموو لە یەك ڕێچکەوە بێت بەڵکو مەبەست لە هاوشێوەی ئەو تیپانەیە کە لەسەر بنەمای زانستی و ئەکادیمی شانۆ بنیات ئەنێن بەڕاستی ئاستی شانۆ لە کەرکوکدا بەرز ئەکەنەوە و ئەبنە مایەی خولّقاندنی ئەکتەر کە ئەمەش مەبەستە سەرەکیەکەیە.

ئەوەی ئەم تیپە لە کەرکوکدا ئەنجامی دا خۆی لە چەند کارێك دەدا و هەر هەمووشی هەرجارەو بە شێوازێك خۆی دەردەبڕێت، کە ئەمەش بەلای منەوە سەرکەوتنەکەی زیاتر لەلا مسۆگەر ئەکا و هەر کارێکیان ئەبێتە خشتێك لە شورای سەرکەوتنی شانۆ، چونکە لە پێشەوە ووتم ئێمە لە کەرکوکدا پێویستمان بەو جۆرە کارانە هەیە. ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە پێوستی وامان لێدەکات کە هەنگاویك بکەین بە دووان و دووانیش بە سیان و بەو جۆرە، جا لە ناخی دلمەوە هیەای سەرکەوتن و درێژخایەنی بۆ ئەو تیپە ئەخوازم بۆ ئەوەی شورای شانۆی کوردی کەرکوکیش هیچی لە بنەما زانیاریەکان کەم نەبێت.

# هاملێتی کەرکوک

## لەدەیالۆگی سەر شانۆوە بۆ جەستەی نێو فانویەک

**سۆران مامە حەمە**

بەئامادەبوونی کۆمەڵێك گەنجی رۆشنبیر وشانۆکاران رۆژی ٢٠٠٧/٦/١٣ تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك شانۆگەری (هاملێتی کەرکوك) ی لە یەکێك لەخانووە چۆڵەکانی قەڵای کەرکوکدا نمایش کرد، دارشتنەوەی پانتایی (نیهاد جامی) جەستەکان (دیدار مەجید، شکۆ عومەر، ئافریدە، فریاد ئەحمەد، کارگەر جەواد) ئەم شانۆییە لەژێر بۆچوونەکانی (گرۆتۆفسکی)، لەوبارەوە ئەم دیدارەمان لەگەڵ نیهاد جامی ئەنجامدا، کەنزیکەی ١٢ ساڵە لەبواری پانتۆمایم و شانۆی جەستەیی و دوور لەبۆردی شانۆ کار دەکات:

* چی وایلێکردن کە"هاملێتی کەرکوك"ئەنجامبدەن، ئەمە جیاوازی چییە لەگەڵ هاملێتدا؟

_ هاملێتی کەرکوك بەتەنیا پرۆسەیەکی ناونان نیە هێندەی گەرانەوەیە بۆ چەمکی ئێرە بوون، ئەو چەمکە بەخشینی زەمەنێکی ساتەوەختی نیە بەڵکو زەمەنی بیرکردنەوەی ئێمەیە لەناو فەزای زمانەوانی شکسپیردا، چونکە ئێمە برِوامان بەوەیە کە دەبێت شکسپیر بەپێی گریمانەی تێکست نەخوێنرێتەوە بەڵکو چۆن جارێکیتر تەواوی فەزا و بونیادی درامی و کارەکتەر و تەنانەت مانای نێو تێکستیش بەرهەم دێنینەوە، ئەوە نووسینەوەیەکی جیاوازە، جیاواز بە مانای ئەوەی کە خوێندنەوەی ئێکستە بۆ هاملێت دارشتنەوە نیە بۆ هاملێتی دانیمارکی بەڵکو هاملێتی کەرکوکە کارەکتەرێکە بەهەموو رەهەندە فەلسەفی وکۆمەڵایەتەیەکانەوە پەیوەستە بە مرۆڤی ئەم شارەوە، سرووت وابەستە نیە بە سرووتێکی نامۆ بە ئێمە بەڵکو چەمکی سرووت تێگەیشتنێکیتری ئێمەیە بە کولتوری کوردیەوە، وەك چۆن هەمیشە بۆئێمە ئاگر دەلالەتێکی رۆحی هەیە پەیوەندی ئاگر بە جەستەی کوردیەوە بابەتێکی فەلسەفی نێو ئەو جیهانە خەون ئامێزەی ئێمەیە، کە تەواوی ئەوانە دواجار هاملێتی کەرکوك بەرهەم دێنن، هاملێتێك پەیوەندی نەبێت بە خوێندنەوەی کەسانی بەر لەخۆمان و لەکەسیش نەچین.

* پێتان وایە زمانی جەستە، زمانی سەرەکی شانۆیە و دەتانەوێت لەرێگەی جەستەکانەوە چی بڵێن، کەئێوە دەق رەتدەکەنەوەو هەوڵ بۆبەشداری بینەر دەدەن لەپرکردنەوەی پانتایدا؟

_ پەیوەندی ئێمە بە جەستەوە پابەست نیە بە تەنیا بەم ئەزموونەوە بەڵکو ئەزموونی من وەك دەرهێنەر ئەو کات لە هەولێر و ئێستا لە کەرکوك ئیشکردنە لەسەر زمانی جەستە، هەمیشە بروایەکی پتەوم بەوە هەبووە کە زمانی سەرەکی شانۆ زمانی جەستەیە، جەستە چ بۆ من و چ بۆ ئەوانەی لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك وەك ئەکتەر کاردەکەین جەستە گەرانە بەدوای زمانێکی نوێ زمانێك وابەستە نەبێت بە دەیالۆگە دەیالۆگ میتافیزیکیا بەرهەم ناهێنێ ئێمە دەیالۆگمان کردە دەرەوە، چونکە دەمانەوێ شانۆ ساتەوەختێکی ئامادەکراو نەبێت، ئێمە نابێت پلانێکی نووسراو بسەپێنینە سەر خۆمان، هێندەی مەبەستمان لەکاتی مەشق و پرۆڤەکانمان شانۆ بنیات بنێین ئەوە کارێکی لابۆریە هەربۆیە هەمیشە بەرەو ئەزمونگەرە گەورەکانی وەکو ئارتۆ و گرۆتۆفسکی و پیتەر بروك و گۆردن گریك دەگەرێینەوە، ئێمە لە هاملێت هەوڵماندا لە تێروانینەکانی گرۆتۆفسکی نزیك ببینەوە بێئەوەی شانۆی هەژار ئەنجام بدەین، بەڵکو دەمانوویست لەم رێگەیەوە ئەزمونێکی جیاواز بێنینە بەرهەم، ئەزمونێك برِوامان وایە تێگەیشتنی رەخنەیی زۆر بە سانایی ناتوانێ تێی بگات، هەربۆیە زۆربەی ئەوانەی لەدوای نمایشەکە لە کۆرە رەخنەییەکە گفتوگۆیان کرد باسیان لەبانتۆمایم دەکرد بانتۆمایمێکی سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ یاخود دەیانووت بوونی ئاماژە نەتوانینە بۆ گوزارشت کردنی دەموچاو لەکاتێکدا ئاماژە یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی جولە لای گرۆتۆفسکی ئەوە تێنەگەیشتنە لە ئەزموون دەشێ هێشتا ئاستی بینین بۆ تێگەیشتن لەو ئەزموونە لەسەرەتادا بێت، سەیرە کەسانێك ناویان شانۆکاربێت و تا ئێستا نەتوانن دوو قسەی جدی لەبارەی ئەزمونێکی شانۆیی بکەن هەمووان وەك ئێمە باس لەناوی ئەو ئەزمووونگەران دەکەن بەڵام کە دێینە سەر ناوەرۆك ناتوانن دێرێك لەبارەی ئەوان بڵێن ئەوە بۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵی نیە کە کەسانێك نەبن گفتوگۆمان لەگەڵدا بکەن نا بە پێچەوانەوە ئەوپەری نیگەرانیە، چونکە دواجار ئێمە بینەرێکمان پێویستە توانای گفتوگۆکردنی لەگەڵمان هەبێت با ئەو بینەرە ژمارەشی زۆر نەبێت بەڵام خۆ دەبێت هۆشیاری کردەی وەرگرتن ئەنجام بدەن.

* پێتان وایە هەموو دەقێکی نوسراوی شانۆیی دەتوانێت زمانی نوسینیی وەلابنرێت وبەزمانی جەستە ئەو دەقە شانۆییە پانتایی پربکاتەوە، هەموو دەقێکی شانۆیی لەرێگەی جولەوە بەرهەم دێت؟

_ نا برواناکەم هەموو دەقێك بتوانێ ئەوەی هەبێت لە رێگەی جولە بەرهەم بێت، ئێمە پێویستمان بەو دەقانەیە کەشیعریەتی

شوێنی تیا بێت، بۆیە هەموو دەقێك توانای ئەوەی نیەبێتە ناو ئەو جیهانە شیعریەوە، ئەوە شیعری ووتراو نیە ئەوە شیعریی پانتاییە گەڕانە لەناو مەملەکەتی خەیاڵ پرسیار و گومانە گەڕانی هەموومانە لەناو یەکتری، بۆیە هەموو دەقێك ناکرێ بەجولە ئەنجام بدرێت، شکسپیر جیاوازە.. شکسپیر زۆربەی دەقەکانی توانای ئەوەیان تیایە شیعریەتی شوێنی تیا ئەنجام بدەیت، بەڵام تۆ چەند شکسپیرت هەیە؟ پرسیارەکە ئەوەیە، ئەگەرچی شکسپیر بۆ ئێمە بیرۆکەیەکە لەوێوە دنیایەکی تر کە زەمەنی کارکردنی ئێمە دێتەدی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پرۆژەکانی ئایندەمان ئێمە هیچ بیرۆکە و دەقێك ئەنجام نادەین، بەڵکو لەمەولا بەتەواوی دەق ڕەت دەکەینەوە دەق لە ئەنجامی پرۆڤەکانمان دەینووسینەوە، ئەوە نوسینەوەی جولەیە لەکاتی پرۆڤەدا پەیوەندیی بە نووسینەوەی قەڵەم و کاغەزەوە نیە، چونکە شانۆ بە قەلەم و کاغەز نانووسرێتەوە، ئەوە شانۆکارە تەمبەڵەکانن دەیانەوێ پلانێکی سەرکاغەزت بۆ ئەنجام بگەیەنن، ئێمە ئیدی بڕوامان بە بیرۆکەش نیە بەڵکو ڕاهێنان و مەشق دەکەین تا لە ئەنجامدا شوێن دەمانگەیەنێت بە پەیوەندی نوێ و سەرەنجام بیرۆکە و جولە ئەزموونێکی نوێ درووست دەکەن، تووشی هەڵە نەبیت بەوەی واتێبگەیت ئەوە چرکەیەکی هەڵچوونی ئێمەیەو دواتر لێی پاشگەز دەبینەوە نا ئەوە قسەی گۆردن گریکە کاتێ ووتی "ئەو ڕۆژە دێت دەقی شانۆیی بوونی نەمێنێت شانۆی داهاتووش شانۆی جولەو ئاماژەیە" ئەوەتە ئەمرۆ ئێمەی ئەندامانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك دەمانەوێ ئەم خەون و پرۆژە ئەزمونکاریەی گۆردن گریك بێنینە دی بۆ ئەو مەبەستەش کاری لابۆری و گەڕانی خۆمان لەداهاتوویەکی زۆرنزیکدا درێژە پێدەدەین.

* تۆ لەم کارەتاندا ووشەی "دەرهێنەر"ت لابردووە لەسەرناوەکەت و ووشەی "داڕشتنەوەی پانتایی"ت بۆ خۆت بەکارهێناوە، واتە تۆوەکو داڕێژەرەوەی دەقەکە کارت کردووە، ئەمە بۆچی؟

_ چونکە من ئیدی دەرهێنەر نیم بۆ دەرهێنەرنیم؟ ئێمە دەقێکمان نیە تا دەرهێنەری دەقەکە بین، بەڵکو ڕۆڵی من ڕۆڵی هەر کەسێکیتری بەشداربووی ئەو ئەزموونەیە، من لەگەڵ "فریاد ئەحمەد" یا "دیدار مەجید" هیچ جیاوازیەکم نیە، بەمانای دەسەڵاتی ڕەهای لای من نیە بەوەی دەرهێنەر دەبێت دەسەڵاتە دیکتاتۆریانەکەی بەکاربێنێت، بەڵکو ئەو ئەزموونە دەرهێنەری گۆڕی بۆ چەمکی داڕشتنەوەی پانتایی، ئەو چەمکە لە شوێنی دەرهێنان کاردەکات، بەڵام خاوەنی ڕەهەندی سەربەخۆ و دەسەڵاتی جیاوازە، ئێمە بڕوامان بە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەسەڵات و گوتارەکەی هەیە لەتەواوی شانۆدا داڕشتنەوەی پانتایی پەیوەندی جەستەیە بە بۆشاییەوە، من ڕێکخەرێکی نێو ئەو پانتاییەم بەخشینی ڕەهەندی دەلالی بەرهەم دێنم، بە کورتی ئیدی لە ئەزمونەکاندا من دەرهێننەر نیم، دەشێ چەمکی داڕشتنەوەی پانتایی پابەست بێت بەم ئەزموونەوە ئەو چەمکەش لەداهاتوو گۆڕانی بەسەردا بێت، من بیریارێکی فینۆمینۆلۆژیم لەشانۆدا، لەناو شانۆ بیردەکەمەوە بە دیاردەگەراییەوە خەریکم، ئەوە پەیوەندیەکی قووڵی نێوان ئەنتریۆپۆلۆژیا و فینۆمینۆنۆلۆژیایە، بۆیە هەمیشە پێویستم بە گەڕانەوەیە بۆ زانستە مرۆییەکان و کولتور، چونکە شانۆیەکە لە قووڵایدا کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیا و جەستەی کولتوری نمایشەکە لەناو ئەبستمۆلۆژیای ڕەخنەیی نمایشی شانۆیی چڕ دەکەمەوە، ئەوە زەمەنی ئێمەیە زەمەنێك کە بە تۆی وەرگر تەواو نامۆیە، ئێمە لەبەیەك گەیشتنی جەستەی کولتوری (ئەکتەرەکان) لەگەڵ جەستەی وەرگر (بینەر) ئەزموونی بینین دێنینە کایەوە، ئەزموونێك بەتەواوی دەسەڵاتی دەرهێنەر لەمن دەسێنێتەوە دەمکات بە ڕێکخەرێك کە داواجار ئەو ڕێکخەرە وەزیفەی داڕشتنەوەی پانتاییە.

* ئێوە وەکو تیپی شانۆی ئەزمونگەری بۆچی دەتانەوێت بینەر بەشداری کاربێت لەتەکتاندا، ئایا لای گرۆتۆفسکی ئەوە تاچەند ئامادەیی هەیە کەبینەر بەشداری کارەکە بێت؟

_ بەر لەوەی باس لە پەیوەندی شوێن لای گرۆتۆفسکی بکەم پێم خۆشە ئاماژە بە تێگەیشتنی خۆمان بکەم، بۆ چەمکی شوێن ئێمە بڕوامان بەوە هەیە کە نابێت شانۆ لە بیناسازی تەقلیدی شانۆ نمایش بکرێت، بۆیە شانۆ دەبەینە شوێنەوارە مێژوویی و کۆنەکان یا هەر شوێنێکی نا شانۆیی، تۆ لە بیرتە ئێمە لەسەر پەیژەی قشلە (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) مان ئەنجامدا یا لە ژوورێك (خاچ) لە (سەگ و دەف) لە هەیوانێك کارمان کرد لە (زولێخا لەخەونی یوسفدا) لەقەیسەری قەڵا، بۆیە شوێن بۆ ئێمە بەخشینی دەلالەتی نوێیە ئێمە دیکۆرمان نیە،بەڵکو بیناسازیەی شوێن وەك خۆی بەکار دێنین، واتە شوێنەکە چۆنە ئاوا سەیری دەکەین، زۆربەی جار شوێن هەموو خەیاڵێکی ئێمە لەسەر خۆی بنیات دەنێت بۆیە ئێمە شوێن زۆر لە دەق بە گرنگتر سەیر دەکەین، ئێستا بابێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەت گرۆتۆفسکی بڕوای وایە کە دەبێت ئەکتەرەکان هێندەی لە بینەران نزیك ببنەوە تا ڕادەی ئەوەی بینەران هەست بە هەناسە و ماندوو بوونی ئەکتەرەکان بکەن، ئەوان بەشدار بن لە پرۆسەی بینین وەك چۆن لەیەکێك لە ئەزمونەکانی کە لە بەرزاییەکەوە نمایش کراوە، بینەران هەندێ دیمەن بە ئاسانی نابینن، بۆیە ناچارن لەسەر نوکی قاچەکانیان بووەستن، ئەوە هەمان جولەی هاوبەشی ئەکتەر و بینەرە کە ئێمە کارمان پێکردووە، بۆیە پەیوەندی نێوان ئەکتەر و بینەر پەیوەندیەکی هاوبەشە لەسەر بنەمایەکی تیۆری کە گرۆتۆفسکی بەووردی کاری بۆ کردووە، بەڵام ئێمە هەوڵماندا ئەو پەیوەندیە فراوانتر بکەین وەك بینیتان لەدوا دیمەن بینەران لەتەك ئەکتەرکان

ماڵەکەیان بەجێ هێشت و بەشداری مەراسیمی ناشتنی هاملێتیان کرد ئەوە چەنـــدە ئەزموونی ئێمە، بەڵام ئەزمونێك خاڵـــی نیە لەتیۆر، ئەزموونێکە گرۆتۆفسکی لەپشت بیرکردنەوەمان و تێگەیشتنمانە بۆ پەیوەندی ئەکتەر و بینەر و پانتایی شانۆ وەستاوە. ئەگەر وانەبێت ئێمە ناتوانین ئەو نهێنیە ئەفسوونەیەی شـــانۆی ئەزموونگەری ئاشکرا بکەین و سەرلەنوێ بەدوای نهێنیە ئاشکرا نەکراوەکان بگەڕێین

* لەسەرەوە ئاماژەت بەوەدا کەشوێن دەتانگەیەنێت بەپەیوەندییەکی نوێ، ئەمە مانای ئەوە نییە کەئێوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شوێنەوە و شوێن بڕیار لەسەر کارەکانی ئێوە دەدات؟

ـ ئێمە ناکەوینە ژێر کاریگەری شـــوێنەوە هێندەی هەوڵ دەدەین شوێن تەوزیف بکەین بەوەی چۆن لەناو بۆشایدا ئەزموون بەرهەم دێنین بەمانای شـــوێن گریمانەیەك نیە بەقەد ئەوەی شوێن ڕووبەرێکە هەمووتان بینیتان ئەو خانووەی ناو قەڵا کە هاملێتی کەرکوکی تیا کرا لەبنەڕەتدا خانووەیەکی دوو نهۆمی بوو،بەڵام دەڵالەتی سیمیۆلۆژی بۆ ئێمە گۆڕی بەوەی نهۆمی خـــوارەوە جیهانی مردووەکان بوو، (هاملێـــت و ئۆڤیلیا و کلۆدیس) تیای دەردەکەون گەڕانەوە بوو بۆ ئەزموونی ناو ژیانی مردووەکان، لەوێ لەنهۆمی خوارەوە وەك دەڵالەتێك بۆ گۆڕستان دەرکەوتن، هەرچی نهۆمی سەرەوە بوو جیهانێکی جیاواز بوو جیهانی یـــادەوەری بوو دنیای (تارمایی و غرترود) بـــوو یادەوەری دواتر لەڕێگەی گەڕانەوەی هەردوو روحی کارەکتەرەکان دوو نهێنی تری بۆ ئاشـــکرا کردین ئەوانیش خیانەتکردنی کلۆدیس پەیوەندی بە ئینحرافاتی سێکســـی تارماییەوە هەیە، ئەوە دەســـەڵاتی شوێن نەبوو، بەڵکو بەخشینی دەڵالەتی جولەی جۆڵانەکە بوو کە وا دەکات غرترود ڕوو بکاتە کلۆدیس بەمانای ئێمە لەم ئەزموونەدا وەك شکسپیر کارەکتەرەکانمان پۆلین نەکردۆتە ســـەر کارەکتەری باش و خراپ بەڵکو هەمووکارەکتەرکان بەشـــی خۆیان گوناهبارن، غرترود لای من بریتی نیە لەو ژنەی بکەوێتە دوای ئارەزووەکانی، بەڵکو بەشێکی گوناهەکەی لە ئەستۆی تارمایی دایە، کاتێ بە سێکســـی لادەر بێزاری کردووە، وەك چۆن هاملێت کەوتۆتە نێوان دوو ئەوینی جیاواز عەشـــقی بۆ دایکی کە عەشقێکی ئۆدیبیە، بۆیە لەناو یادەوەری بەرجەستە دەکرێت کە نهۆمی سەرەوەیە، عەشقی بۆ ئۆڤیلیا کە عەشـــقێکی رۆحی نیە وەك شکسپیر لەڕێگەی نامەیەکەوە دەری دەخات، بەڵکو عەشـــقێکی سێکسیە ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی سکی ئۆڤیلیا پر بکات لەساتی مناڵبوونی ئۆڤیلیا، هاملێت لەلایان کلۆدیسەوە بکوژرێت، ئەگەر دەسەڵاتی شوێن کاریگەری بەسەر جەســـتەکان هەبوایە زەحمەت بوو ئەو پەیوەندیانە بەم جیاوازیەوە کەشـــف بکرێت، شـــوێن یارمەتی ئەوەی داین بتوانین پەیوەندی کولتور بە جەســـتەبەرهەم بێنین، شـــوێن وێنەی سرووتی ئاگری بۆ خولقاندین لەوانە بوو گەر ئەو ڕووبەرە نەبوایە لە شوێن بیرمان لە دیمەنی ئاگر کردنەوەکە نەکردبایەوە، بەڵام ئەوسـرووتە بەهیچ جۆرێك خۆی تەسلیمی شوێن نەکرد، هێندەی بەرەو ئازاد بوونی جەستە کاری کرد، بۆیە شوێن لە دەق گرنگترە، بەڵام هیچ دەسەڵاتێك لەسەرووی دەسەڵاتی کارکردنی پرۆڤە و جولەکانی گرنگتر نیە ئەوە خولقاندنی وێنەیە لە شوێن نووسینەوەی ئەزموونی سیمیۆلۆژی ناونمایشی شانۆییە.



# پرۆژەی دووەم لە شانۆی توند و تیژی

**فریاد ئەحمەد**
**تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوک**

چۆن جارێکی تر ئەفسانە کۆنەکان زیندوو دەکرێنەوە و بەرگێکی تازەی بەبەردا دەکرێتەوە، چۆن رووداوێکی مێژوویی لە ئان و ساتێکی هەنوکەییدا نمایش دەکرێت؟ ئەی کاری پرۆسەی ئێستاندن و ئێراندن چییە لە شانۆی توندو تیژی؟

بانتۆمایمی ((زولەیخا لە خەونی یوسفدا)) دووەمین پرۆژەی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکووك بوو بۆ شانۆی توندو تیژی، کە لەو پرۆژەیە بە شێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی شانۆی توند و تیژی ئارتۆ توێژینەوەی لەسەر کرا و بەرجەستەش کرا، لەگەڵ خوێندنەوەیەکی تازەی نیهاد جامی و هاوەڵەکانی، کە بریتین لە ئەندامانی ئەزموونگەری.

- سەرەتا ئەگەر باسی دەق بکەین کە چۆن هەڵبژێردرا و کاری لەسەر کرا، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ قورئان، ئەزموونکارەکان کارییان لەسەر سورەتی یوسف کردبوو، کە رەنگە هەموومان ئەو چیرۆکەمان خوێندبێتەوە یان بیستبێت، بەڵام ئەوەی شایەنی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەی لەقورئاندا هاتووە، ئەوە نەبوو کە بینرا، یوسف و زولەیخاکەی تیپی ئەزموونگەری زۆر جیاواز بوو لە یوسف و زولەیخاکەی قورئان، نیهاد جامی تەنها چوارچێوەی چیرۆکە ئاسمانییەکەی وەرگرتبوو، چونکە دەبێ بەزمانی بینەر لەتەك بینەردا قسە بکەین و بەزمانی خۆی بەرامبەر بنیاتنانی وێنەیەکی نوێ لەگەڵی بدوێین، مەبەست لە زمانی خۆی (بینەر) زمانی سادە نییە، بەڵکو پێویستە جارێکی تر ئەفسانە کۆنەکان یان رووداوە مێژووییەکان زیندوو بکەینەوە و هێزە دەروونییەکانی ئەو ئەفسانەیە دووبارە نمایش بکەین، بە مانایەکی تر، رووخسارێکی ئەمرۆیی ببەخشینە ئەفسانە کۆنەکان، تابینەران پێگەی ئەمڕۆی خۆیان لەتەك رابردوودا هەڵبسەنگێنن یان بە واتایەکی تر پێویستە شانۆی توند و تیژی بە جۆرێك بابەتەکانی خۆی دیاری بکات کە وەڵامی یاخی بوون و هەڵچوونە دەروونییەکانی سەردەمەکەی خۆی بداتەوە، کەواتە بە دوو جۆر ئەفسانە کۆنەکان زیندوو دەکرێنەوە، دەبێ لە پرۆژەیەکی هونەریدا بەرجەستە بکرێن و دواجاریش ململانێ و ناکۆکییەکان بە شێوەیەکی هاوچەرخ نمایش بکرێن.

ئەگەر نیهاد جامی ئەو نمایشەی وەك ئەوە بکردایە کە لە قورئاندا هەیە، سەد دەر سەد خیلافی ئارتۆ دەبوو کە دەڵێت "پێویست بە پەرستن و لاسایی کردنەوەی ئەفسانە کۆنەکان و شاکارەکانی رابردوو ناکات، بەڵکو پێویستە شانۆ تازەیی خۆی لە فۆڕم و ناوەرۆکدا بپارێزێت".

*دەسەڵات لە نێوان دەق و دەرهێنەردا

ئارتۆ گوتی "ئەو نمایشەی چەمکی دەرهێنان دەکاتە پاشکۆی دەق، ئەوە لە چوار چێوەی ئەرك و رەسەنێتی پرۆسەکە دەردەچێت". لە شانۆکەی ئارتۆ دا دەرهێنەر پلە و پایەی لە نووسەر بڵندترە، لەو نمایشەدا نیهاد جامی جارێکی تر دێت کار لەسەر ئەوە دەکات کە دەق زیندوو بکاتەوە، ئەو تەنها چوارچێوەی دەق وەردەگرێت، وەك ئەوەی خۆی دەیەوێت بە بەخەیاڵی دایدەڕێژێتەوە و بە جەستەی ئەکتەر لە بۆشاییدا دەینووسێتەوە، ئەو دێت سرووتێك رێك دەخات لە پشت زمانی ووشەکانەوە، لەم کاتەشدا سەرجەم جووڵە و ئاماژەکان بە هەست و زمان بارگاوی دەکرێن و لە بۆشاییدا ژیانێك دەبینرێت کە جیاوازە لە ووشە و دیالۆگەکان، و زمانی جەستەیە و سەرچاوەی ئەم زمانەش زۆر قوڵترە لە سەرچاوەی زمانی هزر و ئاخاوتن، دەرهێنەر نەهات سەرجەم هێماکانی نێو ئەفسانەکە پەیوەست بکات بەو سەردەمەی کە رابردووە، ئەو هات ئەفسانەکەی لە پانتایی کات و شوێن و کەشی نمایش زیندوو کردەوە و دەسەڵاتی رەهای لە دەق سەندەوە بۆ خۆی، چونکە کاری شانۆی بێ رەحم گەڕان و بنیاتنانەوەی ئەفسانە کۆنەکان و تەرجەمە کردنی وێنە نهێنییەکانە بە شێوەیەکی تر و گوزارشتکردنە لە ژیان بە زمانێکی جیهانی بەرفراوان و شمولی تر. لێرەدا پرسیارێکمان بۆ پێش دێت، بۆ ئەو نمایشە جارێکی تر بە بانتۆمایم کرا؟ بۆ بە ئاخاوتن نەکرا؟ خۆ ئارتۆ سەد دەر سەد ئاخاوتن رەت ناکاتەوە.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە سەر تیۆرەکانی ئارتۆ خۆی، کە لە بارەی ئاخاوتنەوە گوتوویەتی "دەبێ نمایش سەرجەم بۆشایەکان پڕبکاتەوە، لەبەر ئەوەی بە تەنها لە زمان و چەمکە ئەقڵانیەکان پێك نەهاتووە و شانۆ روخسارێکی فیزیکی و بەرجەستە و سۆزداریانەش لە خۆ دەگرێت، نمایش ئاماژە و جوڵەی ئەکتەرە لە راستیدا زمان و دەربرینێکە لە بۆشاییدا، (شیعر لە بۆشاییدا) واتە هونەری جوڵە لە بۆشاییدا" ئارتۆ پێی وایە شانۆی رۆژئاوا لەبەر فەرامۆشکردنی زمانی رەسەنی شانۆ بۆتە هۆی هەژاری رۆح و ئەشکەنجەدانی مرۆڤ، لەبەرئەوەی شانۆ لە رێگەی دیالۆگەوە لەسەر ململانێ دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان چڕکردۆتەوە، لەراستیشدا ئەمە کاری کتێب و رۆمانە، نەك پەیامی راستەقینەی شانۆ، بەپێی باوەڕی ئارتۆ بۆئەوەی بە هەمان هەڵەی رۆژئاوادا تێنەپەڕین، دەبێ بزانین کاری شانۆ لە کوێیە و کاری کتێب و رۆمان چییە؟ ئێمە پێمان وایە وەلانانی زمانی ئاخاوتن مەبەست لە رەتکرنەوەی نییە، بەڵکو مەبەست ناسینی شوێن و پێگەی شارستانییەتی زمانی

جەستەیە، بەواتایەکی تر دەکرێ بڵێین، مەبەست دابەزاندنی ئاستی بایەخی زمان و جێکردنەوەیەتی لە زمانێکی گشتی تردا، کە هەمان شیعری بۆشایی یاخود شیعری سرووتێکە کە گەلێك وێنەی ماددی لە بەرامبەر وێنە و خەیاڵە زمانییەکاندا دەخوڵقێنێت، نیهاد جامیش پێی وایە دەبێ شانۆ وەکو (شیعرێك لە بۆشاییدا) نەوەك (زمانێکی شاعیرانە) ببزوێ. واتە دەبێ شانۆ زمانی هێما و ئاماژەکان بێت، ئەمەش هاوتای زمانی خۆرهەڵاتە لە هونەردا.

* (نەشوە) لە نمایشی زولێخا لە خەونی یوسفدا

پێویستە شانۆی توندوتیژ (بێ رەحم) لە دۆخی نەشوە یا لە دۆخی شتێك وەك حاڵی دەروێشانە نزیك بێتەوە و دەبێت ئەکتەری ئەو شانۆیە لەو دۆخە تێبگات، بەڵام لێرەدا مەبەست لەو بێهۆشییە دیۆنزیۆسیە نییەکە هیچ سنورێکی لەگەڵ ژیاندا نامێنێت، بەڵکو مەبەستی ئارتۆ ئەو دۆخەیە کە بەشێوەیەکی ئاینی کۆنترۆڵ دەکرێت، کاتێك کەسایەتی یوسف کە (کارگەر جەواد) رۆڵی دەبینی، عشقی زولێخا دەبوو کە (دیدار مەجید) رۆڵی دەبینی، تووشی ئەو بێهۆشییە دەبوو، ئەو خود لە بێخودبوونەی کە سەمای دەروێشانە دروستی دەکات، و ئارتۆش جەختی لەسەر دەکاتەوە و ئەویش لە سرووتە ئایینییە رۆژهەڵاتییەکان وەریگرتووە و سودی لێبینیوە لە شانۆکەیدا، کارگەر دەگەیشتە ئەو حاڵەتەی کە لە خۆی بدات و هەست بە ئازار نەکات، ئەگەر پێمان وابێت ئارتۆ ئەمەی وانەویستووە چونکە بێ رەحمی بە واتای ئازاردانی جەستە نەهاتووە، ئەوا دەبێ ئەوەش بزانین کە حاڵەتەکەی کارگەریش بۆ ئازاردانی خودە نەك جەستە، ئەوەی ئەو ئازارێکی رۆحییە چونکە دەیهەوێت لە نێو عەشقی زولێخادا بتوێتەوە، کاتێك براکانیشی عاشقی زولێخا دەبن، هەروەها کەسایەتی یەکێ لە براکانی زولێخا کە (فریاد ئەحمەد) بەرجەستەی دەکرد، ئەویش کاتێ ئاشقی زولێخا دەبوو جارێکی تر پەنای بۆ مەحرووم کردنی خۆی دەبرد لە ژیان.

بودا دەڵێ "بۆ گەیشتن بە نێرڤانا دەبێ نە چاکەت هەبێ و نە خراپە" بۆئەوەی لە (لە دۆناودۆن) رزگاربێت و جارێکی تر نەچێتەوە جەستەیەکی تر، فریاد کە دەیزانی زولێخا بۆ ئەو نییە، دەیویست ببێتە عارفێکی بێوەی، باشە و خراپەی بۆ کەس نەبێت، ئەو بێ پەروا عاشقی زولێخا ببوو، لە کۆتاییدا بە ئاتەشگایەکەوە لەبەردەم عەرشی زولێخا و یوسف دا ڕاوەستا تا گیان بسپێرێ، فریادیش توشی ئەو نەشوەیە بوو، بەڵام عەشقی زولێخا ئەوی کرد بە موریدی بودا، بۆئەوەی جارێکی تر لە دایك نەبێتەوە و ئازار بچێژێ، خۆی گەیاندە قۆناغی دەرباز بوون، دەیویست رۆحی لە ئارامگایەك بمێنێتەوە کە پێی دەوترێت (نێرڤانا)، دەکرێت تێگەیشتنی ئارتۆ بۆ نەشوە هەندێك



جیاوازبێت لەوەی ئێمە باسی دەکەین، ناکرێ ئێمە رێك وەك ئارتۆبین، ئەگەر رێك لەو چووین ئەی کاری ئێمە چیە؟ کاری ئێمە خوێندنەوەیەکی تازەیە بۆ ئارتۆ .. سوود وەرگرتنە لە تێزەکانی ئەو بیرمەندە بۆ فراوانکردنی کارەکانمان و یارمەتی دانی ئەندێشەمان، لە کۆتایشدا شکۆ و هەردی کە برای یوسفن بۆ وەدەست هێنانی زولێخا و تەختەکەی بەشەڕدێن، شکۆ هەردی دەکوژێت، کە دەبینێت یوسف و زولێخا بە کوێری حکومڕانی دەکەن و لەسەر تەختن ناچار دەبێ خۆی دەکوژێ، مەبەست لە خۆ کەشتنی شکۆ قبوڵ نەکردنی ئەو دەسەڵات و سیستمەیە، چونکە ئەویش عاشقی زولێخایە و ئەو عەشقەش جارێکی تر بێهۆشییەك بۆ ئەو بەرهەم دێنێت کە لە دواجاردا

دەبێتە هێستریایەکی کۆنترۆڵنەکراو.

بێهۆشیانەی باسمان کرد لە هۆش چوونێکی عیرفانی دەروێشیانەیە ئەو لە هۆش چوونەش لە پێناوی خوا نیە لەو نمایشە، بەڵکو لە پێناوی ئافرەتێکە، ئەو بێهۆشییە ئاوێتە بوونی ئەکتەر و میتافیزیکە، کە ئەکتەر گومانی لەو دیوی فیزیکەوە هەیە و لە حاڵەتێکی بێهۆشیدا دەیەوێت، خۆی ئاوێتەی میتافیزیك بکات بۆ دۆزینەوەی بەشە ون بووەکەی، یاخود خودە ون بووەکەی، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەو بێهۆشییە بنیاتنەری پرۆسەیەکە و خودی شانۆی توندوتیژییە، ئەو دۆخە تایبەتە رۆحیە جگە لەو کاریگەرییە بەهێزەی بۆ ئەکتەر هەیەتی، دەتوانێت یارمەتییەکی باشی بینەر بدات، کە خودە وون بووەکەی بدۆزێتەوە.

* چەمکی ئێستاندن- ئێراندن

نیهاد جامی لەو پرۆسەیەدا نمایشەکەی بە ئێستا و بە ئێرە کرد، لەم میانەوە ئارتۆ دەڵێت"دەبێ شانۆ، ئەمرۆیی و هاوچەرخ بێت و ئەفسانە کۆنەکان بە شێوەیەکی ئەمرۆیی زیندو بکاتەوە" بەڵام ئەم ئێستاندن و ئێراندنەی کە ئارتۆ باسی دەکات هەمان دیاردەکانی ژیانی رۆژانە نییە، لەبەرئەوەی پێویستە شانۆ جیاوازتر لەو روخسارە ئاساییانەی ژیان کار بکات. دەبێت ئێمە ئەوەمان بیر نەچێت لێکچوونێك لە نێوان ئارەزووە نهێنییەکانی بینەر و ئامانجی شانۆی توندوتیژ هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو بینەرانەی لە نمایشەکە تێدەگەن، بە توندی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو شانۆیەو بە ئاگا دێن، کەواتە شانۆی دڵرەقی ئارەزووەکانی نێو نەستی بینەران دێنێتە دی، چونکە ئێستاندن و ئێراندن بە مانای رووبەروو کردنەوەی بینەرە لە تەك بابەتە گرنگەکان، هەر بۆیە دەرهێنەر چیرۆکەکەی سورەتی یوسفی هەڵوەشاندەوە و جارێکی تر بۆ ئێستە ئێرە دایرشتەوە بەجەستە، بەڵام بەردەوام ئەو گلەییەمان دێتە سەر کە گوایە تیپی ئەزمونگەری کەرکوك کارێك ناکات تا بینەر لێی تێبگات و شتی لێ فێر بێت، بە ئێستا کردنی سورەتی یوسف بۆ ئەوە نەبوو بینەر شتی تازەی لێ فێربێت، هەرکەس دەیەوێت شتێك لە سورەتی یوسف فێر بێت با قورئان بخوێنێتەوە، بەڵکو ئێمە دەمانەوێت بینەر چێژ لەو دارشتنەوە تازەیەی ئەو رووداوە مێژوویی و چیرۆکە ئەفسانەییە بکات، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئارتۆ گوتوویەتی "شانۆ قوتابخانەی فێرکردنی بینەران نیە، تا سوود لەو فێر بوونە وەربگرن لە ژیانیاندا" گەر شانۆ هەڵگری ئەو پەیامەبێت، بۆخۆی دروستکردنی مەودایەکی بەرفراوانە لە نێوان نمایش و بینەردا و دواجاریش ئەو پەیامە .. بواری ئەفراندن دۆزینەوەی شتی نوێ لە شانۆ وەردەگرێتەوە و سنور داری دەکات، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەبێت قسەی لەسەر بکەین، بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو گلەییانەی بینەران یان بەشێکی زۆر لە شانۆکاران هەیانە هەقیانە، چونکە ئەوان ناتوانن بە باشی لە کارەکە تێبگەن، بەڵام نابێت ئەوەیان لە بیر بچێت کە ئێمە کارەکەمان لەسەر ستایلی شانۆی (بێ بەزەیی)بوو، کە ئێمە قەرارمان دا لەسەر ستایلێك کار بکەین خۆ نابێت تەواوی خاڵە جەوهەرییەکانی فەرامۆش بکەین و پێچەوانەی بکەینەوە. ئارتۆ پێی وایە شانۆ دەبێتە گۆڕەپانی پڕ مەترسی و ئاژاوەگێڕی و دەبێتە دۆخێك پێش لە دایك بوون، دەبێتە ئەو رۆژەی کە چیتر جیهانی خەلیقەت و ژیانە، دەبێت ئەکتەر یان ئەو ئەفسونگەرەی کە هاوار دەکات و سەما دەکات و بانگمان دەکات و بیرمان دەخاتەوە و ئەو دەرهێنەرەی کە بنیاتنەری جیهانی نوێ و هۆکاری بنیاتنانەوەی جیهانی وێرانکراوە، دەبێ خەتەر بکەن و بەرێکردنی ئەو کارە پر مەترسییە لە ئەستۆ بگرن، دەبێ ئەکتەر و بینەر ببنە کیماگەر و ببنە ئەو شتەی کە لە پشت سروشت و فیزیکەوە هەیە، و لە ویش باشتربن، دەبێت وەکو کیمیا زانێك رۆبچنە نێو مادە، تا بیکەنە درامێکی بنەرەتی، کە لەو چوار چێوەیەدا بنەرەتە سەرەتاییەکان بەر یەك دەکەون، یاخۆد مادە بکەنە پێگەی بەر یەك کەوتنی گەردیلە دژەکان و لەو چوار چێوەیەدا هێزە دژەکان بتەقێنەوە، ئەمەیە جەوهەری توندوتیژی و بێ رەحمی.

ناکرێ ئێمە ئەو خاڵە جەوهەریانە فەرامۆش بکەین بەڵام دەکرێت خوێندنەوەیەکی تازە و سەردەمیانەی بۆ بکەین، وەکو ئەوەی ئارتۆ باسی جل و بەرگ و مۆسیقا و رووناکی و ..هتد دەکات، بەڵام ئێمە بە چ جۆرێك دەهاتینە پرۆڤە بەهەمان شێوە نمایشمان کرد، رۆژانی پرۆڤە چۆن بووین رۆژی نمایشیش بە هەمان شێوە. کەواتە دەبێ شانۆی بێرەحم هێزە سەرمەدییەکەی بۆ هەتا هەتایە بپارێزێت و لە کارێکدا خۆی بەتاڵ نەکاتەوە، لەبەرئەوەی گەر لەسەر گرفتێکی تایبەتی قسە بکات.. ئەو کات کارەکەی داوەری کردنە و داوەری کردنیش دەگاتە کۆتایی، بەڵام شانۆ دەبێت نەمری خۆی بپارێزێت و بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان یان خستنەرووی گرفتەکانی تاکە کەس، خۆی و پێگەی خۆی سووك نەکات، چونکە ئارتۆ دەڵێت "دەبێت نواندن لە پرۆسەکەدا خاڵێکی کۆتایی بۆ خۆی دیاری نەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبێت کاری نواندن هیچ ئەنجامێکی زانستی و ئەخلاقی لێنەکەوێتەوە، بگرە نواندن دەبێت ئیلهام بەخش بێت"، ئەرکی نواندن ئەنجامدانی ئەو کارەیە کە دەبێ ئەنجامی بدات بۆئەوەی ئەو ئەرکە ئاوێزان بێت و بۆ ئەنجامدانی بینەر بوروژێت، دەبێت ئەکتەر بە تەنها بنەرەتیەکانی کارەکە دیاری بکات، نەك ئەنجام و ئاکامەکەی، بەم شێوەیە بینەر بە هەڵچونێکی دەروونییەوە لە کاتێکدا بە توندی لە ژێر

کاریگەری بەرهەمەکەدایە، شوێنی نمایش بە جێدێڵێت.

ئەوەی ماوە لە کۆتاییدا لەسەر ئەو پرۆسەیە بیڵێم ئەوەیە کە نیهاد جامی وەك مارسیل مارسۆ بانتۆمایمی نەکرد، چونکە مارسۆ گرنگی بە مۆسیقا و رووناکی و کاریگەری دەنگی و جل و بەرگ ... دەدات، کەچی جامی پێویستی پێی نەبوو، نیهاد جامی ویستی پێمان بڵێت من نیهادم نەك مارسۆ، وەك ئارتۆش توندوتیژی نەکرد لەبەر هەمان هۆکار، ئەو هات بە ئارتۆی گوت: من پێویستم بە بەشێك لە تێزەکانی جەنابتانە، بمبەخشە، نامەوێ رێك لە تۆ بچم چونکە منیش هەم، هەمان قسەشی بە مارسۆ گوت.

دەکرێ ئێمە خوێندنەوەیەکی تازە و بەرفراوان و شمولیترمان بۆ کەسێك هەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی زانستی، دوای ئەوەی بە تەواوی لێیگەیشتین، نەك بە شێوەیەکی نادروست و نا زانستیانە کەسێك وەربگێڕین لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر.



# تیپی ئەزموونگەری زۆر بوێرن و زیرەکانە بابەتەکانیان هەڵدەبژێرن

**تاریق ناسیح**
**پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بابا گوڕگوڕ**

تیپـــی شـــانۆی ئەزموونگەری کەرکـــوك یەکێکە لە تیپە چالاکەکانی ناو شاری کەرکوك. لەگەڵ ئەوەی ئەم تیپە تەمەنی زۆر کورتـــە، بەڵام بەکارەکانی جێگای خـــۆی کردوەتەوە لە ناو شـــارەکەدا، بگرە ئەتوانم بڵێم لـــە زۆربەی ئەو تیپانەی کە ئەڵێن ئێمە لە هەشتاکانەوە دامەزراوین چالاك ترن.

ئەگەر بمانەوێت قســـە لەسەر کارەکانی ئەو تیپە بکەین، ئەوە ئەبێت لە خاڵە سەرەکییەکانەوە دەست پێبکەین، ئەویش هەڵبژاردنی دەقە یاخود بابەت یان ئەو بیرۆکەیەی کەپێشکەشـــی ئەکەن، کە بێگومان دەق یەکێکە لە بنەما ســـەرەکییەکانی کاری شانۆیی، دیارە زۆرجار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا باس لە وونبوونی دەقی کوردی دەکرێت لە شـــانۆی کوردیدا، لەو ڕووەوە باس دەکرێت کە تائێستا یەکێك لەو نوســـەرانە نەیانتوانیووە باس لەو ململانێیە بکەن کە لە ناخی مرۆڤدایە، یاخود زۆربەی زۆری دەقەکانمان ئەو مەرجانەی دەقی کامڵی تێدا نییە، یاخود تاکو ئێستا دەقنوسێکی بووێرمان نییە کە بتوانێت دەســـت بۆ ئەو شتانە بەرێت کە پێی ئەوترێت موقەددەس، خۆشـــبەختانە ئـــەم تیپە زۆر بوێرن و زۆر بە زیرەکانە بابەتەکانیان یاخود ئەو بیرۆکانە هەڵەبژێرن کە جێی سەرنج بێت.

بەڵام ئایا بە تەنها دەق خۆی ئەتوانێت ببێت بە شـــانۆگەری؟ ئەمە پرســـیارەکەیە، لە وەڵامدا ئەڵێین نەخێر، دەق ناتوانێت بە تەنهـــا خۆی ببێت بە شـــانۆگەری، بەڵکو لـــە ڕێگەی ئەکتەر و تەواوکەرەکانـــی تری شـــانۆوە ئەبێت بە شـــانۆگەری، یەکێك لە وەزیفـــە ســـەرەکییەکانی دەرهێنەری بـــاش ئەوەیە کە دەقی گونجـــاو یاخود دەقی باش و بابەتـــی گونجاوە. دیارە دەرهێنەر توانیوویەتی لەم خاڵەدا ســـەرکەوتوو بێت، بەڵام ئایا ئەم خاڵە بە تەنها ئەتوانێت دەست بگرێ بەســـەر خاڵەکانی تردا؟ بێگومان نەخێر. ئێمە لێرەدا پێویستمان بە پراکتیك کردنەوەی بیرۆکەیە بۆ جووڵەکانمان کە چۆن بەرجەســـتەی بکەین بە شـــێوەی بینراو لە



سەر تەختەی شانۆ. ئەگەر بێین خوێندنەوەیەك بۆ كارەكانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری بكەین، ئەوە لە (پرۆڤەیەكی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) وە دەست پێدەكەین، ئەم شانۆگەرییە لە ڕووی هەڵبژاردنی دەقەوە تا ڕادەیەك سەركەوتوو بوو، بەڵام لە ڕووی بەكارهێنانی موفرەداتەوە، لە ڕووی مۆسیقاوە، یاخود مامەڵە كردنی ئەكتەرەكان لەگەڵ موفرەداتەكاندا بە شێوەیەكی مەدرووس نەبوو، دیارە ئامانجی شانۆ ئەوەیە كە چاوی بینەر تێر بكات نەك بێزار كردنی. بۆ نموونە بەكارهێنانی ئاگرەكە یەكێك بوو لەو شتانەی كە بووە هۆی بێزاركردنی چاوی بینەر. دیارە (پرۆڤەیەكی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) یەكەم كاری شانۆیی ئەم تیپە بوو، ئەو شتانەی كە لەپێشتر ئاماژەم پێیدا ئەیگەڕێنمەوە بۆ كۆمەڵێك هۆكار:

یەكەم: دیارە دەرهێنەر كەم ئەزموونە لە بواری دەرهێنان و نواندن.

دووەم :كەم ئەزموونی ئەكتەرەكان.

سێیەم: كەم توانایی دەرهێنەر لە گەیشتنی تێبینییەكان و لە تێگەیشتنی بیرۆكەكەی.

چوونە دەرەوە لە هۆڵی شانۆ ئەمە بۆ خۆی كارێكی جوانە، با كەسانێكش هەبن بەم شێوازە كار بكەن. لە هەڵبژاردنی شوێنەكانیشدا ئەتوانم بڵێم تا ڕادەیەك سەركەوتوو گونجاو بووە، بەڵام لەهەمان كاتدا ئەڵێم ئەوەمان لەبیر نەچێت پراكتیك كردنی بوونی دەق یان بیرۆكە لەگەڵ شوێن و موفرەداتدا لەبەر ئەوەی شانۆ واتا ڕۆح لەبەركردنی دەقی ئەدەبی، ئەبێت ئەمەش لەسەر بنەمایەكی ئەكادیمی بێت. دیارە ئەم تیپە هەموو كارەكانیان پانتۆمایمە، كەرەستەكانی ئەكتەر پێكدێت لە دەنگ و جەستە، بەڵام لە كاری پانتۆمایمدا دەنگمان نییە تەنها جەستە لە مەیداندایە. ئێمە كە جەستە بەكارئەهێنین ئەبێت زۆر ووریا بین لە جووڵەكانماندا هەتاكو بتوانین بە جووڵە جێگای دەنگ پڕ بكەینەوە و بینەر هەست بە بۆشایی و دابڕان نەكات،

من بازێك ئەدەم و ئەگەمە دوا كاری تیپی ئەزموونگەری، ئەویش نمایشی (هاملێتی كەركوك) ە، دیارە من بەر لەوەی بگەمە شوێنی نمایشەكە لە ناخی خۆمەوە وڕێنەیەكم لا درووست بوو، لەبەر خۆمەوە ئەمووت: بەهیوای ئەوەم نمایشێكی جیاواز لە شانۆگەرییەكانی دیكەی تیپی ئەزموونگەری ببینم. باش بوو هیواكەم هاتەدی، بەراستی ئەتوانم بڵێم نمایشی(هاملێتی كەركوك) تائێستا باشترین و بەهێزترین شانۆگەری تیپی ئەزموونگەرییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ كارێك بەبێ كەم وكوڕی نابێت، دیارە زۆربەی زۆری كارەكانی تیپی ئەزموونگەری سوودیان لەو ئەزموونانە وەرگرتووە كە لە ئەوروپا ئەنجام ئەدرێن. ئێستا هەندێ لە شانۆكارانی ئەوروپا كار لەسەر ئەوە ئەكەن كە شوێنی (نا شانۆ ) یاخود شوێنی(شوێنەوار) بەكاربهێنن و زیندووی بكەنەوە، وەكو مۆزەخانەكان و مەلەوانگەكان و گەلەرییەكان و شەقامەكان، ئەمە بۆ خۆی كارێكی جوانە و هەموو كاتێ پێویستمان بە گۆڕانكاری هەیە. ئەگەر ئێمە وەك دەرهێنەر سوود لە هەر كارێكی ئەوروپی وەرگرین ئەبێ بۆ خۆمان وەك دەرهێنەر (تەوزیف) مان هەبێت بۆ هەر كارێكی شانۆیی. دیارە زۆربەی زۆری كارەكانی ئەزموونگەری زیاتر تەوزیفكردنە لە ڕووە تیۆرییەكەیەوە وەك ئەوەی لە ڕووە پراكتیكییەكەیەوە بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی كە جێی دڵخۆشكەرەیە ئەو كۆمەڵە لاوە خوێن گەرمەیە كە حەماسێكی زۆریان هەیە بۆ ئیش كردن و بۆ بەرەو پێش بردنی ڕەوتی شانۆ لەسەر بنەمایەكی تازەگەرییانە لە شاری كەركوك.



# له (هاملێتی كەركوك) كەس بێگوناه نیە

**کاردۆ**

لە ئێوارەیەکی گەرمی هاوینی ئەمساڵدا . بەبانگهێشتی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك .بووم بە بینەرێکی نمایشی ( هاملێتی کەرکوك ) کە نمایشکارانی سەر بە تیپی ناوبراو وەك دوایین پرۆژەی قۆناغێکی دیکەی خۆیان لە خانوویەکی کۆنی دوونهۆمی قەڵای کەرکوك دا نمایشیان کرد، لە ڕاستیدا جەخت کردنەوەی ئەم تیپە لە سەر گرنگی شوێن و گەڕان بە دوای دۆزینەوەی پەیوەندی نوێ لە نێوان (وەرگر ) و ( نمایش) هەروەها هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی توانا سوپەر سروشتیەکانی ئەکتەر. هەموو ئەمانە بەسوود وەرگرتن لە تیۆرەکانی (گرۆتۆفسکی و ئارتۆ و پیتەر بروك) هاندەری من بوو بۆ ئەوەی بانگهێشتی چەند کەسێك بکەم کە لە بواری بزووتنەوەی شانۆی شارەکەدا کاردەکەن و خۆیان بە خاوەنی بزووتنەوەکە دەزانن. ئەویش بە مەبەستی ئەنجامدانی گفتوکۆیەکی چەند قوڵی لە بارەی پرۆژەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك بەگشتی و نمایشی هاملێت وەك نمونە، بەڵام دیاربوو زۆرینەی ئەو بەرێزانەی کە بانگهێشت کرابون، لەگەڵ ڕێزم بۆیان بە بیانووی سەیر و دوور لە ( لۆژیك ) ئامادەی گفتوگۆکە نەبوون هۆکارەکەشی ڕوون و ئاشکرایە، ئەویش ئەوەیە کە یەکێك لە گرفتە هەرە گەورەکانی بزووتنەوەی شانۆیی لە شارەکەدا لەوەتەی سەریهەڵداوە بەتایبەت لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە، ئەوەیە زۆربەی ئەوانەی خۆیان بە خاوەنی بزووتنەکە ئەزانن لەبەر نەبوونی هۆشیاری شانۆیی ئامادەنین یەك گفتوگۆی شێلگیرانە لە مەڕ شانۆ بکەن، ناڵێم هەمووی، بەڵکو زۆربەیان، بە هەرحاڵ بەهۆی ئامادە نەبوونی ئەو بەرێزانە ئەوەی لە هزرمدا بوو بۆ گفتوگۆکە سەری نەگرت ناچار لای ( نیهاد جامی ) دەرهێنەری تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك پێشنیاری ئەوەم کرد کە لە بارەی ( هاملێتی کەرکوك ) ەوە دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام بدەم. سوپاسیشی دەکەم کە داواکەی بەجێهێنام خوازیارم لەم دیمانەیەدا بتوانین ببینە ئەنگیزەیەك بۆ ڕێگرتن لەوەی ئەزموونەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك ببێتە قوربانی گرفتی نەبوونی ڕەخنە و گفتوگۆی شانۆیی .

* مەرگەساتی هاملێت بە درێژایی مێژووی خۆی بایەخی زۆری پێدراوە و کاریگەری هەبووە بەسەر یادەوەری وەرگرەوە، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە جیاواز لە هەر دەقێکی تر توانیبێتی ڕۆبچێتە ناخی مرۆڤەکانەوە و وێنای حەزە جیاوازەکانیان بکات لەگەڵ ئەوەشدا ( تی سی ئەلیوت ) پێیوایە هاملێت چێژێکی زۆر دەبەخشێت و هاوکات هزری ڕەخنەگر تێر ناکات و ئەوەی کە هەیە تەنها هەستی کوڕێکە بەرامبەر دایکێکی تاوانبار. لە بەرامبەریشدا ڕەخنەگرێکی زۆریش هەن کەپێیان وایە ( ئەلیوت ) تەنها لەمیانی کارەکتەری هاملێتەوە تێکستەکەی هەڵسەنگاندووە و بایەخی بەو کۆمەڵگایە نەداوە کە هاملێت دەیەوێت تێیدا بوونی خۆی بسەلمێنێت، هەموو ئەم بۆچوونانە وا دەکەن کە دەست بردن بۆ تێکستێکی وا هێندە ئاسان نەبێت تەنانەت زۆرێك لەو دەرهێنەرانەی کە بە شێوازی نۆژەن کاریان کردووە بە حەزەرەوە کاریان لەسەر کردووە، پێم باشە لێرەوە دەرگای پرسیارەکان بخەمە سەر پشت. سەرەتاش بۆ بە کەرکووکی کردنی هاملێت؟ ئەی تاچەند توانرابوو لە میانی دارِشتنەوەیەکی نوێدا تایبەتمەندی بە هاملێتی کەرکووك بدرێت؟

- پێش هەموو شتێك پرسیارێك کە بۆمن زۆر گرنگ بێت، ئەوەیە شکسپیر چی بە ئێمە دەبەخشێ؟ ئێمە چی بە شکسپیر ئەبەخشینەوە؟ ڕزگارکردنی شکسپیر لە ڕەفە تۆز لێنیشتووی کتێبخانەکان یەکێکە لە کارەکانی هەر دەرهێنەرێکی ئەزموونکار ئەگەر خوێندنەوەی بۆ شکسپیر هەبێت. بۆیە سەیر نیە کاتێك دەرهێنەرێکی وەك ( پیتەر بروك ) لە کتێبێکیدا ئاماژە بۆئەوە ئەکات ئەو شانۆیەی کە دەرهێنەر پێش پرۆڤەکان خۆی بۆ ئامادە کردوە بە قەڵەم و کاغەز هێڵکارییەکی بۆ کردووە و بەرنامەی بۆ دارِشتووە ئەوە شانۆیەکی مردووە، شانۆی مردوو لای ( بروك ) یەکێکە لەو شانۆیانەی کەبەردەوام لە دەقە کلاسیکیەکاندا بە تایبەتی، کە دەرهێنەر پابەندیان دەبێت شانۆیەکی مردوومان پێدەبەخشیت، چونکە ئێمە ئاشتاین بە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەو تێکستە، بۆمن شکسپیر جگە لە دەقێکی کۆنی تۆز لێنیشتوو هیچ شتێك نیە، ئەگەر بە پێی ئەو گریمانە ئەدەبیەی شکسپیر کاری تیا بکەمەوە، من ئەمویست هاملێت بەپێی هەموو خسوسیاتێك و تایبەتمەندییەك جیاواز بێت، بەڵام من روئیایەکی موتەکاملم نیە لە کاتی پرۆڤە، یانی لەسەر کاغەز ناینوسمەوە، همیشە جەخت لەسەر ئەوە ئەکەینەوە دەڵێین دەقی شانۆیی بەقەلەم و کاغەز نانوسرێتەوە، دەقی شانۆیی لە کاتی پرۆڤەدا ئەنوسرێتەوە، واتە نووسینەوەی جەستەیە لە بۆشاییدا. بۆیە هاملێت لای ئێمە راستە من بیرۆکە یەکم هەبوو کە نوسیبووم، ئەو بیرۆکەیە سەرەتا ناوم نابوو ( ئاهەنگی ماڵئاوایی هاملێت ) سەرەتا بۆ کەنیسە نوسیبووم کە ( کەنیسەی حەمرا ) بوو دواتر شوێنەکە لەرووی فەزاو پانتاییەوە ئەو شوێنە شیاو نەبوو. ئیتر ئەوە بوو لەگەڵ ئەکتەرەکان لە قەڵای کەرکووك

دەســتمان کرد بە گەڕان بۆئەوەی شــوێنێکی شیاو بدۆزینەوە و کارەکەی تیا نمایش بکەین، ئەوە بوو لەسەر یەکێك لە خانووەکانی قەڵا گیرســاینەوە، دیارە ئەکتەرەکان شوێنەکەیان پێ باش بوو بۆ کارە شــانۆییەکە، بەڵام من پێم وابوو شــوێنێکی خراپە بۆ نمایشــی هاملێت، شــوێنەکە خانوویەکی دوو نهۆمی بوو، من ئەوەی ئەمکرد بە دڵم نەبوو رەنگە هۆکارەکەی من ئەوە بوبێت کە خەیاڵێکم هەبوو دەمویســت هاملێت بەوجۆرە لەو شوێنەدا بکەم . کە شــوێنەکەم بینی هاو دژی بیرۆکەکەی من بوو، بۆیە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ئەو بیرۆکەیەی من نوسیبووم هیچ بوونی نەما ، هاملێت ئە لەوێوە دەســتی پێکرد کە ئیمە بە پێی خاســیەتی شــوێنەکە ئەنجامماندا. ئەمە وای لە من کرد هەموو دەلالەت و مانایــەك کە لە خەیاڵمدا بێــت بگۆڕێت، دەلالەت و مانا لە هاملێتی کەرکوك لەو خانووە بنیاتنرا، یانی بەپێی تایبەتمەندێتی شــوێنەکە مانا ئەخولقێنرێتەوە، قسەیەکی زۆر هەیە کە لە دوای ئیشــەکەوە ڕوو بەڕوومان ئەکرێتەوە. ئەویش ئەوەیە بۆ هاملێتی کەرکووك؟ دیارە ناونانی هاملێت بە هاملێتی کەرکووك دەرکردنی هاملێتە لە پاشــایەکی دانیمارکییەوە بۆ خاســیەتی ئێرە بوون و کەرکووکی بوون، بە ئێرەکردنی هاملێت بەمانای گۆڕینی هەموو پەیوەندیە دەلالیەکانی شکســپیر، بەو مانایەی کە دەقی شانۆیی بۆ ئێمە جگە لە بیرۆکەیەکی لە کارکەووتووی مردوو زیاتر نیە. ئێمــە چۆن ئەو دەقە زیندوو ئەکەینەوە، هەندێ کەس پێیان وایە دەق پیرۆزە، پیرۆزی بەو مانایەی کە دەبێت بە پێی گرێمانەکانی نوسەر بکەین و ئێمەش پێمان وایە شکسپیر وەك نوسەری دەقەکە پیــرۆزە، بۆئەوەی پیرۆزی شکســپیر بپارێزین دێین شکســپیر بەپێی ئەوە ئەکەین وەك بیرۆکە کە چۆن جارێکی تر شکســپیر زیندوو بکەینەوە، یانی تــۆ ئەگەر ئەو هاملێتەی منت بینی و هاملێتێکیشت لە بەغدا بینی و هاملێتێکی دیکەش لە سەتەلایت لە کەناڵێکی بەریتانی ببینی و هەرسێ هاملێتەکە لە یەکچوون، واتا ئێمە لە خاڵێکدا کۆبووینەتەوە کە مردنی ســێ دەرهێنەرە، بۆیە بــە هەموو مانایەك هاملێتی کەرکــوك دەبێت لە هەموو بابەتێکــی تر جیاواز بوو بێت، لەبەرئەوەی بەرهەمی بیرکردنەوەی عەقڵی ئێمە بووە. بۆیە ئەڵێم لە بەرئەوەی لای ئێمە هاوکێشەیەك هەیە ئەو هاوکێشــەیە ئەکرێ لە زۆربەی ئەزموونەکانی گوتاری ئەزموونگەریشمان لە شانۆی کوردیدا جیاوازبێت، هاوکێشەکان لە شــانۆی کوردیدا هەمیشە ئەیانووت: (دەق ، دەرهێنەر ، ئەکتەر ) لای ئێمە شتی وانیە، دەرهێنەر پلەی یەکەمە، ئەکتەر بە پلەی دووەم، شــوێن ســێیەم، ئینجا دەق. یانی لای ئێمە دەق لە دوای شوێنیشەوە ئینجا دیت.

* یانی هەروەکو ئەوەی گرۆتۆفسکی جەختی لەسەر کردووەتەوە دەق دوایین شتە؟

- بەڵــێ دوایین شــتە، لەبەرئەوەی من بەبــێ دەق ئەتوانم شانۆ بکەم، بەڵام بەبێ شــوێن و پانتاییەکی کراوە شانۆ بۆمن دروســت نابێت. ئەوەش وامان لێ دەکات بەپێی خاسیەتی شوێن ئەزموونەکە بەرهەم بهێنین، کاتێك ئەزموونەکە بەرهەم دێنین و ناوی لێدەنێین هاملێتی کەرکوك، بەمانای رێك هەموو پەیوەندییە دەلالییەکانــی هەموو پێکهاتەی وێنە شــانۆییەکە، کە دواجار گوزارشت لە هاملێت دەکات، هاملێتێکی جیاواز کە لە رووحی کەرکوکەوە هاتۆتە گۆ.

* پرســیاری تایبەتمەندیــم کرد لە هاملێتدا مەبەســتم لە خــودی هاملێت بوو وەکو ئەوەی بروك وەك موفارەقەیەك لەلای کارەکتەرەکانی دی و وەرگیشدا، هاملێتی وەك گێلێك نیشاندا ئاخۆ هیچ موفارەقەیەك لە هاملێتی کەرکوکدا هەبوو؟

- هاملێتــی کەرکوك لەوێ دەســتی پێکرد کــە دەقەکەی شکســپیر کۆتایی هات، لە کوێ شکســپیر کۆتایی پێ دێت، ئێمە لەوێوە دەســت پێدەکەین، بۆیە سەیر نییە دیمەنی کۆتایی گۆڕستانەکە، سەرەتای ئیشکردنەوەی ئێمەیە لە هاملێت، کاتێك کە دەســتی پێدەکەین، یەکەم ســاتە وەختی نمایشەکە، ئۆڤیلیا شێت بووە، وەختێك هاملێت لە گۆڕستانەکە هەڵدەسێتەوە، کاتێك شێت بوونی ئۆڤیلیا دەبینێت، خاڵێك لە نمایشەکەدا هەبوو. کەم کەس هەســتی پێدەکرد، ئێمە کــە دوو نهۆم مان هەیە، تەعبیر لەوە نــاکات خانوویەکی دوو نهۆمیمان هەیە، ئێمە خاســێتی دوو نهۆمیمان گۆڕی، نهۆمی خوارەوەمان کرد بە گۆڕســتان، نهۆمی سەرەوە بوو بە زەمەنی یادەوەری کارەکتەر، ئەگەر بیرت بێت هاملێــت یەك جار دەچێتە ســەرەوە، ئەویش کاتێك کە لە یادەوەریدا دایکی پەیوەندییە سێکســیەکە دەبەستێت، بۆیە ئێمە لە شکســپیر چیمان وەرگرت، ئێمە چــوار چێوەی دەقەکەمان وەرگرت، بەڵام هیچ مانایەکی شکسپیری نییە لای ئێمە، بۆیە کاتێك شکســپیر پەیوەندییەکی رۆحی پاکی لە نێوان هاملێت و ئۆڤیلیا دروســت کرد ئەو پەیوەندییە لای ئێمە نەماوە، هەر لە ســەرەتاوە لە نێوان هاملێت و ئۆڤیلیادا پەیوەندییەکی سێکسی زۆر توند و تیژ هەیە، جا بەر لە کوشتنی هاملێت کە کلۆدیس دەیکوژێت، لای شکســپیر شــتی وا ڕووی نــەداوە، کلۆدیس هاملێتی نەکوشــتووە، ئۆڤیلیا لە ژوورەکەدا منالی دەبێت دواتر ئۆڤیلیا چارەنوســی منالە کە فڕێدەداتەوە ناو گۆڕستانەکە، هەموو ئەو شــتانە ورد دەبن، زۆر جار کە خوێندنەوە بۆ هاملێت دەکرێت، هەمیشە غرترودی دایکی هاملێت گوناە بار دەکرێت، لای ئێمــە غرتود گوناهبار نەکرا، یانی هۆکارەکە زۆر گرنگ بوو، زۆرجار لە فەلســەفەی مارکســیدا پێمان دەڵێت هۆکاری ئەو کێشەیە چییە کەوا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، گومان کردن زۆر گرنگە، ئەو گومانەی ئێمــە کردمان گەر بیرت بیت دیمەنی جۆلانەکە، تارماییەکە غرترود پاڵ دەنێت پەیوەندی سێکســی (ئینحیرافــی ) هەیە کە لە دواوە ئەنجامی دەدات، بێزار بوونی

غرتود لە سێکسی کۆم وا دەکات کە پەلاماری کلۆدیس بدات، وا دەکات بچێت لەگەڵ براکەی مێردەکەی ڕێك بکەوێت، یانی لای ئێمە غرترود کاتێك کە لەگەڵ کلۆدیس ڕێك کەوتووە تەنها بۆ ئەوە نەبووە ئەو مەلیکە بگۆڕێت و یەکێکی دیکە بکاتە مەلیك، بەڵکو لەبەر ئەوە ڕوویداوە، چونکە خەوشێك لە تارماییدا هەیە، لای شکسپیر تارمایی بێگوناهە، لە زۆر خوێندنەوەی ئەو کارانەی من لێی ئاگادارم بەردەوام تارمایی لێی بێگوناهە، بەڵام لە هاملێتی کەرکوك کەس بێگوناه نییە، هەرکەسێك بەشی خۆی گوناهبارە.

* تەنانەت ئۆڤیلیاش تاوانبارە؟

- بەڵێ ئۆڤیلیاش گوناهبارە، تەنانەت بینەرەکەش گوناهبارە، چونکە دواجار بینەرەکە دەبێتەوە بە بەشێك لەناشتنی هاملێت، خەڵکی کەرکوك خۆیان هاملێتی کەرکوکیان ناشت، بەڵام هاملێت کێیە؟ ئەمە پرسیارەکەیە، گرنگ نییە من بڵێم بۆ هاملێتتان ناشت؟ یانی تۆ بینەرێکت نەبوو نارازی بێت، هەموو ئەو گوڵانەی ئۆڤیلیا دای پێیان لە سەرەتاوە، دواتر لەسەر گۆڕی هاملێتیان دانایەوە.

* ئاماژەت بە زۆر شت کرد کە دەکرێت لەسەر هەندێکیان هەڵوەستەی زیاتر بکەین، کە یەکێك لەوانە مەسەلەی شوێن بوو من ئاگام لێبوو ئێوە لەسەرەتادا بە نیاز بوون لە کڵێسای شاری کەرکوك پرۆژەکەتان نمایش بکەن، دواتر بە هۆی نەگونجانی شوێنەکەوە، ڕووتان کردە خانوویەکی دوو نهۆمی کۆنی نێو قەڵا، پرسیارەکەش ئەوەیە، ئاخۆ ئێوە لە ژێر کاریگەری یادەوەری لەگەڵ شوێندا خەیاڵی سیناریۆ دەکەن، یان خەیاڵ خۆی پێشبینی ئەو شوێنە دەکات کە لە دواییدا دەدۆزرێتەوە و دەبێتە شوێنی نمایش؟

- من سەرەتا بیر لە شوێنێك دەکەمەوە کە کارەکەی تیا بکەم، دواتر ئەوە شوێنانەی کە هەمیشە هەڵیان دەبژێرم، ئەو شوێنانە نابن، یان بە مانایەکی تر، ئەو سیناریۆیەی کە من بۆی دەنووسم، یان ئەو بیرۆکەیەی کە من بۆی دەنوسم ناتوانم بە ئەنجامی بگەیەنم، بۆیە هیچ شتێکی نووسراو لای من بونی نییە، بیتەر بروك دەڵێت "پانتاییەکی بۆشم بدەرێ، شانۆیەکی ڕاستەقینەی تیا دەخوڵقێنم" من هیچ دەقێکیشم نەبێت، بەڵام شوێنم هەبێت کە بتوانم ئیشی تیا بکەم، دەق لەوەوە دروست دەبێت، لەبەر ئەوە گرنگ نەبوو هاملێتی کەرکوك لە کەنیسە دەکرێت یان لە خانوویەکی دوونهۆمی یان لە ژوورێکی ئاوادا کە ئیستە تیای دانیشتووین، گرنگ ئەوەیە تۆ چ شوێنێکت هەبوو دەتوانی نمایش بخوڵقێنی، لای من شوێن گرنگە، بۆیە شتێك نییە بڵێم کام هاوکێشەیە؟ دەق لە پێش شوێنە؟ یان شوێن لەپێش دەقە؟ هەڵبەتە پێم وتی شوێن لەسەرووی دەقەوەیە، شوێن دەقت بۆ دەسەپێنێت، نەك بە پێچەوانەوە، چونکە ئەگەر دەق شوێن فەرزبکات ئەوا من دواجار دەچمەوە هۆڵی بیناسازی شانۆ، خاڵێکیش هەیە بابیرمان نەچێت، زۆرجار قسە لەوە دەکرێت لە شوێندا دیکۆر هەیە، لای ئێمە دیکۆر نییە، بیناسازی شوێنەکە خۆی دیکۆرە، شانۆ نابەینە سەر تەختەی شانۆ. یەکەم ڕۆژی پرۆڤە لە کوێ پرۆڤە دەکرێت دواجاریش هەر لەوێ نمایش دەکرێت، ئەمەش وامان لێدەکات شوێنەکە وەك خۆی تەماشا بکرێت، دواجار چۆن لە خانوویەکی کۆنی قەڵای کەرکوك دەیگۆڕیتە بیناسازییەکی شانۆیی، ئێمە دەلالەتی شانۆیی بنیات دەنێین، شوێنەکە خۆی دەلالەتە، گەر تێبینی بکەیت لە نمایشەکەدا، بۆ نموونە تەنها گوریسمان هەبوو، بەڵام گوریسەکە لە شوێنێك، جوڵانەیە و لە شوێنێك قامچییە و لە شوێنێکی تر پەتی سێدارەیە و لە لایەکی تر پەیژەیە، ئەوە دیکۆر نییە، ئەوە موفرەدەیە، تۆ کەمترین چڕبوونەوەی موفرەدە زۆرترین دەلالەتی پێدەبەخشێت بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەڵێم تائێستاش ئێمە هۆشیاری شانۆیی و ڕەخنەییمان نییە، توانای خوێندنەوەی هەبێت، بۆیە گەر تێبینی بکەیت ئەو کاتەش کە دوای تەواوبوونی نمایشەکە گفتوگۆکەمان سازدا، زۆر کەس کە قسەی دەکرد بەداخەوە ئاگاداری گرۆتۆڤسکی نەبوو، یانی تۆ ئەگەر سەیری ئەو ئەزموونە بکەیت کە لە ژێر تێڕوانینی گرۆتۆڤسکی بوو، بۆیە ئەبێ لە تێگەیشتنی گرۆتۆڤسکیشەوە قسە لەسەر هاملێتی کەرکوك بکەیت، نەك لە تێگەیشتنی شانۆیی خۆتەوە، چونکە تۆ توانای تێگەیشتن دەسەنیتەوە، کاتێك لە هۆشیارییەوە قسە نەکەیت، بۆ نموونە گەر لەسەر بنەمای تێگەیشتنی شانۆی داستانی بریخت قسە بکەیت، لای ئێمە ناگەیتە هیچ ئەنجامێك، بێیت لەسەر ئەساسی ستانسلافسکی قسە بکەیت ناگەیتە هیچ دەرئەنجامێك، دەبێت ڕێك شانۆگەرییەکە لەسەر چ ستایلێکە دەبێت لەژێر ئەو تێڕوانین و ستایلەوە قسە لەسەر ئەو نمایشە بکەیت.

* لێرەدا پرسیاری ئەوە ئەکەم لە کاتێکدا ئێوە لە ژێر ناوی ( ئەزموون ) دا کار دەکەن ئەزموونیش پرۆسێسێکی چەق نەبەستوی تێکشکێنەری قاڵبەکانە. کاتێك کە تۆ کار لە سەر ستایلێك دەکەیت ئەو کات دەچیتە قاڵبێکەوە باشە ئەزموون لە کوێدایە کە تۆ لە قاڵبێکی دیاریکراودا بیت ؟

- دیارە ئێمە لەو پێنج ئیشەی کردوومانە نەمانویستووە ئەزموونێك بکەین نەقڵی ئەزموونێك بێت وەك خۆی، لە شانۆگەری ( خاچ ) دا ڕاستە لە ژوورێکدا بوو کە شانۆی ژوورە، بەڵام کۆمەڵێك دەستکاری شانۆی ژووری تێدا بوو. بۆ نموونە کاتێك

که ( تایرۆف ) دەڵێت ووشە گرنگترین توخمە لە شانۆی ژووردا، ئێمە ووتمان ووشە هیچ گرنگیەکی نیە لە شانۆی ژووردا، بەڵکو جووڵە گرنگی هەیە.

* کەواتە ئەوە ستایلی ئەو نیە؟

- ســـتایلی ئەو نیە ئەزموون کردنە لەسەر ئەزموونەکانی ئەو، گـــەر بیرت بێت لە ( ســـەگ و دەف ) لەگەڵ لە (زولێخا لە خەونی یوسفدا) ئەو دوو ئیشەمان ناونا پرۆژەی یەکەم بۆ شانۆی توندوتیـــژی و پرۆژەی دووەم بۆ شـــانۆی توندوتیژی، خۆ ئەوەی کردمان شانۆی توندوتیژی نەبوو، بەپێی بنەماکانی ئارتۆ، بەڵکو تێڕوانینـــی ئارتۆ بوو لەو ئەزموونەدا، ئێمە ئەو دوو ئیشـــەمان ناو نەنـــا ( ئەزموونگەری ) ناومان نا ( پـــرۆژە)، بۆ ئەوەی بزانیـــن خوێندنەوەی ئەمرۆی ئێمە بـــۆ ( ئارتۆ ) چیە؟ هەندێ کـــەس هەیە ئەڵێ ئـــەی ئیزافەی ئێوە بۆ ( گرۆتۆفســـکی ) چیە؟ دیارە گرۆتۆفســـکی جیاوازە لە هەمووی، (پیتەر بروك) ئەڵێ "گرۆتوڤســـکی جۆرێکی نایابە" مـــن ناتوانم ئیزافە بە گرۆتۆفسکی ببەخشم لەبەر ئەوەی ئەوە لانی کەم ستۆدیۆیەکی دەوێت دە ســـاڵ کار بکەیت هەتا لە گرۆتۆفســـکی تێدەگەیت، بەڵام ئێمە نەهاتووین شـــانۆی هەژاری گرۆتۆفســـکی بکەین ئێمە سوودمان لە تێڕوانینی گرۆتوفسکی وەرگرت بۆ چەمکی (ســـیمیۆلۆژیا، کولتور، تێگەیشـــتنمان بۆ فەزا) هەندێ شتی گرۆتوفسکی هەبوو ئێمە لاماندا وەك ( دەنگناسی، شیکردنەوەی دەروونی) گرۆتوفســـکی ئەڵێ "تەنها جەستەی ئەکتەر گرنگە" ئێمە جل و بەرگمان بەکارهێنـــا ئەمەش خۆی بەگژاچوونەوەی شـــانۆی هەژارە، هەڵبژاردنی جل و بەرگ لای ئێمە هەرەمەکی نەبوو، دەرەنجامی گفتوگۆی ئێمە بوو لەگەڵ یەکتر. لە دیمەنی ســـەمای دەوری ئاگرەکە و بەینی جـــل و بەرگەکە پەیوەندیەکی هارمۆنـــی زۆر قـــوڵ هەیە، ئەویش ئەوەیە کـــە جل و بەرگ لای ئێمـــە ئاماژەیەکی کولتوری هەبوو، دیارە ئاگریش لای ئێمە لە هەموو نمایشـــەکانماندا بوونی هەبووە، بـــەر لە کەرکوکیش لەنمایشـــی ( یادەوەری جەســـتە ) دا لە شاری هەولێر دیسانەوە ئاگر و زەردەشتییەت حزوری هەبووە، ئاگر لای من دەلالەتیکی کولتوری زۆر قوڵی هەیە، تۆ ناتوانی جەســـتەی کوردی لە ئاگر خاڵی بکەیتەوە، هەمیشە ئاگر بە هەر جۆرێك بێت دێتەوە، هەر لە یەکەم ئیشماندا ( پرۆڤەیەکی شانۆی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ ) هەتا ئێســـتا ئەگەر تێبینیت کردبێت ئاگر ئاماژەیەکی هەبووە، بەڵام تاکو ئێســـتا دەلالەتی ئاگر لای ئێمـــە لەگەڵ بینەراندا گفتوگۆی لە بارەوە نەکراوە، هۆ کارەکەشـــی ئەوەیە کە بینەری ئێمە ئاگاییەکی شـــانۆیی قوڵی نەبـــووە بۆ ئەوەی گفتوگۆمان لەگەڵ بکات.

* بەڵام تۆ لەمیانەی قســـەکانتدا پێچەوانەیەکت دروست کرد ، تۆ ئەڵێی ئێمە وا بەستەی ستایلێك نین ، کەچی گەر کەسێك بیەوێ ڕەخنەیەکتان ئاڕاستە بکات پێتان وایە دەبێ بە وابەستە بوون بە ستایلی (گرۆتۆفسکی )یەوە ڕەخنەکانی خۆیتان ئاراستە بکات؟

- ئێمە کە ئەڵێین بە پێی تێگەیشتن، ئەبێ تۆ لە (گرۆتۆفسکی) تێبگەیت، بۆ ئەوەی قســـە لە سەر ئیشێکی ئێمە بکەیت، ناکرێ تۆ بە میتۆدی (ستانسلافســـکی) ئێمـــە بخوێنیتەوە، بەڵام بە پێی ئەوەی من ستایلی ئارتۆ یان گرۆتۆفسکی وەك خۆی نەقڵ بکەمـــەوە، شـــتی وا لای من مەرفوزە، من بـــە هیچ جۆرێك ناتوانم کۆیلەی ستایلێك بم، چونکە ئەگەر کۆیلەی ستایلێك بم، کەواتە من مومارەسەیەك ئەکەم کە بەردەوام گریمانەیەکم داناوە و ئەیســـەپێنمە ســـەر خۆم، منیش بە هیچ جۆرێك ناتوانم ئەو گریمانەیە بسەپێنمە سەر خۆم، بۆیە باوەری تەواوم بەوە هەیە تۆ تا چەنێك سوود لە گرۆتۆفسکی وەرئەگریت. تا چەنێك سوود لە ئارتۆ ئەبینیت، لەکوێدا ئارتۆ دەناســـی، من ناڵێم ئەوە ئیزافەیە، ئیزافەم بە (ئارتۆ ) نەبەخشـــیووە، بەڵام ئەمەوێ لەو شوێنە لەو نەچم. من ناتوانم بڵێم (هاملێتی کەرکوك ) تەجاوز بووە بە سەر دەرهێنەرێکی جیهانییەوە، بەڵام تا چەند راســـتە ئەتوانم لەڕووی قســـە کردنەوە بیڵێم، بەڵام ئەوە گرنگـــە هاملێتی کەرکوك لە رۆحی خۆیدا تاچەند هەڵگری ئەو گوتارەیە؟ دیسانەوە ئەیڵێمەوە ئەوەی تـــۆ ئەیڵێی لە بارەی موفارەقە یان ناکۆکی من پێم وانیە ئەوە موفارەقە و ناکۆکی بێت، لەبەر یەك شـــت ئەویش ئەوەیە، تۆ نەهاتووی بڵێی من شانۆی (داستانی) ئەکەم، تیپەکە هەروەکو خۆت ووتت هەڵگـــری ناوی ئەزموونگەرییـــە، جگە لەوە ئێمە ئەزموونێك ناکەین بەپێی ئـــەوەی ئەزموونەکە داوامان لێدەکات، یەکێـــك لەو خاڵانەی کە گۆڕیومانە و شانازیشـــی پێوە دەکەین پەیوەندی نێـــوان هۆڵ و بینەرە،پەیوەندییەکـــی هارمۆنیمان لە بەینیان درووست کردووە، گەر بیرت بێت لە نمایشی ( زولێخا لە خەونی یوســـفدا ) یەکێك لە ئەکتەرەکان ئاگری گرت، بینەرێك



کوژاندییـــەوە، لە (هاملێتی کەرکوك )هەمان حاڵەتمان هەیە کە بینەر گوڵ لە ســـەر تەرمی هاملێت دادەنێن، خاڵێکی ترت بیسر نەچێ ئێمە تێگەیشتنی باوی بانتۆمایمان گۆڕی، ئێمە ووتمان بانتۆمایم ئەو تێگەیشتنە باو و سواو وچوارچێوە دەستنیشانکراوەی نیە، ئەو ســـتایلەش کە ئێمە کاری لە سەر دەکەین پێی دەوترێ شانۆی پاش تازەگەری، کە کۆمەڵێك دەرهێنەری گەورەش ئیشی بۆ دەکەن، دیارە خەڵکانێکی شانۆکاری کوردیش لەو بوارەدا کار دەکەن ، لەوانە (لاّبۆری شـــانۆی لاّلش) ن لە (نەمســـا ) کار دەکەن، جیاوازی ئێمە لەگەڵ ( لاّبۆری شـــانۆی لاّلش ) چیە؟

کۆمەڵێـــك جیاوازی گەورە و تەکنیکـــی هەیە کە ئێمە ناتوانین لەگـــەڵ ئەواندا خۆمان بەراورد بکەین، چونکە ئەوان خۆیان بۆ شانۆ تەرخان کردوە، شوێنی تایبەتی لاّبۆرەکەیان هەیە، لەڕووی تەکنیکییەوە دیارە ئەوان بڕوایان بە بوونی دەنگە لە کارەکانیان، بەلاّم ئێمە نەگەیشتوینەتە ئەوەی کە دەنگ پێویستییەك بێت لە کارەکانماندا.

* گەر بگەڕێینەوە بۆ مەســـەلەی ( شوێن ) لە نمایشدا تۆ پێتوایە شـــوێن تا چ ڕادەیەك بەشـــدار دەبێ لە ئاراستە کردنی گوتاری نمایش؟

- شوێن ڕوئیای دەرهێنەر دەگۆڕیت، لەبیرتە دوای تەواو بونی نمایشەکە پرسیارێکم لێکرا ئەویش ئەوە بوو "ئەو شـــانۆگەرییە بۆ لە ســـەر تەختەی شـــانۆ نەکرا" ئەو کارانەی ئێمە دەیکەین لە ســـەر تەختەی شـــانۆ ناکرێـــت، چونکە ئێمە ســـیناریۆیەکی نوسراومان نیە، بەڵکو لە ئەنجامی گەڕانمان لە (شوێن) دا شت ئەدۆزینەوە، تۆ یەکەم ڕۆژی پرۆڤەکان و دواین ڕۆژیش هەر ئامادەبوویت، بینیـــت چ گۆڕانکارییەکی گەورە بەســـەر ئەو هەموو پەیوەندیەدا هات، بۆیە زۆر جار هەر من نیم کە شـــتەکان دەخوڵقێنم دەکەم، بۆ نمونە ئەکتەرێك پێم دەڵێت : بۆ ئەوە نەکەین؟ ئەڵێم چۆن؟ ئەڵێ نازانم، بەلاّم دەکرێت شـــتێك بکەین. بۆنمونـــە یەکێك لە ئەکتەرەکان پێی ووتم " کە تارمایی باوکی هاملێـــت دێتەوە ئەی بۆ تارمایی ژنەکەشـــی نەیەتەوە؟ ئـــەو بیرۆکەیە زۆر جوان بوو بۆمـــن، ووتم چۆن؟ ووتی نازانم بەلاّم دەکرێت وابێت، ئەوە بوو لەئەنجامی ئیشکردنەوەمان لەسەر نهۆمی سەرەوە توانیمان غرترود و پاشا بکەینەوە تارمایی.

* دیارە جەســـتە فاکتەرێکی گرنگە لە گۆڕینی ناونیشانی (شوێن) ئەمەش لە (هاملێتی کەرکوك)دا بەدی دەکرا، بۆنموونە لەسەرەتاوە لەمیانی چەند کردەیەکی جەستەییدا، گۆڕستانێکمان بەدی کرد. دواتر (شـــوێن) گۆڕانی بە ســـەردا هات و بوو بە کۆشـــکی پاشـــایەتی و گۆڕەپانی ململاّنێکان و لە کۆتایشدا دووبارە بوەوە بە گۆڕســـتان. لەگەڵ ئەوەشدا هەست بەوە دەکرا کە ئەکتەرەکان جۆرە نامۆ بوونێکیان تێدایە بەرامبەر بەو شوێنەی کە بەردەوام کاری تێدا دەکەن؟

- ئەکرێ ئەوەیان لەسەر دوو ئاست دەست نیشان بکرێ، ئاستی یەکەم ئەوەیە کە ئەکتەر کەمتر ئاشـــنا دەبێ بەو شوێنە بە هۆی ماوەی دەسنیشـــانکراوی کارکردنەوە بەو شوێنە کە ماوەی (١٥) ڕۆژە، ئەمـــە وا دەکات ئەکتەر نەتوانێت هەموو بونیادەکانی ئەو شـــوێنەی بۆ ئاشـــکرا بێت، گەر تۆ لەماڵی خۆتدا چاویشت بنوقێنی هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی ماڵەکەتان دەزانیت، ڕەنگە هەموو کون و کەلەبەری ئەو شـــوێنە ئەکتەر بە باشی بە سەریدا



زاڵ نەبوویێت، ئاستی دووەم ئەوەیە ڕەنگە لە هەندێ شوێن دەست نیشانکراوو بێت و مەبەست بوو بێت، تۆ چۆن مردووەکان ئەگەڕێنیتەوە بۆ جیهانێکیتر، یانی گەر تێبینیت کردبێ دوای تەواو بوونی شانۆگەرییەکە دەردەکەوێت کە ئەوانەی مردوون بە زیندووەکان دەڵێن وەرن شانۆگەری هاملێتتان بۆ نمایش بکەین. ئەمیش ئەو دەلالەتەمان پێدەبەخشێ کە چۆن ڕابردوو لە ئێستادا ئامادەبوونی دەبێت، پرسیارکردنیشە لە زەمەنی هەنووکەمان، ئێستای ئێمە چیە؟ ئەمەش ئەو پرسیارەیە کە بۆ من زۆر گرنگ بوو لە کاتی گفتوگۆکانی دوای شانۆگەرییەکە گفتوگۆی لە بارەوە بکرایە، گرفتی سەرەکی تۆ لە قسەکردنت لە شوێن، لە قسەکردنت لە پانتایی شانۆ، لە قسە کردنت لە چەمکی دەرهێنەر، لە قسەکردنت لە هەر موفرەدەیەك کەتۆ هەتە، لە قسەکردنت لە پەیوەندی جەستەی ئەکتەر بە ئاگرەوە، ئەو گفتوگۆیانە ناکرێت بەقەد ئەوەی شتی زۆر هەرەمەکی دەبێت بە قسە کردن، ئەویش دیسان ئەیڵێمەوە نەبوونی چاوێك و نەبوونی دیدگایەکی بینینی گوتارێکی شێوەکاریە کە بتوانین شانۆ بخوێنینەوە، تا ئێستا ڕانەهاتووین لە سەر ئەوەی کە ئەوەی نمایشەکە نەیوت ئێمە چۆن ئەیڵێین.. من هەموو کاتێك ئەیڵێم ئەوەی شکسپیر لە دەقەکەدا نایڵێت ئەبێ ئێمە بیڵێین، ئەوەی ئێمەش نەمانکرد و نیشانمان نەدا، ئەبێ بینەر ئەوەمان پێبڵێت. بەڕاستی نەبوونی تێگەیشتن و نەبوونی بینین هۆکاری گەورەیە، یانی تۆ ئێستا بەر لەوەی بێیتە ئەو هۆڵە خۆت داناوە ئەگەر قسە بکەیت چ تێبینیەکت هەیە، ئەوە شتێکی باش نیە، بۆ ئەوەی من بە تۆ بڵێم شانۆکار تۆ دەبێ قسەت هەبێ لەگەڵ من، ئێمە گەر یەك کەسیش لە کاتی گفتوگۆکاندا نەبوایا.. خۆمان قسەمان دەکرد، چونکە خۆمان بریارمان داوە قسە بکەین لە سەر ئەو ئیشە، بۆیە بەڕاستیش ئەڵێم پەیوەندی ئێمە بەو شوینەوە پەیوەندییەکی دەلالی قوڵە، پەیوەندیەکە دواجار هەموو بنەماکان دەچنەوە ناو شوێن، بۆ ئەوەی لانی کەم بتوانین ئەزموونێك بکەین، ئەزموونێکی جیاواز بێت، ئەزموونێك بێت لانی کەم بە هیچ جۆرێك لە ئەزموونی خەڵکانی پێش خۆمان نەچێت، ئەزموونێك بێت تایبەتمەندی ئێرەی پێوە بێت. بەرهەمی عەقلی خۆمان بێت. ئێمە هەمیشە تێگەیشتنێکی خراپمان هەیە بۆ چەمکی ڕەسەن، پێمان وایە تەنیا ئەو شتانە ڕەسەنن کە بە کوردی قسە دەکەن و جل و بەرگی کوردییان لە بەربێت، نا ئێمە ئەتوانین ڕەسەن بین و بە کوردیش قسە نەکەین و جل و بەرگیشمان کوردی نەبێت.

* ئاخۆ ئەبستراکردنی دەقێکی وەکو هاملێت لە دیالۆگ، پاشان هێنانە گۆی زمانی جەستە، تا چەند توانیبووی تەنگژەی ئەگزستیەکانی هاملێت وەکو مەسەلەی (بوون و نەبوون) ئاراستەی زەینی وەرگر بکات؟

- دیارە خاڵێك کە زۆر گرنگە لای هەموو دەرهێنەرەکان " من هەم یا نیم ئەمەیە گرفتەکە " ئەو مەنەلۆژە فەلسەفیە لای ئێمە بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە، ئەوی بایەخی پێدراوە، یەك دێری تارماییەکە بە هاملێت ئەڵێت "ماڵئاوا هاملێت لە یادم مەکە" هەموو بیرۆکەی ئیشەکەی ئێمە لە سەر ئەو دێڕە دروست بوو، کاتێك تارمایی لە بەرزییەکەوە بە کوڕەکەی ووت "من بەو جۆرە کوژرام"

* بەمەرجێ گرفتی سەرەکی لە (هاملێت) دا (بوون و نەبوون) ە

- بەڵێ (بوون و نەبوون)ە، بەڵام ئێمە وا ڕاهاتووین کاتێك کاری دەرهێنان لە تێکستێکدا ئەنجام ئەدەین بەرەو بابەتە گەورەکان دەچین، واتا ئەوانەی زۆر سەرەکین ، کەچی ئێمە ئیشمان لەسەر پەراویزەکان کرد ئەو بابەت یا ئەو دەستەواژەی دەرهێنەرێك لە (هاملێت)دا بایەخی پێنادات، ئێمە کارمان لە سەر ئەو بابەتە کرد، تێگەیشتنی ئێمە بۆ (هاملێت) ئەگەر دەستەواژەکەم ڕاست بێت ئەڵێم تێگەیشتنێکی تەواو جیاواز بوو، جیاواز بوو بەو مانایەی کە کێشەی (بوون و نەبوون) ئەو بایەخەی پێنەدرا، ڕەنگە هەندێ کەس پێشبینی ئەوەی کردبێ بۆ کاری ئێمە هەموو ئیش کردنەکەی ئێمە لە سەر (بوون و نەبوون) بێت .

* هەمووش چاوەڕوانی ئەوە بوون.

- بەڵێ هەموو چاوەڕوانی ئەوە بوون، بەڵام لە یەك ساتێکی خێرادا ئاماژەی پێکرا، دواتر خۆشمان تێکمانشکاند، کاتێك کە هاملێت کەللە سەرەکە دەکاتە ناو ئاگرەکەوە، یانی کۆتایی هێنانە بۆ مەنەلۆژە ناسراوەکەی (هەم یان نیم) مەسەلەیەك نیە بەقەد ئەوەی لایەنە ئینحیرافیەکان زۆر مەبەستن، بۆ نموونە ئەو پەیوەندیە سێکسیە توند و تیژەی کە لە نێوان هاملێت و ئۆڤیلیا دا هەیە، ئەوەیان لایەنێکی زۆر گرنگە، ئەگەر سەرنجت دابێت دوای ئەوەی ئۆڤیلیا بە قامچیەکە لە هاملێت ئەدات، ئەیەوێ بچێتە ژوورەوە ئەگەڕێتەوە بە ئیستفزازەوە سەیرێکی هاملێت دەکات و بە دەستی ئاماژەی بۆ دەکات، ئەمە ڕێك ڕستەیەکی شکسپیریە "گەورەم هاملێت " ئەڵێ "ئەوە گەورەم بوو سکی پڕ کردم، ئەوە خۆشەویستم بوو کە وایلێکردم" لای ئێمە دوای ئەوەی هاملێت پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ئۆڤیلیا دەکات ، ئیتر تووشی حاڵەتێکی وجوودی خۆی دەبێت، ئەو حاڵەتە بوونگەرایە هاملێت خۆی تووشی دەبێت، بەڵام نەك بەپێی تایبەتمەندی شکسپیر، بەڵکو بەپێی تایبەتمەندێتی کیرد کیگارد تووشە بێ، بەپێی تایبەتمەندێتی هایدگەر لە زمانەوە تووشی ئەبێت، بەپێی تایبەتمەندێتی سارتەر تووشی ئەبێت، ئەوە کارێکی قورسە ڕەنگە ئەکتەر نەتوانێ تێبگات، بەڵام بە هۆی ئەوەی من خۆم بەردەوام خوێنەرێکی فەلسەفەم و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی ئەنووسم و کتێب لەسەر فەلسەفە ئەنووسم، ئەوە هاریکاییەکی

باشـی کردووم زۆرجـار پێیان ووتوم تۆ شـانۆکاری پەیوەندیت چییە بە فەلسەفەوە، بەڵام من هەمیشە فەلسەفە یارمەتییەکی زۆرم ئەدات، کتێبی (مەعریفە و دەسـەڵات .. دەروازەیەك بەرەو خوێندنەوەی فۆکۆ) لە نووسـینی جیل دۆلۆز، من ئەگەر ئەو کتێبـە نەخوێنمەوە قەد ناتوانم کاری شـانۆیی ئەنجام بدەم، ئەو کتێبە فێری کردووم کە سیسـتمی ڕێکخەر لە کاری شـانۆییدا چییە، کە ڕاستە باسی "مێشێل فۆکۆ" ئەکات و پەیوەندی بە شانۆوە نییە، بەڵام هێندەی لەو کتێبەوە سوودم لە کاری شانۆیی وەرگرتووە، ڕەنگە هیچ کتێبێکی شـانۆیی ئەوەندە سوود بەخش نەبوو بێـت بۆمن، لەبەر ئەوە بیرمان نەچێ شـیعریەتێکی زۆر گەورە لە شکسـپیر دا هەیە، ئەوەی من ئەتوانم لە شکسپیردا، ئەنجامی بدەم ناتوانم لای براندیللو ئەنجامی بدەم، دەقەکانی ئەپسن بڵێیت ناتوانم بەو شێوەیە ئەنجامی بدەم، چونکە شعریەتی شوێن لای شکسـپیر ئامادەیە خۆی هانم ئەدات بەو شێوازە کار بکەم، یانی شکسـپیر خۆی شیعریەتێکی تێدایە، ئەتوانی ئەو شیعریەتە بتەقێنیتەوە، هەموو ئەو دیالۆگانە لە دەقەکەیا لابەرین، هێشتا ئەو شـیعریەتەی تیاماوە، گەر لە هەمـوو ئەدەبیاتی جیهاندا بگەڕێین جارێکی تر کارەکتەرێکی وەکو هاملێت نادۆزینەوە، بۆ نایدۆزینەوە؟ چونکە هاملێت جیاوازە، ڕاسـتە هەموو دەرهێنەر و ئەکتەرێك خەونی ئەوەی هەیـە هاملێت ئەنجام بدات، بەڵام گرنگ ئەوەیە هاملێتی تۆ لە هاملێتێکی دیکە نەچێت، بەپێی ئەوەی ئێمـە هاملێت ئەکەین، هاملێتی ئێمـە چۆن هاملێتێك ئەبێت؟ تەنها پەیوەندی بە خەیاڵی تیپی شـانۆی ئەزموونگەری کەرکوکەوە دەبێت، ئەوەیان کێشـەیەکی گرنـگ بوو بۆ ئێمە، ئەوەیانـە کە ئێمە شـانازی پێوە دەکەین، بـۆ ئێمە هاملێت لە هەموو کارەکانی دیکەمان جیاواز بوو. ئەزموونێك بوو زۆر زۆر جیاواز بوو، ئێمە دوای ئەوەی "پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ جاوەڕوانی گۆدۆ" مان ئەنجامدا، بیرۆکەیەك لە خەیاڵمدابوو تەنانەت ئەو کات لـە ڕۆژنامەی هەولێر پۆسـت بە ناوی ڕاگەیاندنی تیپی ئەزموونگەریەوە شتێکمان نووسی، لە ژێر ناونیشانی " تێروانینێك بۆ گرۆتۆفسکی و شکسپیر لە لابۆرێکی شانۆیی" شتێکی لەو جـۆرە بوو، نازانم باش نایاتەوە بیرم، ئێمە لە سـەرەتای تیپەکە ووتمان چۆن

شکسـپیر و گرۆتۆڤسکی لە پرۆژەیەکدا کۆ دەکەینەوە، ئەمە بەلامانەوە جێی بایەخ بوو، تۆ چۆن گرۆتۆڤسکی یەك دێنیت کە هەموو ئیشـکردنی لەسەر جەستەیە و شکسپیرێکیش دێنیت کە هەموو دنیا سەرسامە بە حیواری شیعری شکسپیر، کۆکردنەوەی ئەو دوانە یان با بڵێین بە مانایەکی تر لای ئێمە گرۆتۆ فسـکی و شکسپیر لەماڵێکدا (هاملێت)یان داوەتکرد.

* هاملێت چەقی بابەتی نمایشـەکەیە، هاوکات منیش وەکو وەرگرێك هەستم بەوە دەکرد کە ئۆڤیلیا لە هەندێ حاڵەتدا دەبوو بە چەقی نمایشەکە، ئەوەی کە بەدیمان دەکرد هەر هەموو پێکەوە تـاوان ئەنجام دەدەن، لەکۆتایدا ئۆڤیلیا تێکرایان سـزا ئەدات و پاشـان خۆشی سزا ئەدات و ئەم خسوسیاتدانە بە ئۆڤیلیا بۆچی ئەگەڕێتەوە ؟

- سەرەتا کارەکە ئەبوو ناوی ئۆڤیلیا بێت نەك بە ناوی هاملێت، ئێمـە نیازمان بوو ناوی بنێین ئۆڤیلیای کەرکوك نەك هاملێتی کەرکوك، ئۆڤیلیا تەوەری سـەرەکییە، لای من ئۆڤیلیا هەمیشە هەسـت بە تاوانەکان ئەکات، چونکە خۆشەویستەکەی ئاشکرا کردووە، ئۆڤیلیا گوناە دەکات، بەڵام هەسـتیش بە گوناهەکان دەکات، ئەوانیتـر گوناە دەکەن و ناشـزانن گوناهبارن، هاملێت پێی وایە هەمـوو تاوانی ئەوەیە کە تارمایـی باوکی کوژراوە، بـەڵام ئۆڤیلیا وانیە، ئۆڤیلیا ئەزانـێ و نایەوێت گوناە بکات، بەڵام ئەیکات، ئەشـیکات هەست بە گوناهباری خۆی ئەکات، بۆیە دەبوایە کارەکە بەناوی ئۆڤیلیاوە بێت نەك هاملێت، ئۆڤیلیا میحوەری سـەرەکی ئیشـەکەیە، ئا ئەمەیە ئێمە جیا دەکاتەوە، هەمیشە جەخت کردنە لەسەر شەخسیەتی هاملێت، بەڵام ئۆڤیلیا تەوەری سەرەکییە و هەموو ئیقاعی ئیشەکەش ئۆڤیلیا ڕایگرتووە، بەڵام تۆ بینەرێکت هەیە بە هاملێت ئاشنا بووە، پێویستی بەوەیە ئەو هاملێتە ببینێت، گەر دەرهێنەرێك دوای من هاملێتێك بکات، بە ڕووئیایەکی تر، بینەری ئێمە ئەیەوێت ئەو هاملێتە ببینێت کە ئەیەوێت، بەڵام من بڕوام بەوەیە ئیشـکردن لەسەر ئەوە گرنگ نییە هاملێت میحوەری ئیشـەکە بێت، تۆ ڕاستەکەی ئۆڤیلیا تەوەری سەرەکی ئیشـەکەیە، چونکە هەموو دەلالەتەکان لەودا کۆبونەتەوە، هەر ئۆڤیلیاشـە بانگی بینەرەکان دەکات بۆ بینینی نمایشەکە، هەر ئەویشـە داوا دەکات تەرمەکەی هاملێت ببرێتە گۆڕستان، پاشان هەر ئۆڤیلیایە خۆی خۆی سزا دەدات. ئۆڤیلیا زۆر جیاوازە، ئەو وەك هاملێـت نیە، هاملێت ئەکوژرێ، بەڵام ئەم خۆی دوای شـێتبوونەکەی بڕیار دەدات بچێتە ناو گۆڕەکەی هاملێت، بۆ ئەوەی بەیەکەوە بمرن.

* بەبۆچوونی گرۆتوڤسکی شـانۆ لە گۆشەنیگای دوێنێوە ئەمرۆمان نیشـان دەدات، هەروەك لە گۆشـەنیگای ئەمرۆوە دوێنێمـان بـۆ دەخاتە ڕوو، ئاخـۆ ئەم هاوکێشـەیە تا چەند ئاوێتەکردنی دوو کولتووری جیاواز قبوڵ دەکات؟ واتا داماڵینی دەقێکی کلاسـیك لە ووشە، پاشان داڕشتنەوەی گوتارێکی نوێ و ئاراسـتە کردنی بەرەو زەینی وەرگرێك کە سـەر بەکولتور و زەمەنێکی جیاوازە؟

- خاڵێـك هەبوو لای گرۆتۆڤسـکی ئێمـە بایەخی زۆرمان پێدا، ئەکتەرێك کە باسی ئێسـتای دەکات لە ئێستاوە دەچێتەوە ڕابـردوو، تارمایی کاتێك کە لە بەرزاییەکـەوە دەردەکەوێت بە هاملێـت و ئۆڤیلیا دەڵێت ئەوە بوو ڕابـردوو، یانی دەمانباتەوە ڕابردوو، ئەمە لای گرۆتۆڤسـکی گرنگە، هەروەها لای ئێمەش



ئامادەبوونی هەیــە، بەڵام داهاتوو هیچ بوونێکی نییە، ئایا ئەم ئەزموونەی ئێمە تایبەت بوو بە باســکردنی کولتوری تایبەت؟ نا بەهیچ شێوەیەك. تۆ لە جل وبەرگەوە شێوە کولتورێك ئەسەپێنیت، لە ئاگرەکەوە کولتورێك ئەســەپێنیت، کولتوری یادەوەری ئەکتەر شتێکە، کولتوری بینەر خۆی شتێکی ترە، ئەوەش وامان لێدەکات بڕوامان بە فرە کولتوری هەبێت. گەر تێبینی بکەی لە ئەنجامی قســەکانم هەمیشــە بۆ (پیتەر بروك) ئەگەڕێمەوە، شانۆی فرە کولتوری کە (بروك) باســی دەکات شانۆیەکە زۆر لەگەڵ ئێمە دایە، ئێمە زۆر دەمانەوێ بۆ شــانۆی فرە کولتوری کار بکەین، ئەگەر پرسیارەکان تەواو بێت بەڕاســتی من قسەی ترم هەیە بیکــەم، ئێمە لە داهاتوودا ئەبێ چۆن کاربکەین؟ چونکە دیارە ئەو قۆناغەی ( تیپی شانۆی ئەزموونگەری) تەواو بوو، قۆناغی یەکەم تەواو بوو (پێنج) ئیشمان کرد، لە سەر ئەو ئیستنتاجانە، ئەی قۆناغی دووەم چیبکەین؟ ئێستا دوای هاملێت ئێمە ماوەیەك دەوەســتین هیچ ناکەین، بە خۆمانــدا دەچینەوە و دەخوێنینەوە موتابەعە دەکەین، پێویستمان بەبۆچوونی شانۆکاران هەیە، دوای ئەوە پاشــان دەبێت قۆناغی دووەممان جیاواز بێت، هەر (پێنج) ئیشــێك قۆناغێك درووســت دەکات، من لــە هەولێر لە ماوەی (دە) ساڵدا قۆناغی یەکەمی ئیشکردنم بوو، کە هاتمە کەرکوك قۆناغی دووەمم تــەواو کرد، تیپەکەش قۆناغی یەکەمی تەواو کرد، ئێســتا قۆناغی ســێیەمی مــن وەك دەرهێنەر و قۆناغی دووەمی (تیپی ئەزموونگەرییە) دیارە کە ( شــانۆی کولتوری)ش لە داهاتوودا زۆر زۆر بایەخی دەبێت لای ئێمە.

❊ گەر بگەڕێینەوە بۆســەر کاریگەری داماڵینی هاملێت لە ووشــە، گوێم لێبوو یەکێك لە ئامادەبــووان دوای تەواو بوونی نمایشەکە بە هاورێکەی ووت "من هاملێت ناناسم و هیچیش لەم نمایشە تێنەگەیشــتم" خوێندکارێکی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانیش ڕاســتەوخۆ پێی ووتــم" هەرچەند هەوڵمدا مێشکم ئیستیعابی نمایشەکەی نەکرد، ئەکرێ بۆمی شیبکەیتەوە؟" ئەم ناحاڵیبوونە بۆچی ئەگەڕێتەوە؟

- ژمــارەی بینــەر لای گرۆتۆڤســکی (٣٠) کەســە کــە گرۆتۆڤسکی خۆی دەست نیشانیان دەکات کە کێن، ئەوە جیاوازی نێــوان گرۆتۆفســکی و پیتەر بروکە کاتێك لــە قۆناغێکدا گرۆتۆ فسکی داوای ئەوە دەکات کەشانۆ بە میللی بکرێت، ئەوە جیاوازی گرۆتۆ فسکی بوو.

❊ گرۆتوڤســکی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو بینەرەی ئامادەی بینینی نمایشــێك دەبێت پێویستە خاوەن هۆشیارییەکی ئەو تۆ بێت کە بتوانێت شــیکردنەوەی هەبێت، بەڵام لە شارێکی وەکو کەرکوکدا تا چەند ئەتوانن ئەو ئامانجە بپێکن؟

- دواجار ئەگەر بێــت و ژمارەی بینەری ئێمە بریتیبێ بێت لە (پێنج) کەس ئێمە زیاتر ڕێزیان لێدەگرین و شانۆیان بۆدەکەین، من ناتوانم بێم بە بینەرێك بڵێم "ئەم دیمەنە یا ئەوی تر باسی ئەوەی دەکرد" پێویســتە بینەر خۆی بەشــداربێت لەهۆشیاری شانۆیی، یانی تۆ قوتابییەکی شــانۆت هەیە کە لە شــانۆ ئەخوێنێت، لە ســەر خۆیەتی کە بەر لەوەی بێتە کارەکەوە هاملێت بخوێنێتەوە، ئەبێ خــۆی تێبگات نەك من تێیبگەیەنــم، پێم وایە خەلەلێك هەبێت لەوەی ئەکتەرێك نەتوانێت ئەوە بگەیەنێت، هەر ئەکتەرێك لای من بێت گەر گرۆتۆڤسکیش نەناسێ لە ئەنجامی کارەکەوە ئەبێت گرۆتۆڤسکی بناســێت، لە ئەنجامی محازەرەیەك ئەبێت بیناســێت، بۆیە من پێم وایە بینەر لەو هاوکێشــەیەدا گرفتی قوتابیەکە نییە کەتێناگات گرفتی مامۆستاکانی پەیمانگایە کە ئەوانیش ناتوانن لەو حاڵەتە تێبگەن، باشە قوتابییەك لە ئەنجامی ئیشــکردنی کە لە هاملێت نەگات کە (ئۆدیب)ی نەخوێندۆتەوە زۆر ئاساییە، بەڵام مامۆستایەکی بەڕێز کە پێیوایە پرۆفیسۆرە پســپۆری بوارەکەیە، کــە ئەویش نەتوانێت لــە هاملێت بگات گرفتەکە لەوێیە، کە ئەو نەتوانێت لە گرۆتۆڤســکی تێبگات، کارەســات لەوێیە، بۆیە بە ڕاستی کاتێك ژمارەی بینەر دەست نیشان بکرێت، گەر بارودۆخەکە هێمن بێت بزوتنەوەیەکی شانۆیی تۆکمە و فراوانمان هەبێت، ئەکرێ ئەو مامۆســتایە بینەری ئەو شانۆگەرییە نەبێت.

❊ ئەی چۆن ئەتوانین پەرە بەو بینەرە بدەین؟

- ئەو بینەرە هەتا پێیوابێت هەمووشــتێك ئەزانێ کە هیچیش نازانێت، پەرەی پێنادرێت، قسەیەکی ناسراوی سوکرات هەیە ئەڵێ

” جیاوازی نیوان من و خەڵکی ئەسینا یەك شتە، خەڵکی ئەسینا پێیان وایە کە هەموو شتێك ئەزانن، کەچی من ئەزانم کە هیچ نازانم“ من هەمیشە کە کارێك ئەکەم هەستەکەم زۆرم ماوە، بەڵام موشکیلەی ئەو بەرێزانە ئەوەیە کاتێك کە کارێك ئەبینن پێیان وایە کەهیچ نییە و توانای ئەوان زۆر لەوە گەورەترە، بەڵام نازانم ئەو توانا گەورەیەی ئەوان تاکەی شاراوە ئەبێت، تاکەی دەرناکەوێت، تا ئێمە بیبینین، بۆیە بەڵامەوە ئاساییە کە ئەو بینەرە ئاساییە بڵێت من لە هاملێت تێنەگەیشتم، زۆر ئاساییە، بەڵام زۆر زۆر کارەساتە کە کەسێك پێی وابێت مامۆستای شانۆیە و بڵێت من تێناگەم، بۆ تێناگەیت؟ یا خەلەل لە منە یا لە عەقڵی تۆیە، گەر خەڵکانێك تێگەیشتن و خوێندنەوەو پرسیار و ڕەخنەیان هەبوو، ئەوە مانای وایەخەلەلەکە لەمن نییە، کەوایە خەلەلەکە لە عەقڵی تۆیە، گەر خەلەلەکە لەمنە وەرە پێم بڵێ، بەڵام موشکیلە ئەوەیە کە ئەو برادەرانە هەمیشە لە گفتوگۆ ئەترسن.

* لە پرۆژەکانی پێشووترتان، هەر وەکو لە (سەگ و دەف ) و (زولێخا لە خەونی یوسفدا ) ئەوەی کە بەدی دەکرا ئێوە زیاتر لەژێر کاریگەری تیۆرییەکانی ئارتۆ کارتان دەکرد، بەڵام دواتر ئاراستەکە گۆڕا و ڕووتان کردە شانۆی هەژار، ناڵێم سەد دەر سەد لەو ستایلە کارتان کرد، بەڵام وەکو پێشتر خۆشت ئاماژەت پێ کرد کەوتنە ژێر کاریگەری تیۆرییەکانی شانۆی (هەژار ) ی گرۆتۆڤسکیەوە، پێت وانیە جێهێشتنی ستایلێك و ڕووکردنە ستایل و شێوازێکی تر، زیاتر ئەرکی گروپێکی لابۆرییە نەك گروپێك کە ئەندامەکانی تەنها بە مەبەستی پرۆڤەکردن بۆنمایشێك لە یەکتر کۆ دەبنەوە؟

- بەڵێ .. دیارە ئیشکردنی من بۆ خۆی هەمیشە وەك ئیشکردنێکی لابۆری ویستومانە ئیشبکەین، حەزمکرد ڕۆژێك بەرێزێك لە دوای نمایشێك و لە گفتو گۆیەکی ئێمەدا ئەو قسەیەی بکردایە، نەك پرسیارێك بێت بەتەنها جوابی بدەمەوە، کاتێك چووم بۆ هەولێر و دوای دابڕانێکی حەوت مانگی کە گەڕامەوە ووتم دوو پرۆژە بۆ ئارتۆ ئەکەین، یانی بەمەبەست بوو، بۆیە دوو سیناریۆم نووسی، قۆناغی ئارتۆ مان بڕی، پاشان هاتین گرۆتۆڤسکی مان کرد، ئێستا هەنگاوی داهاتوومان تەواو جیاوازە لەو قۆناغە ، یەکێك لەو شتانەی کەئیتر نیمانە دەقە، هیچ بیرۆکەیەك نییە، هیچ هێلکارییەك نییە، هیچ سیناریۆیەك نییە، ئەچینە پرۆڤە و گفتوگۆ ئەکەین و تەمرین ئەکەین، ئەو تەمرینە ئەکەینە نمایش.. بۆ؟ ڕۆژێك لە ڕۆژان گەورە شانۆکارێکی دنیا بەناوی ( گۆردن گریك) ووتی ”شانۆی داهاتوو شانۆی جووڵە و ئاماژەیە، ئەو ڕۆژەش دێت کە دەقی شانۆیی نەمێنێ“، بە ڕاستی بۆ ئێمە ئێستا ساتە وەختی هاتنە دی ئەو قسەیەی گۆردن گریکە، ئەگەر تەواوی شانۆی کوردی ئەو قسەیە بە فانتازیا تێبگات، ئەوا ئێمە لە (تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك) بە هەند وەریئەگرین و بە فەنتازیای نازانین، ئێمە ڕێك بە بەرنامەی خۆمانی تێدەگەین، پێشم وانیە بەو ڕادەیە بێت کە ئەکتەر لای من تەنها بۆ کارێکی شانۆیی بێت، لەبەر ئەوەی گەر بیرت بیت ئیشکردنی زۆری ئێمە وایکردووە ئەکتەر لە خۆیەوە هەست بکات کە کائینێکی شانۆییە، لە مانگی (دوو و سێ ) دوو کارمان کردووە، لە مانگی (شەش) ئیشێکی ترمان کرد، بۆ ئەم (شەش) مانگەی تریش ڕەنگە (سێ ) ئیشی تر بکەین، ڕەنگە هیچ نەکەین، گرنگ ئێمە هەمیشە لەگەڵ یەکدا لەگفتوگۆداین، گەر ئەکتەرێك لەساڵێکدا لە (شەش) شانۆگەریی ئیشی کردبێت، لە (شەش) هەوڵی ئەزموونگەری جیاواز ئیشی کردبێت، هەست دەکات کائینێکی شانۆییە، قەشەیەك چۆن هەست دەکات کائینێکی ئاینیە، یا حاکمێك بەهۆی حوکمە هەمیشەییەکانی هەست بەوە دەکات کائینێکی یاساییە، ئەکتەر لای من هەست دەکات کائینێکی شانۆییە، کاتێك یەکتری دەبینین و گفتوگۆ دەکەین و سەرچاوەو نووسینی لەبارەی کارکردنەکان پێدەدەم، ئەوەی کە ئەکتەری من لە ئەکتەری تیپەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەکتەر لە تیپێکی تر ساڵی جارێك یا دوو ساڵ جارێك بە عەفەوی دەقێك دەگرێتە دەستییەوە و لەبەری دەکات، لای من دەقێك نیە بەدەستییەوە بیگرێت، بەتایبەتی لەقۆناغی ئێستاماندا، ئێمە ئێستا لە گفتوگۆین لەگەڵ یەکتری لە بارەی پرۆژە و قۆناغی داهاتوومان.

* ببوورە حەز دەکەم لێرەدا ڕاتبگرم، ئەوەی تۆ باسی دەکەی ئەو ئەکتەرەیە کە گرۆتۆڤسکی پێیدەڵێت ئەکتەری موقەددەس واتە پیرۆز، کە پێویستی بە دەرهێنەری پیرۆزترە، ئایا ئێمە ئەو ئەکتەرە پیرۆزەمان هەیە کە بتوانێت کاری ڕاگوزاری بکات؟

- نا، بەڵام بەپێی ئەو خاسیتەی من ئەمەوێت، تۆ هەمیشە شانۆکارێك خەونت گەورەی هەیە، بەڵام من ناتوانم ئەو خەونە گەورەیەم دیارە گەر هەشم بێت ئەمرۆ نایاتە دی، بەشێك لەو خەونەی من ئەکرێ بێتە دی لە ئەنجامی مەشق و کارکردنمان ئەوەی گرۆتۆڤسکی ئەیلێ و ئەوەی من ئەمەوێت، ئەوەی کە گرۆتۆڤسکی بە ئەرزی واقع لە کاتی حکومەتی پۆڵۆنی ئەیلێ کە داوا دەکات ئەکتەری گرۆتۆڤسکی با هیچ ئیشێکی تر نەکات لە شانۆ زیاتر، چونکە مووچەی هەیە و پێویستی ژیانی دابین ئەکات، ئەوە لەو بارودۆخەی ئێمە خەیاڵێکی گەورەیە، تا ئێستا پێم دەڵێن کارەکانت بۆ ناهێنێت بۆ هەولێر و سلێمانی؟ ئێمە ئەڵێین شانۆگەرییەکمان نییە ڕۆژێك بیهێنینە هەولێر و سلێمانی نماشی بکەین و بیێینەوە، گەر بچینە هەولێر ئەبێ یەك مانگ بمێنینەوە تا شوێنێك بدۆزینەوە و تەمرینی لێبکەین، ئەو ئیشەی لێرە ئەکرێ ناچێتە هەولێر، ئەوەی لە هەولێر ئەکرێ ناچێتە سلێمانی، لە هەر شارێك ئەبێت بەپێی شوێنەکە ئیش بکەیت،



بەیانی وەزارەتی ڕۆشنبیری یا ڕێکخراوی هونەرمەندان یا هەر دەزگایەکی تری فەرهەنگی و کولتوری، ئێمە بانگ بکەن بۆ هەر شارێك ماوەی مانگێك لەوێ بمێنینەوە، ئێمە ئەزموونی تیا دەکەین، سەبارەت بە قسەکەی تریشت کە ئایا ئێمە ئەو ئەکتەرەمان هەیە؟ من پێت دەڵێم ئەو ئەکتەرەمان نییە، بەڵام ئەکتەر لای من گەیشتۆتە ئەو خاڵەی کە من چیم ئەوێ لە شانۆدا، بۆیە هەمیشە ژمارەی ئەکتەرەکانی ئێمە ئەگەر بەرەو کەمبوونەوەش بچن، بەڵام دواجار ناتوانین ئەکتەری تازە وەربگرین، چونکە ئەکتەری تازە لای ئێمە ڕەنگە نەتوانێ بە ئاسانی لەو خاڵە تێبگات و هەمیشە بە شێوازێك کار ئەکەین کە گەیشتووینەتە خاڵێکی جەوهەری، ئەویش ئەوەیە کە ئەکتەر لای ئێمە هەستەکات وەزیفەی ئەوەیە کە ماندوو بێت و بگەڕێت، چەمکی گەڕان بەدەگمەن لە شانۆی کوریدا بوونی هەیە، هەمیشە ئەکتەر پێویستی بە دەقێك هەیە بۆئەوەی لە بەری بکات، من ناڵێم ئەوەی ئێمە بانگەشە کردنە بۆ لابۆرێکی شانۆیی، بەڵام شێوازێکمان بۆ بەرهەم دێنێت کە ئەکرێ نزیك بێت لە لابۆرەوە،چونکە گەر تۆ لابۆرێکی شانۆییت هەبوو ئەبێت شوێنت هەبێت بۆ ئەو لابۆرە، ئێمە تا ئێستا ئەوەمان نییە، بەڵام هەر ئیشێك بۆخۆی جۆرێکە لە لابۆرێك بەڕاستی لە (هاملێتی کەرکوك) تەنانەت یان لە (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) پەیژەکان بۆ ئێمە ببووە لابۆرێك، پرۆڤە و گەڕانەکان وادەکەن بگەینە شوێنێك، لە (زولێخا لە خەونی یوسفدا) ئەویش هەر وابوو، ئەو شوێنە (قەیسەری قەڵا) بوو، ئێستا زەروورییە ناوی تیپەکە بگۆڕین، ناوی بنێین (لابۆری شانۆی کەرکوك) بەڵام لەبەرئەوەی شوێنێکی تایبەتمان نییە، بودجەیەکمان نیە، ئەکتەرەکان لە حەز و سەرکێشی خۆیان بۆ شانۆی ئەزموونگەری و کارکردن لەگەڵ من ڕەنجێکی زۆر دەدەن، بۆیە ناتوانین ناوی تیپەکە بگۆڕین، بەڵام ئەکرێ بەرنامەی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك) بێت کە بۆ خۆی ئیتر کاری لابۆری ئەنجام بدات، ئەوەش ئەوە نییە (تیپی ئەزموونگەری) چەند دەرهێنەر و ئەکتەری هەیە، (تیپی ئەزموونگەری) هیچ دەرهێنەرێکی نییە.

* تەنها چاوێك کە چاودێری ئەکتەرەکانی بکات؟

- تەواوە ئێستا دەقمان نەما، دەرهێنەریشمان نەما، ئەکتەرلای ئێمە ئەبێت بە جەستەی کولتوری، منیش ئەبم بە بینەری یەکەمی ئەو (پێنج) کارەی قۆناغی داهاتوومان، یا هەر بە داڕشتنەوەی پانتایی ئەمێنمەوە، جەستەکانی ئەو قۆناغەش بریتی دەبن لە (دیدار مەجید و شکۆ عەمەر و فریاد ئەحمەد).

* شانۆی گرۆتۆفسکی ژمارەیەکی کەمی وەرگر لەخۆ دەگرێت، هاوکات هەوڵ بۆ دروست کردنی پەیوەندی نێوان وەرگر و نمایش دەدات، ئەویش لەڕێی لادانی تەواوی بەربەستەکانی نێوان هەردوولا تا ئەو ڕادەیەی وەرگر بە تەواوی هەست بە هەناسەدان و بۆنی ئارەقەی ئەکتەرەکان دەکات، دەشێ بڵێین بەشداریکردنی ئامادەبووان لەمەراسیمی بەخاك سپاردنی هاملێت بەشێك بوو بێت لەو پەیوەندیە، یان پەیوەندی نێوان (وەرگر/ نمایش) لای گرۆتۆفسکی پەیوەندیەکی ڕۆحیە نەك کردەیی؟

- گەڕانەوە بۆ گرۆتۆفسکی گەڕانەوە نیە بۆ ئەزمونێکی شانۆیی بەپێی خاسیەت و تایبەتمەندیەکان، گەڕانەوە ئامادەبوونی تیۆرە لەپرۆسەی نمایش، تیۆر بنەمایەکی زانستی دەخوڵقێنێ بۆ ئەزموونی شانۆیی، ستراتیژی ئەزموون نارۆشن نابێت، ئێمە پەیوەندی نێوان تەختەی (شانۆ و هۆڵ) مان گۆڕی، بینەر لەناو هۆڵێکی تاریك سەیری ئەکتەرەکان ناکات کە ڕووناکی ڕۆشنیان بکاتەوە، ئەکتەر و بینەر لەشوێنێکی وەك یەك ئامادە دەبن، بینەر بەشداریکی ئەکتیڤە لەو ئەزموونەدا، هەربۆیە بینەری ئامادەبوو پێویستە خاوەنی ئاگاییەکی فکری و جوانکاری بەرز بێت بۆئەوەی لەکارەکە تێبگات، ئەوەش تیۆرە وامان لێ دەکات بینەرێکی دەست نیشان کراو بانگهێشت بکەین، ئەگەر ژمارەی بینەری گرۆتۆفسکی بریتی بێت لە (٣٠) کەس، هێشتا پێم وایە ئەو ژمارەیە زۆرە، بەهۆی ئەوەی تا ژمارەی بینەر کەمتر



بێت، کاریگەری سرووتی شانۆیی لەسەر بینەر کاریگەرترە، هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە ئەو شوێنەی هەڵیدەبژێرین شوێنی (٢٥) کەسی تیا بێتەوە، ئەگەرچی زۆر جار ئەو بینەرە ئەو ژمارە دەست نیشان کراوە دەبەزێنێت، زۆرجار لەوەی ئێمە خوازیارینە زۆر زیاترە، ئەوە وامان لێدەکات بۆ داهاتوو هەمان ڕێچکەی گرۆتۆفسکی بگرینە بەر و خۆمان بینەرەکەمان دەست نیشان بکەین، بەشداریکردنی بینەر لە بەخاك سپاردنی هاملێت سرووتێکی شانۆیی کۆمەڵیە، سرووتێکە پەیوەندی بە کولتوری کوردیەوە هەیە، سرووتێکە لە کولتوری خۆمان وەرگیراوە، ئەو سرووتە گۆڕینی پەیوەندی نێوان ئەکتەر و بینەرە، پەیوەندیەکی سیمیۆلۆژیە بەهۆی ئەوەی ئەو گوڵانەی سەرەتا ئۆفیلیا بەسەر بینەران دابەشی دەکات، لەکۆتاییدا بینەران دوای ئەوەی هاملێت بە خاك دەسپێرن، گوڵەکانی لەسەر گۆڕەکەی دادەنێن، ئەوە پەیوەندیەکی هارمۆنیە لەناو وێنەی شانۆیی ئەکتەر و بینەر جەستەی هەردووکیان لەناو وێنە بەشدارە.

* لەدەستدانی سیمای کارەکتەرەکانی نێو نمایشەکە لەهەندێك باروودۆخدا پاشان گەڕانەوە بۆ کەسایەتی خۆیان هەندێ جاریش هەستکردنی وەرگر بە هەڵوەشاندنەوەی یەکەی (کردە) ی نمایش و جەختکردن لەسەر بە یۆتۆپیاکردنی نمایش لەکوێی پۆست مۆدێرنەدایە؟

- جەستە لە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی نوێنەرایەتی کارەکتەرێك ناکات، بەڵکو جەستەیەکی کولتوریە، جەستەیەکە هەڵگری زانست و کولتورە، جەستەیەکە لەناو سرووت بەدوای بنەما ئەنترۆپۆلۆژیەکان دەگەڕێت، جەستەیەکی گوماناویە هەڵگری پرسیارە، پرسیار تەنیا لەو ساتەوەختە نیە کە ئەو بەر جەستەی بینەر دەکەوێت، بەڵکو پرسیار لەو ساتەوەختەوە دێتە ئاراوە کە هێشتا ئەو لەناو سرووتەکە بەشداری نەکردووە، سەمای جەستەکان بەدەوری ئاگرەکەدا، بەر لەو سرووتە ئێمە قسەیەکی زۆرمان هەبوو بەوەی ئێمە لەڕێی ئەو سرووتەوە چی دەبەخشینە وەرگر، ئەو سرووتە بۆ ئەکتەرەکان زۆر زەحمەت بوو دەیانویست سرووتێکی تر ئەنجام بدەین نەك لەبەر ئەوەی بەدوای باشتر بگەرێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی، ئەوەی من خوازیاری بووم زەحمەت بوو، دوای ئازارێکی دوو رۆژی سەرەنجام سرووتەکە لە قسەکردن و گفتوگۆوە بوو بە وێنەی ریتوالی، ئەوەش بەرنجامی ئەوە بوو کە ئەوەم بیری ئەکتەرەکان هێنایەوە سرووت لەو ئەزموونەدا جیاوازە لە سرووت لە (سەگ و دەف) یا لە (زولێخا لەخەونی یوسفدا) ئەگەر سرووت لەو دوو ئەزموونەدا بەمەبەستی پاکبوونەوەی بینەر بێت ئەوا لە (هاملێتی کەرکوك) سرووت هەڵگری پرۆسەی پاکبوونەوە نیە، هێندەی مومارەسەیەکی شانۆییە بۆ گەیشتنە پرسیاری جیاواز لەبارەی بوونەوە، ئەوە پرسیاری ئەنتۆلۆژیە وامان لێ دەکات پرسیار لە پەیوەندی جەستەی کوردی بە ئاگر بکەین بە پرسیاری فەلسەفی، ئەوە هەستکردنی ئەکتەر نیە بە بینەر لەناو سرووتدا، چونکە بینەر لەناو سرووتەکەدایە، لەدەرەوەی سرووتەکە نیە، ئەکتەر دەیەوێ بینەر لەڕێگەی سرووتەوە بگەڕێنێتەوە بۆ پرسیار، پرسیار لەبارەی بوون و ماهیەتی جەستەی خود، ئەو خودەی خاوەنی شوناسێکی زەوتکراوە، ئەوە گەڕانەوە نیە لەکارەکتەری نمایشەکەوە بۆ کەسایەتی خۆی، بەڵکو پەڕینەوەیە لە جەستەی کولتوریەوە بۆ جەستەی بینەر، بەوەی ئەو پەڕینەوەیە کەناڵی پەیوەندی کردنەوەیە بە سرووتەوە، سرووتێکی کۆمەڵی هاوبەش، سرووتێك گرنگ نیە تاچەند سنوری خۆی لەناو پۆست مۆدێرنیتی دەدۆزێتەوە، ئەوەی گرنگە سرووت تاچەند توانای بەشداریکردنی لەناو کولتوری کوردیەوە هەیە، ئایا ئەو سرووتە بەرهەمی عەقڵ و بیرکردنەوەی ئێمە نیە لە شانۆدا؟ ئەوە پرسیارە گرنگەکەیە، ئێمە هەمیشە دەمانەوێ ئەزموونێك بە ئەنجام بگەیەنین کە ئەزموونێك بێت بەرهەمی بیرکردنەوەی خۆمان بێت، ئەزموونێك بتوانێ خاسیەتێکی جیاواز بە شانۆی ئێمە ببەخشێت.

* ئەکرێ بڵێین سەمای دەوروبەری ئاگرەکە کە بەر لەخاک سپاردنی هاملێت ئەنجامدرا، جۆرێك بوویێت لەوەی پسپۆرانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیا پێی دەڵێن سرووتەکانی بواردن (گقوس الانتقال) واتە جێهێشتنی قۆناغێك و چوونە نێو قۆناغێکی نوێ، وەك سرووتی مردن و بە خاك سپاردن، یان سرووتی خەتەنە کردن کە لە کولتوری ئێمەدا باوە؟

-چەمکی سرووت لەلای ئێمە نەك هەر بایەخێکی تایبەتی پێدەدرێت، بەڵکو سرووت بونیادێکی سەرەکی نێو وێنەی شانۆییە، وەك چۆن سرووت بۆخۆی بنەمایەکی گرنگ و سەرەکی ئەنترۆپۆلۆژیایە، هەر بۆیە ئێمە شانۆکەمان دانابڕین لە ئەنترۆپۆلۆژیای جەستە، کە ئەویش گەڕان و توێژینەوەی ئێمەیە لەبارەی زمان و کولتور و سرووت، ئەوە گەڕانەوەیەکی ریتوالیە بۆ کۆمەڵگا سەرەتاییەکان و خوێندنەوەی کۆمەڵگا لە ڕێگەی کولتورەوە، ئەو سرووتی ئاگرە لە بنەڕەتدا هەڵگری دوو دەلالەتی جەوهەریە کە لە ودیو ئەو دوو دەلالەتەوە دێینە سەر خوێندنەوەی جیاواز، دەلالەتی یەکەم پەیوەندی جەستە بە ئاگرەوە، پەیوەندی جەستەی کولتوری نیە بەتەنیا، بەڵکو ئەو جەستەیە هەڵگری کولتورێکی سەرکوتکار و داپلۆسێنەرە، بەمانای جەستەی کولتوری جەستەی کوردیە لەناو سرووتدا، ئەوە کوردیە دێتەوە نێو سەمای ئاگر، ئاگر وەك ئاماژەیەکی جەستە، ئاگر بۆ منێکی کورد چیم پێدەڵێت؟ لە یادەوەریمدا ڕابردووی منی زەردەشتی ئاگر وەك سیمبولێکی ئاینی ئیش دەکات، بەمانای سرووتی ئاگر لێرەدا دەلالەتێکی ئاینی هەیە، وەك چۆن لەیادەوەریی هەر یەکێکماندا ئارەزوو کردن لە ئاگر ئاماژەیە بۆ چوون بەرەو ئێوارەی جەژنی نەورۆز، ئەوەش لێرەدا ئاگرو سرووتەکەی ئەمجارەیان دەلالەتێکی نەتەوەیی بەمن دەبەخشێت، دەلالەتێك پرسیاری شوناسم بۆ دێنێتە پێش، ئەوە جگە لە تێگەیشتنی ئێمە بۆ کاتی کارکردن بۆ دەلالەتی ئاگر، ئەو کاتانەی دەتەوێ ئەکتەر بڕواتەوە نێو منالی و ترسەکانی کاتێ پێی ووتراوە "درۆ نەکەی دەناخوا دەتباتە ناو ئاگری دۆزەخ" هەموو ئەو یادەوەریانە لەکاتی پرۆڤە لەلای ئێمە دەتەقنەوە وەك (دال) ی کراوە جەستە دەبێت بە (نێرەر) ئاراستەی وەرگری دەکات، ئەو ئاراستەکردن ئیستفزاز کردنی خەیاڵی دەست نیشان کراوی وەرگرە بۆ بیرکردنەوە لە خود و دواجار لەماناکانی بوون. ئێمە لەڕێگەی سرووتەوە پرسیار لە زەمەنی هەنووکەی بینەر دەگۆڕین بە پرسیار لە ڕابردووی بەوەی: تۆ چیت؟ تۆ کێیت؟ لێرەوە سرووت بەرەو پرسیاری خۆناسین دەمانبات، ئەوە گومانکردنە لە زەمەنی ئێستا، دەلالەتی دووەم ستایشکردنی جەستەیە بۆ ئاگر، لێرەدا ئاگر رەمزێکی موقەددەسە، پرسیارکردن لە موقەددەس پرسیارکردنە لە بەها، بەدوای ئەو دوو دەلالەتە دەتوانین بێینە سەر پرۆسەی خوێندنەوە، بەتایبەت ئەو خوێندنەوەیەی کە تۆ لە پرسیارەکەدا ئاماژەت بۆکرد، دیارە بەر لەو سەمایە جەستەکان بە کێشانی تلیاکەوە خەریکن، هەر یەکێك دەیپەڕێنێتەوە بۆ ئەویتر، تا دواجار ماڵێکی تلیاك کێشمان دەبێت ئەو ماڵە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگا، لەڕوویەکیتردا ئازادی ئەفیوون بوونە، ساتەوەختی ئازادی وکوشتنی تارمایی بێهۆش بوونی جەستەکانی ئێرەیە، ئەو بێهۆشیە دەبێتە هۆی ئەوەی کوشتن ببێتە میکانیزم لە باوکەوە بۆ کوڕ، بەلام با ئەوەشمان بیرنەچێت فرەدەلالەتی جولە نایەڵێت لەناو تاکە مانایەکەوە گیر بخۆین، بەڵکو بەرەو خوێندنەوەی جیاوازمان دەبات، ئەوەش کردنەوەی ڕووبەرێکی سەربەخۆیە بۆ بینەر کە تۆ ئازادی بەوەی چۆن سەری نمایش دەکەیت، بەلام دەبێت ئەوەت بیر نەچێت توانای خوێندنەوەی ئەزموونە شانۆیەکەت هەبێت، وەك چۆن ئێستا تۆ دەتەوێ بەپێی دوو ئاست کە ئێمە ئیشمان لەسەر کردووە گفتوگۆمان لەگەڵدا بکەیت، هەرکەسێك بیەوێ لەو ئەزمونە بدوێ وەك تۆ دەبێ لەڕوانگەی گرۆتۆفسکی و زانستی مرۆپی (ئەنترۆپۆلۆژیا) گفتوگۆ بکات و ڕەخنە بگرێت، ئەو پرسیارەی تۆ دڵنیاییەکی باشمان پێدەبەخشێت بەوەی کەسانێکمان هەن توانای تێگەیشتنیان باش بێت لە ئەزموونەکانمان، ئەگەر ئەو بینەرەی ئێمە ژمارەشیان زۆر نەبێت، بەلام دواجار ئێمە دەبینە خاوەنی بینەرێکی هۆشیار، ئاگایی ئەوی بینەر بەر ئاگایی جەستەی ئەکتەر دەکەوێت، ئەوەش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی ڕاستەقینەی نمایشی شانۆیی.

* ئەو شێوازەی کە بەنیازن لە داهاتوودا کاری لەسەر بکەن کە زیاتر نزیکە لە شێوازی کارەکانی شانۆی (ڕۆژ ) و شانۆی (ڕۆژنامەوان) دیسان جەخت لە سەر ئەوە دەکەمەوە کە پێویستی بە ئەکتەرێکی موقەددەسە، گەر ئەوەشی نەبێت تۆ چۆن ئەتوانیت ئەو وەعییە لای ئەکتەر درووست بکەیت، تاکو ئاشنای ئەو شێوازە بێت؟

- بەرنامەکەی ئێمە بەرنامەیەکی تیۆری و پراکتیکییە، چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەکتەر لە پرۆڤەدا چۆن ئەو ئاشنا دەکەیت بە کۆمەڵێك شت، ئێمە لە بەشێك لە پرۆڤەکانی هاملێت قسەمان لەسەر ئەوە بوو کە کەلەپوور چیە و کولتور چیە؟ کە چۆن کەلەپور ئەچێتەوە سەر ڕابردوو، کولتور چۆن لە ئێستا و لە داهاتوو و لە ڕابردوو لەگەڵماندایە، پرۆسەی ئامادەکردنی ئەکتەر بۆئەو کارە خاڵێکی زۆر جەوهەری و گرنگە، لەبەر ئەوە بەراستی ئەکتەر لای من گیشتووەتە ئەو ئاستەی کە من کاری لەگەڵ بکەم، هاوکارییەکی زۆری بکەم، ئەو سەرچاوانەشی کە ئەکتەر پێی نەگەیشتووە، ئەبێ پێی بگەیەنم چ لەڕێی نووسراو یا لە ئەنجامی ئەو گفتووگۆیانەدا من پێی ئەگەیەنم، بە مانایەکی تر من نەهاتووم بە ئەکتەر بڵێم تۆ دەبێت فلان ئەزموونکاری دنیا بناسی. من هاتووم ئیستنتاجی خۆمی پێبڵێم، ئەوەش وەك

چۆن قوتابییەك مەلزەمەی ئەدەیتێ، ئەبێ مەلزەمەی بدەیتێ، کتێبی بدەیتێ لەو بارەیەوە، ئەوەی من ئەمەوێ ئەینووسم، چۆن دەرهێنەرەکان دەق دابەش ئەکەن، لەو قۆناغەدا من ووتار دابەش ئەکەم بەسەر ئەکتەرەکاندا، ئەو ئەیخوێنێتەوە بەیانی دێت گفتوگۆم لەگەڵ ئەکات، بۆ نمونە بابەتێکی تۆ هەیە لەسەر چۆنیەتی درووست کردنی ئەکتەر نووسیوتە، ئەڵێی کەم و کورتییەکانی ئەکتەر لە تیپی (ئەزموونگەری ) لەمەدایە، ئەوە ڕایدەکێشین و کۆپی ئەکەین و بەسەر ئەکتەرەکاندا دابەشی ئەکەین بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەین، برادرێك بۆچوونێکی هەیە ئیتر لەمەودوا ئەیکەینە ناو ئیش، کۆمەڵێك خەڵك ئەکەینە ناو ئیشەوە، شێوەکارەکان ئەخەینە ناو پرۆڤەوە، مۆسیقییەکان ئەخەینە ناو پرۆڤەوە، ڕۆژیك داوەتی چەند کەسێك دەکەین بێن گفتوگۆمان لەگەڵدا بکەن، چونکە گەر گفتوگۆکان ئاستێکی باشیان هەبێت، ئەکتەرەکانیش هۆشیارییەکی باشتریان ئەبێت، ئەویش دیارە بۆ خۆی بێگومان کارێکی لابۆری ئەبێت، بەڵام ئەو قۆناغە نامانباتەوە سەر گرۆتۆڤسکی، نامانباتەوە سەر ئارتۆ، بەقەد ئەوەی تێگەیشتنێکی ئەزموونکاری ئێمەیە، دواجار رەنگە ئێمە لە کۆمەڵێك ناوی تر نزیك بکاتەوە کە ڕەنگە پێویستی بەبانگەشەکردن نەبێت.

* ڕەنگە تۆ لێرەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ ببیتەوە، من بەشبە حاڵی خۆم لەو بڕوایەدا نیم لە بزوتنەوەی شانۆی خۆماندا، بەتایبەتی لە شارێکی وەك کەرکوکدا کە بەر لە پرۆڤە ڕاهێنانی جەستەیی هەبێت، ئەو شێوازە نوێیەی کە بەنیازی کاری لەسەر بکەیت، پێت وانییە پێویست بەوە بکات کۆمەڵێك ڕاهێنانی نوێ دابڕێژیت بۆئەوەی ئەکتەرەکانی لەسەری ڕابهێنیت بۆ قۆناغی داهاتووتان؟

- دیارە ئەو ڕاهێنانە ڕاهێنانی من نییە بۆ ئامادەکردنی ئەکتەر، ئێمە هەندێ جار پەنا ئەبەینە بەر جۆرێك لە ڕاهێنان، بۆ نموونە کە لای ئارتۆ یان پیتەر بروك هەیە، بەتایبەتی لای پیتەر بروك کە زۆر بەلامانەوە گرنگە، کە چۆن حاڵەتێك بۆ حاڵەتێك ئەگۆڕێت، کاتێ کە بروك بە ئەکتەرەکەی ئەڵێت "تۆ لە ناو کانەیەکی خەڵوزی.. ئێستا پێشبینی بکە لەناو باخچەیەکیت لەگەڵ کچێك پیاسە ئەکەیت ... چۆن ئەو گۆڕانە درووست ئەکەیت؟" ئەوانە بۆ ئێمە گرنگن، بونیادی فیزیکی ئەکەوێتە سەر جەستەی ئەکتەر خۆی، ئەکتەر خۆی پێویستی بە ڕاهێنانە، ئێمە کە ئێستا ئیشمان نییە ئەکتەر خۆی بەرپرسە لەسەر خۆی کە ڕاهێنانی هەبێت، بەڵام دواجار بیرت نەچێ گەر بزانم لە کەرکوك ئەکتەرێکی تر هەیە بەرژەوەندی ئەزموونەکانی منی تێدایە وەك دەرهێنەر ئەویش ئەهێنم، بەڵام گەر نەبوو ناچارم لەگەڵ ئەو ئەکتەرانەی کە لەگەڵ خۆم ڕاهاتوون کار بکەم .

* ئەگەر ئیستیجابەیان نەبوو ؟

- ئەکتەرەکان نەیان بێت ؟

* بەڵێ !

- من پێموایە ئەندامانی تیپەکە لەو قۆناغەدا خۆیان ئەزانن من چیم ئەوێت، ئەوان لە ئەنجامی گفتوگۆکاندا ئەزانن من چیم ئەوێت، وابزام ئەوان زۆر لەمن سوورترن کە بەو جۆرە ئیشبکەین.

* دوا پرسیارمان لەسەر سینۆگرافیا دەبێت، تائێستا قسە و باسێکی زۆر لەبارەی سینۆگرافیاوە کراوە و بۆچوونەکانیش جیاوازن، وەکو ئاماژەت پێکرد ئێوە لەقۆناغی پۆست مۆدێرنەدان، چەمکی سینۆگرافیا لە شانۆی پۆست مۆدێرنە؟ تاچەند سینۆگرافیا بووە بە بەشێکی گرنگی نمایشەکانتان؟

- پێویست بەوە دەکات بەر لەوەلامی پرسیارەکە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە ئێمە لە قۆناغی پۆست مۆدێرنەدا نین، بەڵکو تەواوی ئەزموونەکە بە هەموو قۆناغەکانیەوە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی بەرهەم دێنێت، ئەو قۆناغە کە ناومانناا ئەنترۆپۆلۆژیای جەستە بە بیکت دەستی پێکرد و بە شکسپیر کۆتایی هات، سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت لە بارەی سینۆگرافیاوە، دیارە هەمیشە لەسەر زاری دەرهێنەرەکان گوێمان لە سینۆگرافیا دەبێت، بەڵام لەڕووی تیۆریەوە خاوەنی نووسینێك و تێگەیشتنێکی زانستی نین بۆ سینۆگرافیا، ئێمە تائێستا نەك کتێبێك، بەڵکو ووتارێکمان لەو بارەیە نیە، کەسێکی پسپۆرمان لەو بوارە نیە، بۆیە قسەکردن لەو بابەتە نەك پێویستیەکە، بەڵکو ئلتیزامێکی ئەخلاقیشە، بۆیە ئەوە دەڵێین کە سینۆگرافیا چەمکێکی شانۆیی نیە، بەڵکو ئەوەی وەك چەمك وەریگرتووە، بەرەنجامی تێگەیشتنی ڕووکەش بووە، کە دیمەنی بینراوی شانۆیی وەك سینۆگرافیا بینیووە، بەوەی دیکۆری بە سینۆگرافیا ناسیووە، بۆیە پێی وابووە سینۆگرافیا واتا و ڕێکخستنی بینراوەکانی سەر شانۆیە، ئێمە ئەوە ڕەت ناکەینەوە، هێندەی ئەوە پێناسێکی ڕووخسار ئامێزە، پێناسێکە نەیتوانیووە بە قووڵی لە ماناکانی تێبگات، هەربۆیە بە چەمك ناوی بردووە، ئەگەر بێت و بە قووڵی سەیری بکەین تێدەگەین کە سینۆگرافیا زانستێکە بە مەبەستی پشکنین و دۆزینەوە، زانستێکە خاوەنی تیۆری جوانکاریە، جوانکاری دەلالەتی نوێی تیا دەبەخشێتە شانۆ، دەکرێ ئەوە بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە بەرەنجامی شێواندنی هەستی جوانکاری مرۆڤی خۆر ئاوایی بوو بێت، کە توانی بەدوای جەنگی دووەمی جیهانی سینۆگرافیا وەك زانستێکی شانۆیی بەمەبەستی دۆزینەوە لەڕێگەی جوانکاریەوە بێنێتە کایەوە، ئەوەش گۆڕان بوو بەسەر دیمەنی



شانۆیی کە یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان وەك هونەری زەخرەفە سەیریان دەکرد، شانۆکارانی ئیتاڵی لەسەردەمی ڕێنیسانس وەك تەکنیکی نیگارکێشان سەیریان دەکرد، کەچی لەگەڵ بە زانست بوونی لەتەکنیك و زەخرەفە بوون ڕزگاری بوو، بەهۆی ئەوەی سینۆگرافیا چەندە هونەری بینینە، بەڵام بینین کاریگەری فەلسەفی لەسەر پەیوەندی جەستە بە پانتایی و بە بیناسازی شوێن و بە بونیادەکانی نێو وێنەی شانۆیی بەجێ دێڵێت، ئەوەش وادەکات سینۆگرافیا لەڕوویەکدا پانتایی شانۆ بگۆڕێتە سەر زەمەنێکی ئەفرێنەر، بەوەی پانتایی زەمەنی نوێی نمایش بێت، لەڕوویەکی تریشدا سینۆگرافیا دەبێتە هۆی لەدایکبوونی زانستی ئاماژەناسی (سیمیۆلۆژیا) لەناو ئەزموونی بینین، لەگەڵ ئەو تێڕوانینە بۆ سینۆگرافیا دەبێت خەڵکێك ئەوەیان قەبووڵ بێت لەشانۆی کەرکوك ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك بۆ یەکەمجار لە "پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ" ئێمە هێنامانە دی چ وەك پرۆسەی ناونان وە چ وەك مانا زانستیەکەی، ئەوە لەدایکبوونێکی زانستی سینۆگرافیای شانۆبوو لەکەرکوك، دوای ئێمە ئەو چەمکە لەلایان زۆر دەرهێنەری تر بیستمان، بەڵام لەڕاستیدا لەزۆر لەو کارانە سینۆگرافیامان نەبینیووە، تا ئێستا ئێمە لە کەرکوك دەرهێنەرێکمان نیە بتوانێ بە دوو دێر باس لە سینۆگرافیا بکات، کەچی هەمووان سینۆگرافیا بە دیکۆر تێدەگەن، با زۆر لەوەڵامی پرسیارەکە دوور نەکەومەوە سینۆگرافیا لای ئێمە تەواوی ئەو شوێنە پێك دێنێت کە ئەکتەر و بینەر تیایدا بەشداری ئەزموونی شانۆیی دەکەن، کەسیان شوێنەکەیان تاریك نابێت، وەك چۆن کەس کورسیەکی دەست



ناکەوێ بۆئەوەی لەسەری دانیشێت، سینۆگرافیا لەتەواوی ئەزموونەکانی ئێمەدا بریتیە لەو پانتاییە کراوەی ئەکتەر و بینەر تیایدا بەشدارن، شوێن دەلالەتی دروستکراوی پێنادرێت، بەڵکو شوێنەکە دەگۆڕدرێتە سەر شوێنێکی شانۆیی، موفرەدەیەك یا جوڵەیەکی ئەکتەر هەوڵی دۆزینەوە لە بۆشایی دەدات، ئەوە خاڵی جیاوازی ئێمەیە لە خەڵکانی تر، گەر کەسانێك لەناوبردنی سینۆگرافیا مەبەستیان پڕکردنەوەی سەر شانۆ بێت لەڕێگەی دیکۆڕی قەبەوە، ئێمە بروامان بەو دیکۆرە نیە تا ناوی بنێین سینۆگرافیا، چونکە سینۆگرافیا ئەوە نیە وەزیفەی سینۆگرافیا لای ئێمە بۆ بچووك کردنەوەی سەر شانۆ و کاری زەخرەفەیی نیە، بەڵکو بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندیی دەلالی ئەکتەرە بە پانتاییەوە، ئەوە سینۆگرافیایە لە (هاملێتی کەرکوك) زەمەنی ئەفرێنەر بەرهەم دێنێت، ئەو کاتانەی ئۆڤیلیا لەنێوان هەردوو چەمکی پانتایی و ئاماژە وەزیفەی ستراتیژی سینۆگرافیا دەردەخات، بەهۆی ئەوەی ئەوە کاری زەخرەفەیی نیە بۆیە پێویستی بە ئەکتەری خاوەن خەیاڵێکی فراوان و جەستەیەکی مەشق پێکراو هەیە، دەتوانم لەدوا ووشەدا ئەوە بڵێم سینۆگرافیا بەرەنجامی قووڵ یوونەوەیە لە شوێن و پەیوەندی هەر جەستەیەك بە یەکتر و دواتر بە بۆشاییەوە، من دەتوانم ئەو پەیوەندیانە لە ئاستی دەلالیەوە بە ئەنجام بگەیەنم. بۆیە ئەوەی لە سینۆگرافیا بۆئێمە سەرکەوتوو دەبێت بە دڵنیاییەوە بۆ دەرهێنەرێکیتر نایگەیەنێ بە سەرکەوتن، بەهۆی ئەوەی سینۆگرافیا بۆ ئێمە بەرهەمی بیرکردنەوەو ماندو بوون و خەون و خولیا و کارکردن و گفتوگۆی هەمیشەییمانە، زۆر سوپاس بۆتۆش گەر ئەو گفتوگۆیە نەبایە نەمان دەتوانی هەموو ئەو نهێنیانە بدرکێنین، کە بێگومان پرسیارە ڕەخنەییەکانی تۆ دەرفەتی ئەوەی بۆ کردینەوە لەسەر زۆر رەهەندی شاراوەی ئەو ئەزموونە بدوێین، بەتایبەت لە بارەی ئەزموونی هاملێتی کەرکوك و هەروەها لەمەسەلەی شانۆی کولتوری و ئامادەبوونی جەستە لە پانتاییدا. کە ئەوانە مەبەستی سەرەکی ئەزموونەکانی داهاتوومانن.

# ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری کوردی

**نیهاد جامی**

بەر لەدوان لەو بابەتە پێویستە سەرەتا ئەوە بخەینە ڕوو، کە ئەنتۆلۆژیا بەپێی چەمکە هایدگەریەکە وەرمان گرتووە، کە واتای بوونناسی دەگەیەنێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەمان ویستووە بابەتەکە ببەینەوە سەر تێڕوانینە فەلسەفیەکانی هایدگەر، بەڵکو تەنیا ئەو چەمکەمان لێی خواستووە، ئەوەش بەمەبەستی خوێندنەوەی ڕووبەری نمایشە ئەزمونکارەکانمان، پێویست بەوەش دەکات ئەوەش بڵێین کە ئەوەی لەپشت ئەو توێژینەوەیە وەستاوە هەرگیز بەخشینی زانیاری نیە بە خوێنەر لەبارەی شانۆی ئەزموونگەریەوە، وەك چۆن مەبەستیش درووست کردنی بیبلۆگرافیایەك نیە بۆ ئەو نمایشانەی کە ئەزموونگەرین، بەڵکو ستراتیژێکی پشت ئەو توێژینەوەیە، گەڕانەوەیە بۆ سەر ڕەچەڵەك و سیما ئەزمونکاریەکانی ڕەوتی ئەزموونکاری شانۆکاری کورد، دیارە ناونانی ئەو ڕەوتە بە شانۆی ئەزموونگەری کوردی مەبەست لە شانۆیەك نیە کە ئەزموونی شانۆکاری کورد بێت، لەنێوان کوردی بوون و بە کوردی دەبێت جیاوازی بکەین، ئێمە شانۆیەکمان نیە پێی بووترێ کوردی، تا شانۆیەکی ئەزموونگەری کوردیمان هەبێت، شانۆیەك بەپێی خاسیەت و تایبەتمەندیەکانی، ئەوەی پێشی دەووترێ شانۆی کوردی لەبنەڕەتدا شانۆییەك نیە بە کوردی نووسراوەتەوە، واتە پرۆسەیەکە پەیوەندی بە ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئێمەوە نیە، بەڵکو پرۆسەیەکی گواستراوەیە لەڕێگەی نووسینەوە، ئەوەش گوزارشت لەوە دەکات کە شانۆ پرۆسەیەکی کۆپی کراوە، پرۆسەیەك نیە بەرەنجامی بیرکردنەوەی شانۆکاری کورد بێت، دیارە مەبەست لەو ساتە وەختەیە کە مومارەسە کردن بۆ شانۆ ناوبردرا بە شانۆی کوردی، ئەگەر ئاسۆیەك هەبێت بۆ دەرگا کردنەوە لەو شانۆیە، ئەوە بەدوای ڕەخنەگرتن بووە لەو زەمینەی شانۆی کوردیەوە، گۆڕینی گوتاری باوی شانۆکان بووە لەڕێگەی ئەزموونە جیاوازەکانی شانۆوە.

ئێمە سەرچاوەیەکی وامان لەبەردەستدا نیە نە بە کوردی و نە بە هەر زمانێکیتری بێگانە ئاماژە بۆ سەرەتاکانی ئەزموونی شانۆیمان بکات، بۆیە وەکو پرۆسەی ناونان ناوەڕاستی هەشتاکان لەدایکبونی سەرەتایەکی زانستیە بۆ شانۆی ئەزموونگەری کوردی، بەڵام لەڕووی ئەنتۆلۆژیەوە ئەوە سەرەتایەکی ڕاستەقینە نیە، بەڵکو سەرەتای پرۆسەی ناونان و کار کردنێکی تیۆری لەپشت نمایشەکانەوە ئامادەیی هەیە، ئەگەرچی لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە ڕێك بە لەدایکبوونی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی) ئەزموونی شانۆییمان لەڕووی ئەنتۆلۆژیەوە دەکەوێتە ناو مەعریفەیەکی نوێ لە شانۆدا، کاریگەری ئەزموونی شانۆی وێنەیی ڕاستەوخۆ بەسەر ئەو تێگەیشتنە ئەزموونکاریەوە زاڵە، ئەوە لەپاڵ ئامێزکردنەوە بۆ چەندین ئەزموونی جیاوازی شانۆ کە دەبنە بنەما تیۆریەکانی شانۆکاری کورد لە شانۆی ئەزموونگەریدا، دیارە وەك ئاماژەمان بۆ کرد ئێمە سەرچاوەیەکمان لەبەردەستدا نیە کە ئاماژە بۆ سەرەتاکانی ئەزموونی شانۆییمان بکات، ئەوەی هەیە لەلایان ئەو شانۆکارانەوە نووسراوە کە لەهەشتاکان کارەکتەری سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە بوونە، دانا ڕەئوف هەڵوەستە لەسەر ئەزموونی ئەو خوێندکارە کوردانە دەکات لەبەغدا کارەکانیان بوونەتە جێگای سەرنجی شانۆکارانی عیراقی، ئەو ئەزموونانەش لەکۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانەوە هاتوونەتە بوون، یەکەم ئەزموونیش دوو ئەزموونی (بارزان عوسمان) بووە یەکەمیان بەناوی (چیرۆکی ئەو پیاوەی بوو بەسەگ) ی ئۆزڤالد دراگۆن لە ١٩٧٩، ئەویتریش (مرۆڤێکی ئاسایی) چیرۆکنووسی کورد ڕەئوف حەسەن لە ١٩٨٠، بە مانای شانۆی ئەزموونگەری کوردی بەپێی ئەو بۆچوونە مێژووەکەی بۆ کۆتایی هەفتاکان و بەتایبەت بۆ سەرەتای هەشتاکان دەگەڕێتەوە، دوای ئەو دوو ئەزموونە شانۆکار (مستەفا قەسیم) شانۆگەری (بەیتی بابە بایتی) لە ١٩٨٣ نمایش کردووە، ئەو شانۆگەریە "وەك تابلۆیەکی شیعر ئامێز، درێژکراوەی ئەو دوو پرۆژەیە بوون بۆ بانگەشەی فەلسەفەیەکی تازە و درێژە پێدانی ئەو تاقیکردنەوەیەی کە گەرەکی بووە لە ئایندەیەکی نزیك و پرشنگدار بگاتە قۆناغی دامەزراندن" (١) بەڵام ئەو ئەزموونانە وەك دانا ئاماژەی بۆ کردووە نەیانتوانیووە لە ئەزموونی تر درێژ ببنەوە، بەمانای قۆناغی دامەزراندن نەبۆتە خولیایەك کە لەناو ئەزموونەکان بەردەوامی هەبێت، ئەزموونکاری بەتایبەت لای شانۆکار (بارزان عوسمان) کە دەکرێ بە لە دایکبوونی پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری کوردی ناوی بەرین، وەکە خۆی لە دیدارێکدا ئاماژەی بۆی کردووە کە لەڕێگەی تیۆر و ڕاهێنانەکانی (گرۆتۆفسکی) یەوە کاری کردووە، ئەوەش مانای وایە ئەزموونی شانۆیمان ئەگەرچی تەمەنی لە چارەگە سەدەیەك تێپەڕ نەکات، بەڵام ئەزموونێکی تۆکمەیە بەهۆی ئەوەی بەیەکێك لەدیارترین ئەزموونکارانی جیهان لەدایك دەبێت، بەمانای ئەزموونگەری شانۆکاری کورد خاوەنی بنەمای تیۆریە، بنەمای زانستی لەپشت کارکردنیەوە بووە، ئەو بنەمایە ئەزموونی (بەیتی بابە بایتی) دێنێتە بوون، بەهۆی ئەوەی (مستەفا قەسیم) لە (مرۆڤێکی ئاسایی)



وەك ئەكتەرێك دەردەکەوێت، ئەو دەرکەوتنە وای لێ دەکات بتوانێت لە داهاتوویەکی نزیك درێژە بە شانۆی ئەزموونگەری بدات، ئەو سێ ئەزموونە ناتوانن پرۆژەیەکی بەردەوامی بکەنە خەونی ئەزموونکاری لای شانۆکاری کورد، تا لەناوەڕاستی هەشتاکان شانۆکار شەماڵ عومەر شانۆگەری (غۆریللا) ی یۆژین ئۆنێڵ وەك ئەزموونێکی شانۆیی دەردەهێنێت، دواتر پرۆژە پراکتیەکیەکانی شەماڵ و چەند شانۆکارێکی تر دەبێتە هۆی لە دایکبوونی گروپێکی ئەزموونکاری بەناوی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی) چونکە شەماڵ لەڕێگەی غۆریللا "بەو شانۆگەریە بزووتنەوەی شانۆی کوردی توانی بە کرۆك و کاڵایەکی نوێیەوە (دابڕانێکی) سەرتاسەری و گشتگر لەتەك نمونەی شانۆی کوردی ئەو ڕۆژگارەدا بخولقێنێ. هەر لەسەرەتاوە بزووتنەوەی ئەزموونگەری پەیامی نوێکردنەوەی هەڵگرتبوو: نوێکردنەوەی شانۆ، عەقڵ و دیدە هونەریەکەمان" (٢) ئەو تێگەیشتنە ئاشکراکردنی ستراتیژی شانۆی ئەزموونگەری کوردیە، چونکە ویستوویەتی دابڕان لە بزووتنەوەی شانۆی کوردی بخولقێنێت، بەوەی چێژی ئیستاتیکی و پێودانگی فکری بێنێتە کایەوە، بەتایبەت لەپرۆژەکانی دواتری ئەو تیپە کاتێ تێڕوانینی شانۆی ئەبسێرد و دەقی بیکت دێنێتە ئەو پانتاییە ئەزموونکاریە، ئەوکات شانۆی وێنەیی و جەستەی ئەکتەر دەکات بە کێشەیەکی فەلسەفی بۆ شانۆی ئەزموونگەری کوردی، ئەگەر لای بارزان عوسمان لەسەرەتای ئەو ئەزموونە لەڕێگەی گرۆتۆفسکیەوە جەستەی ئەکتەر بووە خەونی گۆڕان، ئەوا لای شەماڵ عومەر ئەو جەستەیە بەرەو ئەزموونێکی فەلسەفی و ئیستاتیکی دەبردرێت، دواتر ئەو تیپە دوو ئەزموون لەشانۆی ژوور بەرهەم دێنن، ئەوەش ئەزموونکردنە لە شوێن و دەرچوونە لەبیناسازی شانۆ و گۆڕینی شێوەی باوی جولەی شانۆیی، ئەو ئەزموونە بوو بە ئاراستەیەکی دیاری نێو گوتاری شانۆی ئەزموونگەریمان، زەمینەیەکی بنیاتنا بۆ شانۆی ئەزموونگەری کە کاریگەری بەسەر تەواوی تێگەیشتنی ئەزموونکاری بەجێهێشت، ئەگەرچی دواتر دەسبەرداری تێگەیشتن بوو لەسەر دەقی جیهانیەوە بۆ کەلەپووری کوردی، لەڕێگەی نمایشەکانی (لەچاوەڕوانی سیامەند) و(ئەوەل سەحەرە) بەڵام ئەو تێگەیشتنە ڕاستە ئاشت بوونەوە بوو لەگەڵ بابەتی خۆماڵی، بەو پێیەی لەپاڵ ئەو ئەزموونە ئاراستەیەکی تر هەبوو بۆ ئەزموونگەری، کە لەڕێگەی کەلەپوورەوە دەیویست ئەزموون لە شانۆدا بکات(٣) ئاشت بوونەوە لەگەڵ ئەو ئەزموونە گەڕانەوە نەبوو بۆناو چەمکی کەلەپوور، وەك هەندێك وای ڕاڤە دەکەن، هێندەی شانۆی ئەزموونگەری کوردی ویستوویەتی ئەزموون لەناو دەقە جیاوازەکان بکات، چۆن (ئۆنێڵ و بیکت و ئەلبی ) هەڵدەبژێرێت بۆ ئەزموون کردن، ئاواش دوای ئەوان عەبدولکەریم برشیدی هەڵبژاردووە، ئەگەر وابێت دەبێ بڵێین ئەزموونگەری ئێمە چۆتەوە سەر شانۆی عەرەبی، هەر پرۆسەیەکی ناونانی بەم شێوەیە، کورت کردنەوەی ئەو بزووتنەوە ئەزموونکارییە، کە دوانی ڕەخنەیی لە بری توانای خوێندنەوە بەم ناونانە لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە، سیماکانی ئەم ئەزموونە تەمەنی لەچوار ساڵ تێنەپەڕی، بەهۆی هاتنی دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی

و ئابوری جیاواز، بەڵام ئەو تەمەن کورتیە چ بۆخۆیان کە دەبێتەوە زەمینە بۆ لەدایکبوونی پرۆژەیەکی قووڵتر و جدی تر لە خۆر ئاوا بەناوی (لابۆری شانۆی لالش) وە چ بۆ ئەو گەنجە شانۆکارانەی لەگەڵ سەردەمی ڕاپەرین لەژێر ئەو زەمینەیەوە ئەزموونی جیاواز بە شانۆ دەبەخشن، ئەزموونێك کە بە ئەزموونکردنی شێوەیەکیتر لەرووی کارکردن لەگەڵ دەقی ئەبسێرد بەتایبەتی بیکت لای هۆرێن غەریب سەر هەڵدەدا، کاریگەری ئەو ئەزموونە دواتر بەسەر زۆربەی گەنجە شانۆیەکان دەردەکەوێت، بەڵام ئەو ئەزموونە بەتایبەت لە شارێکی وەکو هەولێر لەناوەراستی نەوەدەکانەوە دەتوانێت بزووتنەوەیەکی شانۆی ئەزموونگەری بێنێتە کایەوە، کە گۆڕانی شانۆیی لەو شارەدا لەسەر دەستی ئەو ئەزموونکارانە بەرپا ببێت.

ئەوانە کە وەك نەوەی سێیەمی ئەزمونکاری دەردەکەون، نەوەیەك لەناو ڕاپەرین و شەڕی کوردی سەر هەڵدەدەن، ئەگەر ئەو پۆلین کردنەی شانۆی عیراقی بۆ شانۆی ئێمە ڕاست بێت (٤)، ئەوە ئەزمونکارانی شانۆ بەو شێوەیە پۆلین دەکەین، گرووپی یەکەم کە بە نەوەی دامەزراندن ناویان دەبەین، بریتین لە (بارزان عوسمان، مستەفا قەسیم، فازل جاف، سەلمان فایەق) (٥) بەواتای ئەو ئەزمونکارانە بەردی بناغەی شانۆی ئەزموونگەریمان دادەمەزرێنن. بەدوای ئەو گرویە گرووپی دووەم لە هەشتاکان سەر هەڵدەدات، ئەوانە (بنیاتی دامەزراندن) ن، بریتین لە (شەماڵ عومەر، دانا رەئوف، کەریم عوسمان، نیگار حەسیب قەرەداغی، ئەحمەد سالار، بەکر رەشید، میدیا رەئوف) پرۆژەی دامەزراندنی شانۆیەکی ئەزمونگەری خەونی ئەو قۆناغە بووە، تەنانەت لەو نوسینانەی لەبارەی ئەزمونەکانیش نوسیویانە، چەمکی دامەزراندن خاڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی ئەزمونەکان بووە، گرووپی سێیەم گرووپێکی فراوانترە لەو دوانەی پێشخۆی، بەهۆی ئەوەی بۆ یەکەمجارە کۆمەڵگای کوردی ئازاد دەبێت لەدەست دەسەڵاتی داگیرکاری بەعس، ئەو گرووپە نوێیە بەرهەمی دۆخێکی نوێی کۆمەڵگایە لەنێوان ڕاپەرین و شەڕی کوردی دێتە بوون کە بە (ئەزمونکارە نوێیەکان) ناویان دەبەین، ئەوانە بریتی نین لە ئەزمونکارانی شانۆی شارێك، بەڵکو لە تەواوی شارە کوردیەکان دەردەکەون، بۆ ناسین و خەسڵەتی ئەزمونکارە نوێیەکان کە دوا گرووپی ئەزمونکاری شانۆییمانن، هەوڵ دەدەین هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

ڕاپەرینی بەهاری نەوەت و یەك پووکانەوەی هەموو ئەو دەنگانە بوو کە کێشەی ئایدیۆلۆژی بە کێشەی سەرەکی شانۆ دەبینی، ئەگەرچی لە چوار ساڵەی یەکەمی ئەم ئەزمونە ڕاپەرین لەڕێگەی حزبەکانەوە دەرگای بۆ کۆمەڵە نمایشێکی شانۆیی کردەوە، کە تیایدا ستایشی پێشمەرگە و درندەیی وێنەی جەللاد دەربخات، بەڵام دوور لە تەکنیکێکی هونەری، بەڵکو نوقم لەناو هەڵچوون و دروشمی ئایدیۆلۆژی، ئەگەرچی هەر لەوکاتە چەند ئەزمونێك توانیان پێمان بڵێن، پرسیارکردن لە شۆڕش دەبێت لە پرسیاری ڕەخنەیی سەر هەڵبدات نەك لە ستایش، ئەوەش پێویستی بە عەقڵی شانۆکاری جدی هەیە، کە چۆن لەنێوان تێکست و بۆشایی و دەرهێنانێکی ئەزمونکاریدا ئەو هاوکێشەیە چارەسەر دەکات، وەك لە شانۆگەری (مارا_ێاد) ی ڕزگار ئەمین بینیمان، ئەو ئەزمونە چارەسەرێکیتر بوو بۆ بۆشایی و گۆڕینی پرسیاری شەقام بوو بۆ پرسیاری شانۆکار لە هاوکێشەیەکی هاوبەش لەگەڵ بینەردا، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا ئەزمونی (سەمایەکی بێ ناونیشان) ی حوسێن میسری لەڕێگەی جەستەی ئەکتەر ویستی گومانێکیتر درووست بکات،بەڵام توانای ئەوەی نەبوو چونکە لەناو تاکە دەلالەتی یادەوەری شکست دەسوڕایەوە، چ لەڕێگەی پایسکیل یا ئاوێنە بۆ دەرکەوتنی جەستەکان، ئەوەش زەمەنێکی داخراوو جولاوی بەو نمایشە دەبەخشی.

بۆیە ڕاپەرین توانای ئەوەی نەبوو شانۆ بێنێتە ناو پانتاییەکی جیاوازەوە، چونکە دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکە نوقم بوو لەناو فەزایەکی ستایش ئامێز بۆ کارەکتەرەکانی شۆڕش، بەڵام بەدوای تێپەڕینی چوار ساڵ ئیدی لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی حزبەکان، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی کوردی هاتە کایەوە، قۆناغی کۆتایی هاتنی ئەفسانەکانی پێشمەرگە و حەقیقەتی شەڕ و بەدوژمن سەیرکردنی یەکتری، زەمینەی لە دایکبوونی ڕاستەقینەی بۆ پرسیار هێنایە کایەوە، ئەو سەرەتایەش بە شانۆگەری (وێرانە) ی کامەران رەئوف دەستی پێکرد، کارەکتەری سەرەکی ئەم نمایشە، کارەکتەرێکی سەرەکی نێو شۆڕشی کوردیە، دێتەوە ناو شار. شار شەڕی تیایە دوای ئەوەی تەمەنێکی لەنێو زیندان بردۆتە سەر، دەرگای ماڵەکەی داخراوە، کلیلێکی لە گیرفانە دەرگا دەکاتەوە ماڵێکی چۆڵ هیچ شتێك وەك خۆی نەماوە، مردن و نەخۆشی هاتۆتە ناو ماڵەکەیەوە، ئەوەی وا دەکات ئەم نمایشە وەك ئەزمونێکی سەرکەوتوو شۆڕش لە پانتایەکی جیاواز نیشان بدات، بەتەنیا پەیوەست نیە بەو دەقئاوێزانیەی کە

دەرهێنەر کردوویەتی، بەوەی "دەبینین لە رۆمانی دۆزەخ توانی بووی سوود لەو دێرە وەربگرێت کە دەڵێ "من لەئاودەست خانە لەدایك بووم" یا بەکارهێنانی ئەو دێرەی گۆگۆڵ: دایە گیان قورقوشمی تواوەیان کرد بە گەروومەوە"(٦) بەڵکو پەیوەندی سینۆگرافیا بە تاکە ئەکتەری ناو شانۆکەوە هەبوو، بەهۆی ئەوەی موفرەدەکانی سەعاتێکی کردبوو بە سینۆگرافیای نمایشەکە، ئەو سەعاتەش هەڵوەشێنرابۆوە بۆ چەند موفرەدەیەك، بۆئەوەی پێمان بڵێت "شەڕ زەمەنی کوردی هەڵوەشاندۆتەوە" لەو هەڵوەشاندنەوەو لێکترازانە کامەران رەئوف ئەزمونێکی جیاوازی پێشکەش کرد، ئەزمونێك پێی ووتین دەبێت تێڕامانمان بۆ شانۆ لە سیستمی ڕەخنەیی دەلالیەوە بێت.

ئەزمونێکیتر لەو ساتە وەختەدا توانی ئومێدێکیتر بە شانۆ ببەخشێتەوە، ئەویش (کارەکەرەکان) ی دلێر محەمەد بوو، ئەو ئەزمونە توانی لەڕێگەی دەربڕینە جەستەیی و دەنگیەکانەوە دوور لە کارکردن لەتەك فرە موفرەدەیی، بەڵکو جەستە و دەنگ توانای دەربڕینی فرە دەلالەتیان هەبوو، ئیدی ئەو ئەزمونە لە پاڵ چەند ئەزمونێکیتر بوونە سەرەتایەك بۆ پرۆژەی ئەزمونکارە نوێیەکان، کە لەچەندین نمایشی ناڕاستەوخۆ بانگەشەی بۆ قۆناغێکی تری ئەزمونکاری کرد، ئەوەش وەڵامێك بوو بۆ ئەو دەنگانەی باسیان لە مردنی ئەزمونگەری دەکرد، بەوەی ئەزمونی نەوەی دامەزراندن کۆتایی هاتووە، بۆیە دەبوو ئەزمونکارە نوێیەکان بەدوای ئەزمونی تر بگەڕابان. ئەو دەنگانە زیاتر لەوکاتەدا هەستی پێدەکرا کاتێ لە هەولێرساڵی ١٩٩٤ ڤیستڤاڵێکی شانۆیی سازکرا، کاتێ شانۆگەری (خۆرکەوتن) ی رێبوار نوری لەناو بەرجەستەکردنی پرۆژەیەکی ئیستاتیکی و ئەزمونی ئەنجامدرا، بەڵام پرۆژەیەك نەیتوانی هەڵگری خەونی ئەو قۆناغە بێت (٧) بۆیە سەیر نیە کاتێ (کەلاوەی نان) ی دلشاد حوسێن خەڵاتی یەکەمی ڤیستڤاڵەکە بباتەوە، هۆیەکی سەرەکی لەپشت ئەو خەڵاتەوە ئەوە تەنیا لیژنەی تەحکیم نیە، بەلکو ئەوان خەڵاتی بینەران و شانۆکارانیش وەدەست دێنن، ئەگەرچی تەکنیکێکی سادە ئەم نمایشە بەڕێوە دەبات، بەڵام سادەبوونی توانیویەتی گوزارشت لەو قۆناغە بکات، ئەوە نەبوونی ئەزمونی نوێ و چۆڵ کردنی گۆڕەپانە ئەزمونکاریەکە بوو وایکرد (کەلاوەی نان) بتوانێ سەرنجی هەموان ڕابکێشێت، ئەو قۆناغە سەرەتای گومانکردنی کۆمەڵگای کوردیە لە پیاوەکانی شۆڕش، کاتێ حەمەی عارەبانچی لە کەلاوەی نان پرسیاری دابەش بوونی کۆمەڵگا لەتەك دەسەڵات دەکات، کە بۆچی چەوساوەو چەوسێنەر بەو شێوەیە دەرکەوێت، لەگەڵ کۆتایی ئەم ڤیستڤاڵە دەرکەوتنی ئەزمونی جیاواز بوو بە حەقیقەت، حەقیقەتێك دەبێت دوا نەکەوێت، ئەگەرچی عەقڵی سەلەفی ویستی ئەو بۆنەیە بکاتە دەرفەتێك بەوەی ئەزمونگەری بەعس بۆیە قبوڵی دەکرد تا لە ڕەسەنایەتی دوورمان بکاتەوە، بۆیە لەگەڵ سەردەمی ڕاپەرین چیتر پێویستمان بە شانۆیەکی ئەزمونگەری نیە، دەرکەوتنی ئەزمونکارە نوێیەکان هەردوو گروپەکەی هەفتاکان و هەشتاکانی دڵنیا کردەوە، کە ئەوان خاوەنی بنەمایەکی شانۆیی زانستی بوون، ئەوەی لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە تا هاتنی ئەزمونکارە نوێیەکانیش ووترا گوایە شانۆی ئەزمونگەری کوردی شانۆیەکە لەکۆمەڵگا و کولتوری کوردی دابڕاوە، بەو مەبەستەی وا ڕاڤەی بکەن بۆ بینەر کە ئەو شانۆیە دابڕانە لە کۆمەڵگا، ئەوەش بەرەنجامی گەڕان و توێژینەوەیان نیە، هێندەی هەستکردن بە مەترسیەکە کە هەڕەشەیە بۆسەر تێگەیشتنی کۆنکرێتی ئەوان بۆ شانۆ، دەنا وەك ڕەخنەگرانی شانۆی عیراقیش بەدوای بینینی چەندین هەوڵ و نمایشی ئەزمونکاری کوردی، ڕێك بە پێچەوانەی ئەوان دەدوێن، زمانی ئاماژە و جولە بە یەکێك لە میکانیزمەکانی ئەزمونکارە شانۆییەکان ناو دەبەن.

ئەوەتە یەکێك لە جدیترین ڕەخنەگرانی شانۆی عیراقی بڕوای وایە کە شانۆی ئەزمونگەری کوردی "لەسەر بنەمایەکی مەعریفی دانراوە، دیارترینیشیان هۆشیاریە بە گرفتە



سەرەكیەكانی كۆمەڵگا و هەژاندنیان، هەموو نمایشەكانیش فۆلكلۆر یان بە ڕێگای شیعریەتی شانۆیی پێشكەش كردووە، هەروەها نمایشە ئەزمونگەریەكان هۆشیاری ئەوەیاندا كە زمانی جەستەی هونەری زمانی نواندنی باڵایە، هەروەها هۆشیاری ئەوەیان دەرخست كە بابەتە مرۆیەكان بەتایبەت بابەتی ئامادە نەبوون یەكێكە لەو بابەتانەی كە ناخی دەروون و دەربڕین و جەستە و زمان بتەقێنێتەوە" (٨) ئەوە ڕێك پێچەوانەی عەقڵی پاشماوەی سەلەفیەتە كە بە هەموو شێوەیەك بەبێ هیچ بۆنەیەك ویستویەتی هەمیشە بەدوای هەر دەرفەتێك بگەڕێت بۆ دژایەتی شانۆی ئەزمونگەری و زمانی جەستە لە نمایشەكاندا، كەچی ئەوانەی دان بە حەقیقەتی ئەزمونەكان دێنن كەسانێكن كوردیش نین، بەڵام هۆشیاریەكی ڕەخنەییان بەرامبەر بە ئەزمونی شانۆییمان هەیە، ئەو وتەیەی (یاسین ئەلنەسیر) گەشبینیەكی قووڵی تیایە بۆ ئەزمونكارە نوێیەكان. ئەزمونكارە نوێیەكان كێن؟ پڕۆژەی ئەوان چیە لە شانۆی ئەزمونگەریدا؟ ئایا ئەوان لەوانی پێش خۆیان جیاوازن؟ جیاوازیان لەچیدایە؟ بەو پێیەی پڕۆژەی شانۆی ئەزمونگەری كوردی لە سلێمانی سەری هەڵدا، بۆیە شانۆكارانی ئەو شارە گرفتێكی گەورەیان هەبوو، بەوەی بتوانن ئەزمونی نوێتر بێننە دی،

ڕزگار ئەمین بەدوای (مارا_یاد) نەیتوانی ئەو ئەزمونە كە تاڕادەیەكی زۆر دەیتوانی نوێنەرایەتی ئەزمونكارە نوێیەكان بكات، جیاواز بێت لە (بنیاتی دامەزراندن) بەڵام بەردەوام نەبوون نەیهێشت ئەو سەرەتایە هەڵگری پڕۆژەی تایبەتی بێت، تا دەركەوتنی ئەزمونەكانی (هۆرێن غەریب) لەتەك دەقی بیكت و ئەزمونكردنی شێوەیەكی جیاواز كە دواتر لای گەنجانی شانۆكار بە شانۆی ئەبسێرد ناوی دەركرد، ئەو ناونانە هەرگیز خزمەتی بەو ئەزمونە نەكردووە، وەك كەسانێك وای ڕاڤە دەكەن، بەڵكو زیانی گەورەی لە شانۆی ئەزمونگەری و ئەزمونكارە نوێیەكانیش داوە، لەبنەڕەتدا هۆرێن لەو ئەزمونە دەیویست لە جولە و دەربرینی دەیالۆگ جیاواز بێت، لەڕێگەی گەمەی زمان و جولەی میكانیكی، كورتكردنەوەی ئەو ئەزمونە بە ئەبسێرد، ئەو پرۆسەی ناونانە نەیهێشت ئەو ئەزمونە ئاراستە ئەزمونكاریەكانی خۆی دەست نیشان بكات، لەلایەكی تریشەوە قبووڵ كردنی ئەو ئەزمونە لەلای شانۆكارانیتر وایكرد خەسڵەتی جیاوازی ئەزمونەكان بسردرێتەوە، هەموو نمایشەكان بەهۆی ئەو ستایلە لەیەك بچن (بورهان غەفور، گۆران عەلی كەریم،پێشرەو حوسێن) هەریەكەیان توانی لەو نێوەندە لەنێو ئەو ستایلە دەربكەون، ئەگەرچی بورهان زیاتر هەست بەو كاریگەریەی دەكرا، بەتایبەت لە (سیكراب خانە) گۆران و پێشرەو هەوڵیان دەدا لەو بازنەیە دەرچن، بەتایبەت ئەو كاتەی ویستیان ئەو ئەزمونە بگوازنەوە سەر دەقیتر، وەك لە ئەزمونكردنیان لەتەك دەقی سادقی هیدایەت بینیمان. (بورهان غەفور) لە ئەزمونی (كەڤاڵی پەپوولە) ویستی



پێودانگێکی جوانکاری زاڵ بکات بەسەر فەزای بێهودەیی و ناجێگیری بنتەر، بەوەش ئەو ئەزمونە زیاتر لە بێهودەییەوە بەرەو سەما و جولەی جەستە هەنگاوی دەنا، بەڵام هەموو ئەو ئەزمونانە لە تێگەیشتنێکی ئەزمونکاریەوە لەناو سیستمێکی شانۆیی کۆدەکرانەوە، بەوەی بۆئەوەی ئەزمونکار بین دەبێت بڕوامان بەو ستایلە هەبێت، تا (هۆرێن غەریب)و (هیوا فایەق) لە "وێنەی هونەرمەند لەتافی لاوێتیدا" ئەزمونێکی جیاوازیان پێشکەش کرد، ئەزمونێك بەرەو سادەبوونەوەی زمان هات، زمان لە بونیادێکی پێکهاتەیی بەرەو ئاستی ئاخاوتن هەنگاوینا، سیستمی ڕێکخەری نمایش بەرەو هەڵوەشاندنەوە بۆ بەر لە ڕێکخستنەوەی نمایش چوو، ئەگەرچی لە (پێکەوە لە بەهەشتدا عەسرێ) ویستیان گۆرانکاری لە تێگەیشتنی ئەزمونکاری (بنیاتی دامەزراندن) بکەن، بەوەی گەر پرسیاری شانۆ چیە؟ لای نەوەی بنیاتنان بریتی بێت لەوەی شانۆ وێنەیەکی ئیستاتیکیە کە هەڵگری دەلالەتی فەلسەفی بێت، ئەوا لە (پێکەوە لە بەهەشتدا عەسرێ) وەڵامی ئەو پرسیارە گۆڕانی بەسەردا دێت بەوەی "نمایش هەوڵێك نیە بۆ خوڵقاندنی ئەو وێنەیە، بەڵکو گەڕان و قسەکردنی بەشداران لەپێناو خوڵقاندنی چەمکە، جەستەی ئەکتەر ڕووبەرێك نیە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی دەلالی لەناو وێنەدا، بەڵکو کوتلەیەکی بزاوتە دەیەوێ لە ئەنجامی پرسیار و گەڕان بەرەو ڕابردوو خوێندنەوەی جیاواز ببەخشێت" (٩) ئەو ئەزمونە لە نمایشی (دەستێ جلی تر ڕەش ڕەش) کۆتایی بەخۆی هێنا، کاتێ نمایش ڕێکخەرێکی نیە، ئامادە نەبوونی ئەکتەری ڕاگرتنی میزانسینی پەیوەندیە دەنگیەگان، دەکرێ ئەوەش بۆ وون بوونی (هیوا فایەق و شوان عەتوف) لەو ئەزمونە





بەدی بکەین، دواتر (ڕزگار ئەمین)و (لاوان عوسمان) کەوتنە مومارەسەکردنی شێوەی هەمان ئەزمون، ئەوەش هەڵگری هەر بیانویەك بێت، بەڵام دەتوانیّ ئەو ڕاستیەمان بۆ دەربخات، کە لە ئەزمونی ئەزمونکارە نوێیەکان هەمیشە (هۆرێن غەر یب) توانیویەتی ئەزمونێك بەرهەم بێنێت کەدواتر ئەزمونەکە ببێت بە ستایلی باو بۆ شانۆکاران. نەك هەر بۆ شانۆکاران لە سنوری شارێکەوە، بەڵکو هەمیشە کاریگەری ئەزمونە شانۆیەکانی سلێمانی بەسەر شانۆکارانی هەولێرەوە دیار بووە، لەکاتێکدا بزووتنەوەی ڕەخنەیی لە سلێمانی بەو شێوەیەی هەولێر ئامادەیی نەبووە، بەواتایەکیتر زۆرترین ئەو قەڵەمانەی لەبواری ڕەخنەی شانۆیی نووسیویانە لە هەولێر بوونە، لەکاتێکدا بزووتنەوەی شانۆیی لەناویشیاندا شانۆی ئەزمونگەری کوردی لەژێر کاریگەری شانۆکارانی سلێمانیەوە پەڕیوەتەوە هەولێر. ئەو کاتانەی لەسەر پرۆژەی ئەزمونکاری لای شانۆکارانی هەولێر دەوەستین، جێگەی نیگەرانیە کە تێکستێکی نووسراومان نیە، تاوەکو پشتی پێببەستین، تابزانین ئەزمونکاریەت لە چ ساتەوەختێك و لە ئەزمونی چ شانۆکارێك سەری هەڵداوە؟ ئایا بووە بە پرۆژە؟ ئێمە بەهۆی نەبوونی تێکستی نووسراو ناتوانین بەرەو وەڵامی ئەو پرسیارە بچین، بەڵام دەشیّ پرسیارێکیتر لەخۆمان بکەین: ئەی ئەو هەموو نوسینەی کە بەناوی ڕەخنە نووسراوە بۆچی لەسەر شانۆی ئەزمونگەری لەو شارە نەدواون؟ ئەو پرسیارە حەقیقەتی ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ڕەخنەی نووسراو هێندەی بەدوای گواستنەوە و گێڕانەوەی نمایشەوە بووە بەهیچ شێوەیەك لەخەمی ئەوەدا نەبووە بەدوای ئاشکراکردن و خوێندنەوەی سەرەتاکانی ئەو هەوڵە هەنگاو بنێت، هەر خوێندنەوەیەك بۆ سەرەتاکانی ئەو شانۆیە کرابێت ئەوە لەلایان ئەزمونکارانی شانۆ خۆیان ئەنجامدراوە، نەك لەلایان ئەوانەی ناویان لەخۆیان ناوە ڕەخنەگر. بەدوای دامەزراندنی (تیپی شانۆی ئەزمونگەری کوردی) شانۆکارانی هەولێر (تیپی شانۆی ئەزمونگەری هەولێر) دادەمەزرێنن، بەڵام ئەو تیپە هێندەی لەناو ئەبستراکتی شانۆوە دەژییت، هێندە خەونی ئەزمونی نیە، هەر لە (شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە) تادوا ئەزمونی بەناوی (شێت و قەدەر) بۆیە لەدایکبونی ئەو تیپە تا مردنیشی توانای ئەوەی نیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پرۆژەی ئەزمونکاریەت، ئەو پرۆژەیە دوا دەخرێت بۆ ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، لەسەر دەستی کۆمەڵە لاوێکی شانۆکار کە لەناو گروپێك ڕێکنەخراون، بەڵکو هەریەکەیان بەپێی خەون و خولیای خۆی بۆ شانۆی ئەزمونگەری کار دەکەن، کە دەتوانین پۆلینیان بکەینە سەر دوو گروپ، گروپی یەکەم پێکهاتوون لە (مەهدی حەسەن، سدیق حوسێن، کرمانج مستەفا) ئەوانە متمانەی سەرەکیان لەسەر فەزای بێهودەیی و دەقەکانی بنتەر و بیکتە، بەتایبەت (مەهدی حەسەن) لە شانۆگەری (خۆڵەمێش) ی بیکت، ئەو گروپە توانیویانە ئەزمونەکەیان بگوازنەوە بۆ دەقیتر دیارترینیان (کرمانج مستەفا)لە (وەنەوز) ئەگەرچی هەندێك ئەزمونی ئەوانە لەناو کۆلاژی ئەزمون دەرکەوتووە کەمتر توانیوانە ئەزمونەکە هێلێك و سیستمێکی دیاری هەبێت، هەندێك جار پرۆسەی ناونان ئەزمونەکەی لەناو پرۆژەیەکی ناتەواو هێشتۆتەوە، (فرمێسکەکانی مۆم)ی سدیق حوسێن لەمۆنۆدرامایەکەوە بانگەشەی بۆ ئەزمونێکی سەربەخۆ بەناوی (شانۆی سات) کرد، بەڵام ئەو شانۆیە چیە بنەماکانی چین لای دەرهێنەرەکەش تیۆریزەی بۆ نەکراوە، ئەگەرچی ئەزموونی سدیق حوسێن تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەزموونی ئەوانیتر ناچێت بەهۆی ئەوەی ئەو زیاتر بەرەو ئیشکردن لەسەر چەمکی سات کاری کرد، بەڵام ئەو چەمکە وەك ئاماژەمان بۆ کرد لەناو نمایشەکاندا مایەوە، پرۆژەکانی ئەو لەناو یۆتۆپیایەك دەمێننەوە کە سدیق لەناو خەیاڵی خۆیدا دەیانهێڵێتەوە، گواستنەوەی ئەو ئەزموونە لە یۆتۆپیاوە بۆ واقعێکی شانۆیی توانای خولقاندنی ئەزموونی نوێی هەیە، بەڵام ئەو کارە ڕەنگە ساڵانێکی زۆرتر و پاڵپشتێکی زۆری بوێت، بەتایبەت بوونی کەسانی بە ئاگا لەو پرۆژەیە، نەك متمانە کردنە سەر چەند گەنجێکی سەرەتایی کە توانای ئەوەیان نیە لەپرۆژەی شانۆیی تێبگەن، ئەگەرچی (بەبەرد بوون)ی مەهدی حەسەن پێی ووتین کە ئەزمونکاریەت لای ئەوان پرۆژە نیە، بەڵکو لە چەند نمایشێك زیاتر نیە، چونکە ئەو شانۆگەریە ئەزمونکردن نەبوو لەناو دەقی کلاسیکی هێندەی کورتکردنەوەی تێکستێك بوو لەڕووی بونیادی درامی و کارەکتەر و زەمەنەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەزمونی ئەوانەی ناومان بردن بەتایبەت مەهدی و کرمانج ئەزمونێکە پێشتر (هۆرێن غەریب) دەستپێشخەری تیا کردووە، گروپی دووەمیش بریتین لە (نیهاد جامی، کاسترۆ مەجید، تەحسین فایەق) ئەوانەش بایەخی سەرەکیان زیاتر بە جەستەی ئەکتەرە تەحسین فایەق لە (مەرگ و تارماییەکان، برا کوژی، خەونی دەرگا، سەمای خۆشەویستی، نەفرەتی هەمیشەیی) لەلای نیهاد جامی لە ئەزمونەکانی (لەماڵێکدا، ئەفسانەی ڕێگای هات و نەهات، سەفەرەکانی پەشیمانی، عەبا، یادەوەری جەستە) کاسترۆ مەجید وەك ڕەخنەگرێك کاریگەری هەبوو بۆ خوێندنەوەی بەشێکی زۆری ئەو ئەزمونانە بەتایبەت بۆ بانتۆمایمەکان. دیارە لە نێوان ئەو دوو کۆمەڵەی کە بە دوو گروپ پۆلینمان کردن، ڕەخنەگر حەیدەر عەبدولرەحمان بڕوای وایە کە دوو لەو شانۆکارانە ئەزمونی ئەوان بەرەو فەلسەفە

دەچێت "بە تایبەت ئەو فەلسەفە و ئایدیۆلۆژییانەی کە پەیوەست بوونێکی پتەویان بەبیرو کێشەی بینەرەوە هەیە، وەك سدیق حوسێن لە —فرمێسکەکانی مۆم- دا و نیهاد جامی لە —عەبا- دا خستیانە ڕوو، تاچەند ئەوەندەی بینەر بە ڕۆح ئاوێتەی وێنە شانۆییەکان دەبێت، ئەوەندەش گوتارە شانۆییەکان بخوێنێتەوە" (١٠) پێویستە ئەوەشمان بیر نەچێت کە ئەو ئەزمونانە تەمەنیان لە دەساڵ تێنەپەڕی بەمانای لە **١٩٩٥** دەستی پێکرد و لە **٢٠٠٥** کۆتایی هات. شانۆ لە دهۆکیش هەمان شێوەی هەولێری هەیە، بەڵام ئەوەی ئەوان جیا دەکاتەوە بایەخدانی ئەوانە بە شانۆی رامیاری، بەڵام شانۆیەك نەك بە مانا (بسکاتور) یەکەی، بەڵکو بە تێگەیشتنێکی رامیاری جیاواز، تێگەیشتنێك نوقمە لەناو فکری ناسیۆنالیستی، دیارترین ئەزمونیش شانۆگەری (هاملێت) ی زیاد عابدە، کە لەو ڕاڤەکردنەی (یان کۆت) بۆ ئەو کارەکتەرە پێمان دەڵێت هاملێت نەخۆشی شیزۆ فرینیای هەیە، زیاد عابد لەو شیزۆ فرینیایە قووڵ دەبێتەوە، هاملێت دەبێت بە دوو کارەکتەر، بەهۆی جیاکردنەوەی ڕەنگەوە هەریەکەیان گوزارشت لە ئایدیاکانی دەسەڵاتی کوردی دەکات، هاملێتێکی سەوز و هاملێتێکی زەرد، ئەو گۆڕینەی شیزۆ فرینیا بۆ مانایەکی دەست نیشان کراو هەموو دەلالەتێکی فەلسەفی شکسپیر دەکوژێت، دەیەوێ لەپشت ڕاڤەکردنی شیزۆ فرینیەوە گوتارێکی ئایدیۆلۆژی دەست نیشان کراو بدات بەدەستەوە،وە لەڕێگەی هێنانی ئاڵای کوردستان دەیەوێ چەمکێکی ناسیۆنالیستی بە شانۆگەریەکە ببەخشێت، وەك چۆن شانۆگەری (لافیتە) ی محەمەد عەلی ئەتروشی سەر بەهەمان تێگەیشتنە، بەڵام لەناوەرۆکدا جیاوازە بەهۆی ئەوەی ئەم نمایشە دەیەوێ لەرێگەی لافیتەوە شەهید بێنێتە ناو ئێستای ژیانمان وەك چۆن لەڕێگەی تیرۆریستەوە ئەم نمایشە دەبێتە وێنەیەکی کۆپیکراوی هەواڵی ڕۆژانەی سەتەلایتەکان. ئەوەی بتوانێ ئەو ئەزمونانە بگەیەنێتە وێنەیەکی باڵا ئەوە (مەسعود عارف) ە، لە شانۆگەری (شەمەندەفەر) ئەگەرچی ئەو پێشتر لە (خەونی شێتەکان) هەمان گرفتی هەبوو، بەڵام لە (کورتیەك ژ جەنگێ) هەوڵیدا ئەو ئەزمونە بباتە ئاستێکی فراوانترەوە، تا لە (شەمەندەفەر) دەتوانێ خۆی لەو گرفتانە دەرباز بکات، ئەویش بەهۆی گۆڕینی ئاماژە لە تاکە دەلالەتێکەوە بۆ فرە رەهەندی مانا (١١) ئێمە بەهۆی ئەوەی مەبەستمان نووسینەوەی مێژووی ئەو ئەزمونانە نیە، بۆیە ناچارین زۆر ئەزمونیتر فەرامۆش بکەین، تەنیا ناچار دەبین لەسەر ئەو ئەزمونانە بوەستین کە کاریگەرییان لەسەر ڕەوتە ئەزمونکاریەکە بەجێ هێشتووە. بۆیە بەر لەکۆتایی دەمانەوێ لەسەر ئەزمونکاری لە شانۆی کەرکوك بووەستین، پرۆژەی ئەزمونکاریەت لای شانۆکاری کەرکوکی پرۆژەیەك نیە لە بۆشاییەوە هاتبێت، ئەوە بەو مانایە نا کە شانۆیەکی ئەزمونگەری لەو شارەدا بوونی هەبوو بێت، بەڵکو بەو مەبەستەی کە هەوڵی ئەزمونکاری هەبووە، ئەو هەوڵانە نەیانتوانیووە کاریگەری بەدوای خۆیان بەجێ بێڵن، بەتایبەت کە نەبوون بە نووسین و تێکست، هەروەها هەندێك هەوڵی کوردی لەو شارە، کە ئەو هەوڵانەش شانۆیەکی ئەزموونگەری نەبووە، هێندەی ئەزمونکردن لە لایەنێکی نمایشێك زیاتر مەبەست بووە، نەك لەوەی تەواوی کارێکی ئەزمونگەری وەك لای (سەلمان فایەق) بەدیکراوە، ڕەخنەگری شانۆی عیراقی (عواد علی) لە **١٩٧٣** لە شانۆگەری (ئەنتیگۆنا) ی ژان کۆکتۆ و دەرهێنانی سەلمان فایەق ئەکتەر بووە، ئاوا باس لەو ئەزمونە دەکات "دەرهێنانێکی هاوچەرخ بە جل و بەرگێکی نوێ، لە ڤیستڤاڵی تیپەکانی چالاکی قوتابخانەکان لە بەغدا بەبۆنەی رۆژی جیهانی شانۆ نمایشکرا، تاماوەیەکی دوور نەمزانی ئەوەی دەرهێنەر کردبووی پەیژەیەکە لەچوار چێوەیەك کە ناسراوە بە ئەزمونگەری لە شانۆدا" (١٢) دیارە لەو ئەزمونەدا ئەزمونکاریەت لای سەلمان فایەق وەك دەردەکەوێت زیاتر لەڕووی جل و بەرگەوە ئەزمونکار بووە، کە ویستویەتی جل و بەرگێکی هاوچەرخانە بێنێتە ناو دەقێکی کلاسیکی، بەڵام وەك ڕەخنەگر ئاماژەی بۆ دەکات پرۆژەکە لە ئەزمونیتر بەردەوامی نەبووە. شانۆی ئەزمونگەری لە کەرکوك شانۆیەك بووە نەیتوانیوە بوونی هەبێت بەهۆی ئەو دژایەتیە سەختەی بەعس بۆ هەر چالاکیەکی کولتوری لەبەرامبەر ئەو شارەدا پەیڕەوی کردووە، شەڕی نەتەوەکان لەو شارەدا پرۆژەیەکی داڕێژراوی بەعس بووە، پرۆژەیەك ڕێگەی نەداوە شانۆ بتوانێ بەرەو پێش بڕوات، ئەوەش ترس بووە لەوەی شانۆ توانای گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا هەیە، هەر بۆیە لەعیراقی هەشتاکانی بەعسدا لە شارۆچکەیەکی وەکو چەمچەماڵ یا دەربە ندینخان شانۆ زۆر پێشکەوتووترە لە کەرکوك، بەرهەمەکانی (تیپی شانۆی ئەزمونی چەمچەماڵ) لە هەشتاکان و بەشداری کردنیان لە ڤیستڤاڵە شانۆیەکانی سلێمانی گەواهی ئەو ڕاستیەن. ئەوەی دەبێتە سەرەتای پڕۆژەی ئەزمونکاریەت لای شانۆکارانی کەرکوك لەگەڵ ئازاد بوونی ئەو شارە لەدەست بەعس و کۆتایی دەسەڵاتی بەعسە، چونکە ئەو قۆناغە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تەوژمێکی ئەزمونکاری، سەرەتا لەلایان کۆمەڵە لاوێك ئەزموونگەری خەونێك بوو بۆ شانۆیەکی جیاواز، بەڵام ئەو خەون و خولیایە لەناو پرۆژەیەکی تیۆری ڕێك نەخرابوو، ئەوەش ببووە هۆی ئەوەی سیماکانی ئەو

ئەزموونە دەرنەکەوێت، هێندەی ویســتویەتی لەناو جیهانی بێهودەیـــی ئەزموون بکات، دواتر بــە دامەزراندنی (تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك) توانرا سیماکانی ئەو ئەزمونە دەســت نیشــان بکرێت، کە ئەزمونێکە پشت بە ئەزمونکارە جیهانیەکان دەبەســتێت بە تایبەتی ئارتۆ و گرۆتۆڤسکی، ئەوە جگە لەوەی دەرکردنی شــانۆ لە بیناسازی تەقلیدی و هێنانی بۆ شوێنە جیاوازەکان خاسیەتێکیتری ئەو ئەزمونانەی تیپی شــانۆی ئەزمونگەری کەرکوکە وەك لە (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) لە قشلە و (گەڕان بەدوای راســتیەکاندا) لــە ڕارەوێك و (خاچ) لە شــانۆی ژوور و (ســەگ و دەف) لە هەیوانی ڕێکخــراوی هونەرمەندان و (زولێخا لە خەونی یوســفدا) لە قەیسەری قەڵا، (هاملێتی کەرکوك) لەیەکێك لە خانووەکانی قەڵا.

لەکۆتایـــی ئـــەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەزمونـــی ئەزمونکارە نوێیەکان کە دوا نەوەی ڕەوتی ئەزمونکاریی ئەزمونگەریمانن لە شانۆدا دەتوانین ئەوە دەربخەین کە ئەو نەوەیە توانیویەتی لەســەر ئەزمونی نــەوەی بنیاتی دامەزراندن خاســیەتی ئەزمونکاری نوێ بێنێتە کایەوە. چەمکی ئەزمونگەری و گۆڕینی مانا و سەر لەنوێ بارگاویکردنەوەی چەمکەکان یا بۆ ئامادەبوونی جەســتەی ئەکتەر لە ڕووبەری نمایشداوە چ لە ئازادکردنی شــوێن و دەرچوون لە بیناسازی ئیتالّی و هێنانی شانۆ بۆناو شــوێنەوار و شوێن و پانتاییە کراوەکان، هەروەها ڕزگار کردنی شانۆ لە پانتایی دەست نیشان کراوی تێکستە شانۆییەکان ئەزمونێکی تری ئەزمونکارە نوێیەکانەو پرۆژەیەکـــی بەردەوامـــی ئەزمونکاریەتە بــۆ هاتنە دەرەوە لەناو ســنوری دەق و ئازادکردنی خەیاڵی شانۆکار لەپێناو پشــکنین و دۆزینەوەی نهێنیەکان، ئــەوەش لەلای نەوەی بنیاتی دامەزراندن دەستی پێکردو ئەزمونکارە نوێیەکان وەك چەمکێکی ئەزمونکاریەت درێژەیان پێدا، زەمەنێکی نوێیان لەنمایشــەکان بنیاتناوە کە زەمەنی ئەزمونکاری شانۆکاری کوردە.

پەراوێزەکان

(١) گوتاریی ئەزموونگەریی لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا/ دانا رەئوف، سوید، چاپی یەکەم ١٩٩٥، لا ٣٢

(٢) ئەزمونگــەری و داهێنان/ دیدارێکــی بەرفراوان لەگەڵ دانا رەئوف، دەزگای چاپ و پەخشــی ســەردەم، ٢٠٠٥، لا١١

(٣) ئەگەرچی ڕەخنەگری شــانۆی عیراقی (یاسین ئەلنەسیر) لەکتێبەکەیدا لەبارەی شانۆی کوردی بڕوای وایە شانۆی ئەزموونگەری کوردی پۆلین دەکرێتە سەر سێ باڵ ئەوانیش "پشــت بەستن بە حیکایەتی میللی، پشت بە ستن بە ئامادەکردن و وەرگێڕان لە دەقی جیهانیەوە، پشت بەستن بە دەقی عەرەبی" ناوبردنی بەو ســێ باڵە لەڕاستیدا پۆلین کردنێکی زانســتی نیە بۆ تەواوی شانۆی ئەزموونگەری کوردی، چونکــە هەڵبژاردنی دەقی عەرەبیش هەر لە نێوان ئەو دوو ئاراستە ئەزموونکاریە پۆلین دەکرێت، چونکە باڵێکی ســەربەخۆ نیە، ئەگەرچی دواتر ئەو شانۆیە پۆلین دەکات بۆ دوو جۆر بەناوی (ئەزموونگەری بە بنەمای کلاسیکی) و(ئەزموونگەری بە بنەمای نوێ) هەرسێ باڵەکە لەناو ئەو دوو ئاراستەیە کۆدەکاتەوە.

(٤)هەردوو شانۆکاری عیراقی (سامی عەبدولحەمید)و (شەفیق ئەلمەهدی) لە لێکۆڵینەوەکەیاندا لەبارەی شانۆی ئەزمونگەری عیراقی، ئەزمونگەری لە شــانۆی عیراقی پۆلین دەکەنە سەر سێ گروپ ئەوانیش (نەوەی دامەزراندن) و (بنیاتی دامەزرانــدن)و (ئەزمونکارە نوێیەکان) بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە: المسرح االتجریبی فی العراق/ سامی عبدالحمید- شـفیق المهـدی/ افاق عربیــە، العدد (٣) ١٩٩٢

(٥)ســەلمان فایەق و فازل جاف دوو شــانۆکاری شاری کەرکوکن، ســەلمان فایەق دواتریش ئاماژەی پێدەدەین کە لە حەفتاکان هەوڵی ئەزمونــکاری داوە، هەرچی فازل جافە بەیەکێك لە دیارترین ئەزمونکارانی ئەو سەردەمە دادەنرێت، بە تایبەت ئەو کاتەی (پردی ئارتا) ی دەرهێناوە.

(٦) ئاماژە و هێما لە (وێرانە) دا/نیهاد جامی،کوردستانی نوێ، ژمارە (١١٢٠) ٢٢-١٠-١٩٩٥ لا٦٦

(٧)ئەوە تەنیا ئەو نمایشــە نەبوو لەم ڤیستڤاڵە نەیتوانی هەڵگــری ئەزمونێکــی نــوێ بێت، بەڵکــو (گێژەن) ی شــانۆکارانی دهۆك و (یاری حەقیقەت) ی شــانۆکارانی چەمچەماڵ دوو ئەزمونی تر بوون کە لەناو پەراوێزی پرۆژەو ئەزمونی نەوەی بنیاتی دامەزرندن درێژ ببونەوە.

(٨) الارجوانە الحمراء/ یاسین النصیر، مقال فی المسرح الكردی/ موقع مسرحیون (مكتبە مسرحیە)

(٩) ئەنتــی مۆدێرنە، یان تەئویلی جیاواز بۆ مۆدێرنە/ نیهاد جامی، ئەدەب و هونەری کوردســتانی نوێ، ژمارە (٣٠١) ٢٠٠٣/٩/١٢

(١٠) شــانۆی کــوردی لەنێــوان دوو نــەوەدا/ حەیدەر عەبدولرەحمان، رامان ژمارە ٥٨، لا٢٠

(١١) فرە رەهەندی مانا لە ئاماژەکانی (شــەمەندەفەر) دا/ نیهــاد جامی، بر ایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٧٥) ٢٠٠٠/٥/٥

(١٢) المســرح الكردی/ عــواد علی، الزمــان، العدد (١٥٨٣)

# مەلەفی دووەم

## تاداشی سوزوکی



# سوزوکی ئەزمونکارێکی شانۆیی

**ئا: شانۆ**

تاداشی سـوزوکی لە دایکبووی ساڵی (١٩٣٩)ی شـاری شیمیسی یابانیە، لەماڵێك پەروەردە بووە کە مۆسـیقای کلاسیکی خۆرئاوایی ئەبیستێ، وەك چۆن گوێبیستی گۆرانیە سوننەتیەکانی شانۆی بووکە شوشە بووە، لە ساڵی ١٩٥٨ لە زانکۆی تۆکیۆ زانستی ئابوری سیاسی ئەخوێنێت و لە ساڵی١٩٦٤ بڕوانامەی دەرچـوون وەرئەگرێت، ئەوە وای لـێ دەکات ببێت بە خاوەنـی بیروبۆچوونی چەپخـوازی، لە ماوەی خوێندنی زانکۆدا پەیوەندی دەکات بە یانەی شـانۆیی کە سـەربە زانکۆ بوو، کە شانۆی( دا سـیدای ئازاد)ناوی دەرکردبوو، لە سەر میتودی ستانسلافسـکی لێکۆڵینەوەی کردوو چەنـد دەقێکی چەپخوازی کە لەلایەن نوسەرانی ڕووسیەوە نوسرابوون بۆ شانۆ دەریهێنان،

ساڵی (١٩٦٠) بۆ(١٩٦١)سوزوکی کرا بە سەرۆکی لیژنەی شانۆی ئازاد، زۆر توندبوو لەسـەر خەمە هونەرییەکان زیاتر لە خەمە سیاسیەکان،پێنج دەقی دەرهێنا سـیانیان هی ئارسەر میللەر و چیخۆف و سارتەر بوون، دووانەکەی تریشی هی هاوکارەکەی بوو لە یانەی شانۆی (مینۆرا بیتسۆ یاکۆ).

دەقەکانی نوسەرانی شانۆی ئەبسێرد(یونسکۆ و ئەدامۆف و ئەرابال و ئیدوارد ئەلبی) لەوکاتەدا بڵیسەیەك بوو تەواوی خەیاڵگەی ئەوی داگیرکردبوو، نەخوازەلە بەکارهێنانـی تەکنیکە ئەزموونگەریەکان ئەوەی پەیوەندی بە توخمی شـوێن و کاتی شانۆییەوە هەبوو.

لە ساڵی (١٩٦١) سوزوکی و بیتسۆ یاکۆ تیپی خۆیان دروست کرد، ئەو تیپە بەشێك بوو لەو ماوەیەی کە دەرکەوتبوون بە(شانۆی نهێنی) ناسرابوون، سوزوکی بـەدوای ڕێگایەکدا ئەگەرا بۆ ڕزگاربوون لە واقعیەتی شانۆی (شـینگیکی) هاوچەرخ، کەخاوەنـی کاریگەریەکی خۆرئاوایی بوو، توانی شـێوازێك بهێنێتە کایەوە کە زیاتر ئەندیشـە ئامێز بێت و دووربێت لە واقیعەوە، دەقەکانی (بیتسـۆ یاکۆ)خاوەنی زمانێکی خوڵقێنراو و درەوشـاوەیە،وە ڕێبازی دەرهێنانی سوزوکی متمانەی کردبووە سـەر تەقاندنەوەی تواناکانی جەسـتە،ئەویش یەکی گرتبووەوە بۆ خوڵقاندنی نوسـینەوەیەکی نـوێ، کاریکەری ووریاکردنـەوە بوو بۆ ماوەی نێوان(١٩٦٢-١٩٦٧) ئەوەش ئەو ماوەیە کە سـوزوکی پێنج شانۆگەری (بیتسۆ یاکۆ)ی دەرهێنا، ناسـراوترینیان شـانۆگەری (فیل) بوو لە سـاڵی (١٩٦٢)، سوزوکی بە شێوەیەکی هاوسەنگ شانۆگەریە کۆن و هاوچەرخەکانی دەردەهێنا، دواترینیان(گالیسـکەیەك ناوی ئارەزووە)ی تنسـی ولیامس ساڵی (١٩٦٧س) بوو.

سـاڵی (١٩٦٦)سـوزوکی ناوی تیپەکەی گۆڕی و ناوی نا(تیپی شانۆی واسیدای بچووك)بەرنامە سەرسـوڕهێنەرەکەی بە دەقێکی بیتسۆ یاکۆ دەستی پێکرد،بەناونیشـانی (دەرگەوان) هەر لەو ساڵەشدا شـانۆگەرییەکی تری هەمان نوسەری دەرهێنا بەناوی (شوکردنی مناڵێکی بچوك)، ئەو نمایشە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا بۆ نوسەر و دەرهێنەرەکەی، ئەو ڕۆژەیان هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندنی شـانۆییە بچوکەکەیان لە سەر قاوەخانەی تۆکیۆ، کە(١٢٠)کورسی



ئەگرتــە خۆی،لەو تاقیگە بچووکەدا ســوزوکی پەنای ئەبردە بەر فێڵی شــانۆیی،ئبۆئەوەی ئەکتەرەکان بتوانن تا ئەو شوێنەی شــیاوە گوزارشت بە جەستە و دەنگیان بکەن، ئەو شــێوازەکەی خۆی نزیك دەکردەوە لە شێوازی شــانۆی هەژاری گرۆتۆفسکی، ســوزوکی لە کۆتایی شەســتەکاندا بڕوای وابوو کە نواندن بۆ ڕوبەروو بونەوەی ئەکتەرە بۆ توانا ٚگوزارشتە زاتیەکانیو نەوەك بۆ ڕاڤەکردن یان وەرگێڕانی دەقی شانۆیی بۆ نوسەر.

لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی وجوودی سوزوکی ڕاڤەی ئەکتەری ئەکرد لە ڕوبەرووبونــەوەی لەگەڵ بینەر، کە ئەوەش جۆرێك بوو لە خۆ سەپاندنی خود، لە ئەنجامی ئەو ڕوبەرووبونەوەیەی بینەر و ئەکتەر، هەردوولا مرۆڤایەتی هاووبەشــیان بۆ ئاشــکرا ئەبێت، کە بارگاوی کراوە بە ڕووخان و وێرانە، تیپەکەی ســوزوکی کۆمەڵێك نمایشی ئەزموونگــەری بەرهەم هێنا کە لــە دەقی خۆرئاوایی و یابانی و هەروەها لە کابوکی وەریگرتبوو.

سوزوکی لەو باوەڕەدابوو کە گرنگی دەرهێنەر و پرۆسەی دەرهێنان لەگەڵیائامانجــی هاوکاری کردنی ئەکتەرە بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندی کەسێتی بەرۆڵەکەی، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو شــێوازە داهێنــراوە زیندووەی وا دەکات، ڕۆحە نووســتوەکان لەنــاوەوە بەئاگابێنێت، ئەکتەر لێرەدا پلەیەکی بەردەکەوێت، بەبەراورد بە دەقی شانۆیی،

(ئــازارە دراماتیکیەکانــی گەورەمــان مەســیح)لە ساڵی١٩٦٩) نمایشــێك بوو بووە جێگەی سەرسوڕمانی هەموولایەك، کە گوزارشــت کردن بــوو لەکۆلاژکردنی دیمەنە ناسراوەکانی شــانۆی خۆرئاوایی و کابوکی، بە شــێوازی ســوریالی ڕێکخرابوو، ساڵی(١٩٧٠)بەشی دووەمی ئازارەکانی مەســیحی نمایش کرد، لە کۆتایی حەفتاکانــدا کاروچالاکیەکانی تیپەکــەی بەرەو کۆتایی چوو،بۆیە ساڵی(١٩٨٠) هەوڵی سەرلەنوێ دامەزراندنی لە تۆکیۆی پایتەخت دایەوە، لە ساڵی (١٩٨٢) فیستیڤاڵی جیهانی (تۆگۆ)ی سازکرد کەتیایدا زۆربەی هونەمەندە ناســراوەکانی جیهانی بانگهێشــت کردبوو،لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك دەقی یابانی دەرهێنا، لەوانە (کلیت منسترا)و(دیۆن زۆس)لە ساڵی(١٩٩٠)و(ڕوخانی ماڵی ئاتریۆس)کە لە دەقی کلیمنســترا ئامادەکرابوو،کە لە ســاڵی (١٩٨٣)لە هۆڵی شانۆیی ئیمپراتۆری(فادەن ١٩٠٠کورسی)نمایش کرا.هەروەها هەردوو دەقی(بافوســیەکان و کلیمنسترا)ی بە هەردوو زمانی یابانی و ئینگلیزی نمایش کرد.س





# کولتور جەستەیە

**تاداشی سوزوکی**

لە ڕاهێنانی ئەکتەر ئامانج و مەبەستی ڕێبازەکەم، ئاشکرا کردنی هەستە دەربڕاوەکانی جەستەیە، بەرجەستە کردنی بینراویەتی لەسەر تەختەی شانۆ، ئەو هەستانەی پێشتر ئیدراکی پێکراوەو لەلایان ئەکتەرە ئارەزوومەندەکانەوە بەرجەستە کراوە، پێش ئەوەی شانۆ ببێت بە خاوەنی شێواز و ستایلی ڕێکخەر و فرە شێوەیی، هەروەها ئامانجی ڕێبازەکەم دەرکەوتن و قووڵ کردنەوەی توانا گوزارشتیە بەتواناکانە کە ئەکتەر چڕی کردۆتەوە.

بیرۆکەی ئەو ڕێبازە هەڵێنجراوی ئەو کاتانە بوو کە بەدوا داچوونم دەکرد بۆ توێژینەوە لە ڕێگاکان بۆ لێکۆڵینەوە لە پلەی دەرکەوتنی ئەو هەستانە لەلای خەڵکانێکی جیاواز لە ناوکۆیی ژیانی ڕۆژانەیان، هەروەها لەنێو ئەکتەرەکان، کە لەسەر تەختەی شانۆ دەوەستان لە حالەتی هێمنی یا لە پڕۆژەکانیان لە هەڵسانیان بە کارێك.

گەیشتمە هەندێك لە ڕێبازە سەرەکیەکان لە بارەی چۆنیەتی بەکار هێنانی جەستەی مرۆیی، بەو پێیەی کە دەفرێك بێت کە هەست و گوزارشتەکانی گرتبێتە خۆی، بە شێوەیەکی نەرم لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر لە پلەکانیان جیاواز بوون، بەڵام گرنگی ڕێبازەکەی من هەوڵدانێك بوو بۆ یەکگرتن و توانەوەی ئەو جیاوازیانە، تاوەکو سیفەتێکی هاوبەشیان بۆ دەربکەم، ئێمەی مرۆڤ لە ڕێگەی مومارەسە کردن بۆ بوونی مرۆیمان دەتوانین دوور لە هەر جیاکاریەکی ڕەنگ و نەژادی گوزارشت بکەین. لە کرۆکدا هەستم بەو پێویستیە کرد لە لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی تاچەند وەڵامی مرۆیمان دەبێت بەرەو ئەو زەویەی لەسەری وەستاوین، یا بە ووشەیەکیتر دەری بخەم، مەعریفەی ڕەگەزی کە پەیوەندی هەستەکانمان بە زەویەوە ببەستێتەوە، ئەو ڕاکێشانەی نیوەی خوارەوە لە جەستەمان بە زەویەوە یا بە قووڵاییەوەیەتی، بەڵام تەکنیەکەکانی ئەم ڕێبازە بریتین لە کۆمەڵە ڕاهێنانێك ئامانج تیایدا فێربوونی ستایلێکە بۆ دەربڕاوی بەهێز و زیندوو، دەنگیش بەڕوونی و بە پاکی بێت، هەروەها چۆنیەتی فێربوونی وا بکەین کە جەستە بە تەواوی بێتە دەنگ، هەتا ئەگەر ئەکتەر بێدەنگیش بوو پراکتیکی توند و کردەیی بۆ ئەو ڕاهێنانە لەسەر ئەکتەر خۆیەتی بۆ ئاشکرا کردنی توانا گوزارشتیەکانی جەستە و نەش و نماکردنی، فێربوونی توانا لەسەر فەرمان کردن بە یادەوەری و هێزیووردبینی.

ئەو ڕاهێنانە ئەگەر دەستەواژەکە ڕاست بێت لە جێگای ڕێسایەکی هونەری پێویستە، تا ڕادەیەك بە ڕێسای زمان دەچێت، دەبێت لە نێو جەستە وەرگیرێت و ئیدراکی پێبکرێت، وەك ئەوەی غەریزەیەکیتر بێت، لەبەر ئەوە داوای هەست کردنێکی قووڵ دەکات، بەردەوامیش بێت تا ئامادە دەبێت بۆ بەکار هێنان، وەك ئەوەی گریمانەیەکی ئامادە بێت بۆ پراکتیك کردن، دەشێ لەو کاتەدا ئەکتەرەکان بۆ خۆیان هەست بەوە بکەن لەسەر شانۆن کە ئەوە وێنەی خەیاڵکراوە، بەو ڕووتێکردنە و بە هەست کردنی قووڵیان بۆ وێنە و ڕۆیشتنیان بەرەو بەرجەستەکردنی بینراو لەسەر تەختەی شانۆ، دەبنە ئەوەی دەرکەوتوون و پەرەیان بەو هەستانە داوە کە لەوان خوازیاری دەرکەوتنی جەستەییە.

کۆمەڵگا لە توانایدا هەیە ئەو توانا گوزارشتیە دەربڕاوە جەستەییانە بەکار بێنێت، بە ڕەهەندێکی دوور، بەڕاستی



دەتوانین ناوی (کۆمەڵگای رۆشـنبیری) لـێ بنێین، لەبەر ئـەوەی بەکار هێنانی ئەو توانایانـە بۆ تاکەکانی دەبێتە هۆی زیادکردنی دەلالەتە سەرەکیەکان بۆ شێوەکانی پەیوەندی. مەرج نیە کۆمەڵگای شارستانی کۆمەڵگایەکی رۆشنبیر بێت، ڕاستە شارسـتانیەت ئەو کاتە دەرکەوت کـە پەیوەندی بە وەزیفەکانی جەسـتەی مرۆیی بوو، لە سـەریەتی چەمکی شارستانیەت شـیبکاتەوە، ئەوە جۆرێکە لە فراوان بوون و گەشـە سەندنی بۆ وەزیفە سەرەکیەکانی جەسـتەی مرۆیی، واتا گەشەسەندن و لاوازکردنی وەزیفەی چاو و گوێ و زمان و دەسـت و قاچ، درووسـت کردنی تەلەسکۆب و میکرۆسکۆب بۆ نمونە، شتێك نیە جگە لـە ئارەزوویەکی مرۆیی، هەنگاوێکە بۆ بینینی ئەو شتانەی کە هەستی بینین توانای بینینیانی نیە، ئەگەر بتوانین ناوی شارستانیەتی لێ بنێین ئەوە دەرەنجامە کەڵەکە کراوەکانە، بۆ ئەو هەنگاوانەی بە رۆڵی خۆی هەڵدەستێت بە فراوان کردن و گەشە سەندنی توانا جەستەییەکان.

شـتە کرۆکیەکە لێرەدا بوونی جۆرێکە لە (ووزە) دەتوانێت ئەو ئارەزووانە بکات بە واقعێکی بەڵگەدار، ئەوەش بەرەو بیرکردنەوە بۆ بابەتی (مۆدێرنیتی) دەمانبات، پێوانەی جیاکاری لە نێوان کۆمەڵـگا مۆدێرنیتیەکان و کۆمەڵگای بـەر لە مۆدێرنیتی لەڕوانگەی هەندێ لە کۆمەڵناسە ئەمریکیەکان ئەوە رێژەیەکی بەکارهێنانی ئەو کۆمەڵگایانەیە بۆ ووزە ئاژەڵی و نا ئاژەڵیەکان، ووزەی ئاژەڵـی لێـرەدا دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤ و ئەسـپ و گیانـدارەکان، بەڵام ووزە نا ئاژەڵیـەکان دەگەڕێتەوە بۆ هێزی کارەبایی و ئەتۆمی و ئەوانی لەو هێزانەوە نزیکن.

کۆمەڵگای نـوێ لە تێڕوانینـی ئەو کۆمەڵناسـانە، ئەو کۆمەڵگاییـە کە ووزە نا ئاژەڵیەکان بەکار دێنێت بە بچووکترین شـێوە لەهەموو ڕێرەوی پرۆسەی بەرهەم هێنان، بۆیە بۆ نمونە کۆمەڵگاکانی لە شێوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و یابان، دادەنرێن بە ناوکۆیـی کۆمەڵگا نوێیەکان، بـەڵام کۆمەڵگاکانی وەکو کۆمەڵگاکانی ئاسـیا و ئەفریقیا دادەنرێـن بە کۆمەڵگاکانی بـەر لە مۆدێرنیتی، لەبەر ئـەوەی ووزە ئاژەڵیەکان لە ڕێرەوی پرۆسەی بەرهەم هێنان بەکار دێنێت.

کارتێکەرەکانـی ڕووناکی و ڕەگەزەکانی سـینۆگرافیا لە بەرزکەرەوەو بڵندکەرەوە و شـانۆی سووڕاو...هتد، هەموویان بە ووزە کارەباییەکان بەڕێوە دەچن، ڕاوێژکاری بە رۆڵی شانۆ دەکەن، بە بنەما کۆنکرێتیەکان دەست پێدەکات و تێدەپەڕێت بە میکانیزم و ڕەگەزەکانی نمایش بینراوو تەکنیکی، ئەوانەش شـتێك نین جگە لە دەسکەوتێکی دواین بۆ جۆرەکان و فراوانکردنی بواری چالاکیە پیشەسازیەکان.

ئەگەر شـانۆی (نـو) و (کابۆکی) وەربگریـن، ئەوانە دوو نموونەی یابانین کە وەك شانۆی پێش تازەگەری مابێتەوە، ئەوەی



تیا دەدۆزینەوە کە پرۆسـەیەکی هاودژی تەواوە، لەبەر ئەوەی ووزە نا ئاژەڵیەکان بەکار ناهێنن، جا لە شێوەی نمایشەکانیان بێت یاخود لە بیناسازی بنیاتی شانۆ.

با بۆنمونە میوزیك وەربگرین، لە شانۆی مۆدێرنیتی میوزیك تۆمارکـراوە بەرهەم هێنانەوەی لە ڕێگەی بڵندگۆکان و دەنگە بەرزەکانەوە بەرهەم دەهێنرێنەوە، کەچی دەبینین لە شـانۆی نو دەنگی ئەکتەرەکان و سـەماکاران و کـۆرس و ژەنینی ئامێرە میوزیکـەکان، هەمووی بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و زیندوو دەگاتە بینـەران، هەروەها جل و بەرگ و دەمامك ئەوانیش بە پێچەوانەی شانۆی مۆدێرنیتین، هەموویان بە دەست کار دەکەن، بەڵکو شـانۆ بۆخۆشـی ڕاوێژکردنی بە پێی ڕێسا کلاسیکیە سونەتگەراییە یابانیەکانە بۆ پیشەی دارتاشی.

بە کورتی شـانۆی نـو هەڵێنجراوی هەسـتێکی رۆحیە بۆ دەرکەوتنی لێهاتوویی و ووزەی جەسـتەی مرۆیی، بەڕادەیەك بتوانین وەك کۆمەڵناسە ئەمریکیەکان وەسفی بکەین بە شانۆی پێش مۆدێرنیتی، لەبەر ئەوەی بەرهەمی ئەفراندنە سەرچاوەکەشی ووزە

ئاژەڵیەکانە، لەبەر ئەوەی شـــانۆ لەووڵاتە پیشەسازیەکاندا لەسەریەتی زەمەن ببڕێت و ووزە نائاژەڵیەکان لەو بوارەدا بەکاربێنێت، مەترســـی لەو بەکارهێنانە هەڵەکردنە لە دەست نیشان کردنی وەزیفەکانی جەستەی مرۆیی و هەســـت کردن بەو جەســـتەیە، بەپلەیەك کە ئەو دوانەی دوایی بەتەواوی لەیەکتــر جیابنـــەوە، مۆدێرنیتی چۆن تەلەســکۆبی داهێنا، وەك فـــراوان بوون و گەشـــە ســـەندنی وەزیفەکانـــی چاو، لەهەمان کاتدا توانا جەســـتەییەکانمانی تێکشکاند، بەتەواوی لە خودی مرۆییمان جیـای کردەوە، ڕێبازەکـــەم کەللە ڕەقانە بەرەو گەڕانەوە دەچێـت بۆ تازەکردنەوەو زیندووکردنـــەوەی تـــەواوی جەســـتەی مرۆیی لەناو ژینگەیەکی شـــانۆییدا، نەك بە ســـانایی بەڵکو لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ فۆڕمە شانۆییە سوونەتیەکانی شانۆی (نو) و(کابۆکی)، بـــە بەکارهێنانی کاریگەریە دەگمەنەکان بۆ خولقاندنی شـــتێك کە بتوانێ ئەزموون و ڕاهێنانە شانۆییەکانی ئێستامان بگوازێتەوە بۆ شانۆی نوێ.

ئێمە بەشـــێوەیەکی بـــەردەوام پێویســـتمان بە هەســـتکردنە بەوەزیفەکانی جە ستە کە جارێکیان تێکشـــکاوە، لەم جارەیان ئامانجمان ئیدراکە کانی جەســـتە بۆ هەستەکانی بگەڕێنینەوە، وە بەو شـــێوەیە، ئەگەر لەوەیاندا ســـەرکەوتوو بووین، دەتوانین بەشـــداری بکەین لە پارێزگاریکردنی کولتور لە چوار چێوەی بازنەی ژیار.

داواتان لێدەکەم ڕێگام بدەن بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە سەر ڕێبازەکەم لەبارەی ڕاهێنانی ئەکتەرەوە، بەشێوەیەکی تایبەتی جەخت لەسەر قاچەکان دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی پێم وایە درك کردنی پەیوەندی جەســـتە بە زەوی، دەمانبات بەرەو هەســـتکردنێکی فراوان بۆ هەموو پەیوەندیە فیزیاییەکانی جەســـتە. بەشـــی سەرەکی لە ڕێبازەکەم پێویستە لەســـەر ئەکتەر بۆ قۆناغێکی دەست نیشان کراو لە زەمەن بە قاچەکانی لە زەوی بدات، ئەوەشـــیان بەپێی میوزیکێکی گرژ، یا لەســـەر تەختەی شانۆ تێپەڕێت و بە هێز و تۆقێنەریەوە قاچەکانی لە زەوی بدات، لە دۆخێك کە جەستە شـــێوەیەك بێت لە تەرم، دواتر کە میوزیکەکە دەوەستێت لەسەر ئەکتەر پێویســـتە تەواوی جەستەی خاو بووبێتەوە، لەسەر زەوی خۆی بخات، درێژ بێـــت بەهێمنی و بێدەنگی بۆ ئەوەی دوای ماوەیەکی کورت خۆی دەستەبەر بکات، کاتێك میوزیك دەستی پێکردەوە (پێویستە ئەمجارە میوزیکەکە سلۆ و نەرم بێت) بەپێی ئەو گۆڕانە لە میوزیك، ئەکتەر بە هێواشـــی لەسەر قاچەکانی



دەوەستێت، وە بەهەر ڕێگایەك کە بۆی دەلوێ، بە شێوەی ستوونی دەوەستێت، دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی سرووشتی خۆی.

ئەو ڕاهێنانە لە دوو جولەی هاودژ درووست بووە، یەکەمیان دینامیکیە ئەویتریشیان هێمنە (جولاو و نەگۆڕ) یا بەواتایەکیتر ژیاندنەوەی توانا جەستەییەکان و دواتر ڕاگرتنی، ئامانج لـــەم ڕاهێنانە دەرکەوتنـــی ووزەی ووردبینیە لەســـەر جەســـتە لە ڕێگەی فرمان کردن بە پرۆسەی هەناســـەدان، مەبەستی سەرەکی بۆ دێری یەکەمی ئەم ڕاهێنانە، پارێزگاریکردنە لەســـەر بەردەوامبـــوون بـــۆ لێـــدان لەزەوی لەڕێگـــەی قاچەکانەوە بە تۆقینەوە، بێئەوەی هیچ لەرزینێك تووشی نیوەی سەرەوەی جەستە بێت.

ئەگەر ئەکتەر ئاگایی ووردبینی لە دەســـتدا لە وەســـتان لە سەر قاچ و چۆکەکانی، کە ئەو ئەندامانەی کە لێی داوا کراوە بەباشی و بە توندی ڕایبهێنێ، لەو کاتەدا مەحالە بتوانێ بەردەوام بێت لەســـەر لێدان بە شێوەیەکی توندو تۆڵ بە قاچەکانی، هەر چەنـــدە بەگوڕ بێت لە هێز و چالاکی، لەلایەکیتر بەبێ ووزەی رۆحی و ئیرادە لە فرماندان بۆ پرۆســـەی هەناســـەدان، نیوەی ســـەرەوەی جەستە، دەست بە لاســـەنگ بوون دەکات، دواتریش ڕەزمی لێدانە هارمۆنیەکان لەدەست دەدات. ئەو کاتانەی ئەکتەر بـــە قاچەکانی لە زەوی دەدات، هێزی لێدانەکە بە شـــێوەیەکی سرووشـــتی کاریگەری دەبێت لەسەر نیوەی سەرووی جەستە و وای لێدەکات بلەرزێتەوە، لەکاتـــی ڕاهێنانم لەتەك ئەکتەرەکان تێبینی ئەوەم کردووە لێدان لە زەوی بەشـــێوەیەکی ترســـێنەری بـــاش، دەبێتە وەڵامدانەوەی کردار بەرەو بەرزایی، بە واتای هەر کاتێ بەشـــێوەیەکی زیاتر بەهێز لە زەوی بدەن، نیوەی سەرەوە لە جەستەکانیان دەست دەکات بە لاسەنگ بوونی زیاتر.

تاکە ڕێگایەك بۆ کەمبوونەوەی لاسەنگ بوون بۆ ئاستێکی کەمتر، لەسەریانە ئەو هێزە ڕابگرن لەڕێگەی چۆکەوە، سووربوون لەسەر ئەو حەقیقەتەی کە بنیاتی جەستەی مرۆیی و پارسەنگی ووردبینی دەکەن لەسەر ناوچەی حەوز، بیرۆکەیەکی دەگمەنی تایبـــەت نیە بە ڕێبازەکەم، بەڵکو تارادەیەك هەموو هونەرەکانی دەربڕین، بەشێوەیەکی جێگیر ئەو بیرۆکەیە بەکار دێنن، لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەگەر شـــتێك ڕێبازی ڕاهێنانەکەم جیا بکاتەوە، کە دایدەنێم بە پلەی یەکەم، وا لە ئەکتەرەکان بکەم ئیدراك بە هەموو ئەوانـــە بکەن، تەنیا لە ڕێگەی لێدان لە زەوی بە قاچەکان، لە بڕوای منەوە ئەو دەرکەوتنە هەست کردن بە جەستەی سەرەکیە بۆ هەر ئەکتەرێکی شانۆیی کە متمانە بکاتە سەر قاچەکانی.

لەژیانی ڕۆژانەماندا بەرەو ئەوە دەڕۆین کە چاوپۆشی لە بایەخی قاچەکان بکەین، لە کاتێکدا هەر شتێکی پێویست، پێویستی درك کردنمانە بەوەی جەستەی مرۆیی پەیوەندیەك دادەمەزرێنێ لەسەر زەوی لەڕێگەی قاچەکانەوە، زەوی و جەستە ئەوان لەیەکتری ترازاو نین، یەکێکیان ئەویتر تەواو دەکات، بە مانایەکیتر ئێمە ئەو کاتانەی دەمرین بەرەو زەوی دەگەڕێینەوە. لەسەرمانە وا لە جەستە بکەین، کە بەردەوام بە شێوەیەکی نائاگایی دایمەزرێنێ، درك بەو ڕاستیە بکات، لە ڕێگەی خولڵاندنی هەستە بەهێزەکان لە کاریگەری یا خورپە، بەهۆی لێدان لە زەوی بە قاچەکانەوە.

هەندێك کەس ئەو حوکمەیان داوە کە بیرۆکەکەی من بیرۆکەیەکی یابانی چڕە، بەڵام ئەوە ڕاست نیە، تەنانەت بالێی کلاسیکی ئەوروپی کە سەماکاران هەوڵی بازدان و فڕین لە هەوا دەدەن، ئەوە هەستی سەرەکی جەستەیە، شتێ نیە جگە لە هەستکردن بە ڕاکێشان بەرەو زەوی، جارێکیتر دەگەڕێمەوە بەرەو فۆڕمە شانۆییە سوونەتیە یایانیەکانی وەکو شانۆی نو و کابۆکی، کە هێزەکانیان یەکێکیان بەرەو ئاسمان دەچێت و ئەویتریان بۆ زەوی، یەکێکیان بەرەو لوتکە دەچێت و ئەویتریشیان بۆ قووڵاییەکان، ئەوە مەسەلەیەکی کرۆکیە لە گوزارشتی جەستەیی، ئەو دوو هێزە ئاراستە کراون، بەڵام لە ئاستەکانیان هاودژن، بەڵام لەناوچەی حەوزەکانەوە بەیەك دەگەن، بەم شێوەیە و لەو دوو ئاراستەیەوە وزە دەر دەکەوێت، کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی دەست بە بڵاو بوونەوە دەکات، لەبەر ئەوە هەنگاونان بەرەو نیوەی خواروە بۆ جەستە بەرەو کەوتن دێت، ئەوەش شتێك نین جگە لە پرۆسەیەکی ڕاگر بۆ ئەو جولەیە، بۆیە هەستکردن بە قاچە چێنراوەکان بەشێوەیەکی جێگیر لەسەر زەوی دەبن، دواتر زیاد دەکات، ئەوەش ڕەمزە بۆ جولەکانی لەجۆری (هەنگاوی خلیسکەیی) یاخود (هەنگاوی تێپەڕین لەسەر زەوی و لێدان بە قاچ) ئەوانەش گوزارشتی ڕاکێشان و پەیوەندی بە زەویەوە هەیە.

ئەنترۆپۆلۆژیستی یابانی (شنۆ بۆ ئۆریگاکی) لە توێژینەوەکەی لەبارەی هونەری دەربڕینی یابانی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە نمایشکاران بەشێوەیەکی جێگیر لە یەکێك لە بەشەکانی نمایشەکە قاچەکانیان لە زەوی ئەدەن، کەوتنی ئەو لێدانە ئیلهامێکە لەخودگەرێتی سەر شانۆوە، وەك ئەوەی کردەیەك بێت مەبەست تیایدا ڕاکێشانی رووحە گوناهکارەکان بێت، کە لەژێر زەوی جێنشین بن، لێدان لە یابان بە (hembai) ناسراوە، بە دەسپێکردنی ئەو ڕوانینە دەکرێت ئەو هەنگاوە خلیسکەییە لە شانۆگەریەکانی نو دابنرێت، جولەی دەسپێك بە لێدان دەست پێبکات، بەم شێوەیە و بەپێی ئۆریگاکی، کرۆکی سەمای سوونەتی یابانی زریانێکە لەسەر شانۆ، کە ئەوە لە بنەڕەتدا مانای پاکژبوونەوەی شوێنە لەڕێگەی لەناوبردنی گیانە شەڕانگێز و نەگریسەکان.

زنجیرەی جولەکانم لە ڕاهێناندا لە دووبەش پێك دێن، یەکەمیان توند بوون و گرژبوونی جەستە بە تەواوەتی، وە پێدانی هێز بە چۆکەکان، لێدان لە زەوی بە قاچەکان بە یەك ڕەزمی بەردەوام، دووەم: کەوتنە سەر زەوی، درێژبوون بە شێوەیەکی هێمن و بێدەنگ، دواتریش جارێکیتر وەستان بۆ وەڵامدانەوەی میوزیك، جەستە تیایدا لەشێوەی بووکە شووشەی بەتەل هەڵواسراو دەچێت، ئەوەش لەڕێگەی ماتبوونی تەواوی هەموو شوێنێکی جەستە، ئەگەر توانیمان دەست بەکار بین، تایبەتمەندی جەستەی بەکار نەهاتوو وە ناوەندگەرێتی نێو ژیانی ڕۆژانەمان دەکرێ هەموو ئەوانە لەڕێگەی گواستنەوەی تەواو بێنە دی، لەبەر ئەوە دەبینین زۆر لەوانەی سەرەتان واهەست ئەکەن ئەوان ناچارکراون لەسەر ئەنجام دانی ئەو جولانە بە شێوەیەکی میکانیکی، جیاوازیە کەمەکانی جەستەیان ووردە ووردە لەناو دەچێت.

بەپێی ئەزموونم لەپەیڕەو کردنی ئەو ڕاهێنانە، زانیم کە ئەکتەرە ئەمریکیەکان سەرباری تامەزرۆییان بۆ نواندن لە واقیعدا، کەچی ئارەزووی ئەوە دەکەن ڕێبازەکەم پراکتیك بکەن، لەگەڵ ئەوەی ئەوان بە سووربوون و زیندەگیەوە قاچەکانیان لە زەوی دەدەن، کەچی ئەنجامەکەی ئەوەیە ئەوان ڕاستەوخۆ ووردبینی لە دەست دەدەن و جەستەکانیان خاو دەبێتەوە، هەندێك لەوانەی چاودێری ڕاهێنانەکانمیان کردووە، وای دادەنێن بە تەواوی یابانیە و لەگەڵ ئەکتەرە ئەمریکیەکان ناگونجێت، بیانوی دروستکراو ئەوەیە کە قاچەکانی ئەوان لە قاچی یابانیەکان درێژترە، لە واقیعدا مەسەلەکە قاچی درێژی نیە، یا توانا لە بەکارهێنانی، بەڵکو پێویستە هەستی ناوەکی درك پێکراوی جەستە ئاشکرا بکرێت، یا جیاکردنەوەی یادەوەری ناوەکی وابەستە بە تۆکمەیی جەستەی مرۆیی، بەواتایەکیتر توانا و لێهاتوویی لەسەر ئاشکرا کردنی هەستە قووڵەکانی درك پێکراوی جەستە، دواتریش جلەوگیری کردنی بۆ مومارەسەی بوونی بە تەواوەتی، لێرەوە حیکایەتی قاچە درێژەکان یا بچووکەکان ڕەت دەبێتەوە.

لێدان بە قاچەکان لە زەوی، جا گەر لە خۆرهەڵات بێت یا لە خۆرئاوا، شتێ نیە جگە لە جولەیەکی سەراپاگیری و پێویست بۆ هەموومان، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر قووڵ بۆ جەستەمان هەستی پێ بکەین، یاخود بە خولڵاندنی قەبارەیەکی خەیاڵکراو، کە دەتوانین ناوی بنێین "پانتایی سرووتی" کە تیایدا دەتوانین گۆڕانی خودی تیا وەدەست بێنین، لەگەڵ ئەوەشدا لێدان لە زەوی، لەگەڵ سرووتە یابانیە کۆنەکان دەرکەوت.

ئەنترۆپۆلۆژیست ئۆریگاکی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (شەش موحازەرە لە مێژووی هونەری دەربڕینی یابانی کۆن) ئاماژە بۆ سرووتێکی یابانی دەکات کە ناسراوە بە (سرووتی دەسپێك لەلای دیواری بەردینی پیرۆز) ئەوەش وەرگیراوی (ئەفسانەی درووست

بوونی یابانیە) کە ئەوە ڕەگی سەرەکیە بۆ سەمای پیرۆز kagura یا (سەمای بوزی)، باس لە سەمای هێمن بوونەوەی روحەکان دەکات، کە خواوەند ئامینۆ-ئۆزامینۆ-میکوتا، سازی دەکرد،کە لەبارەی حەوزێکی شۆرینی لەدار درووست کراو بوو، بە شێوەیەکی ڕەزمی بە خواروی دارەکە لە ناوەڕاستی حەوزەکەی دەدا، ئۆریگاکی دەگاتە ئەو دەرەنجامەی "حەوزی شۆرین دەبێت بە ڕەمز بۆ زەوی یا قووڵاییی، وەسوڕانەوەی خوداکان و لێدان لەناوەڕاستی حەوزەکە بە دار، ئەوانەش دەنگی بەرزی بەهێز درووست دەکەن، ئەمەش شتێك نیە جگە لە ڕێگایەك بۆ هەڵسانەوەی رووحەکان، کە لەو باوەڕەدا بوو خەوتووە یان لەژێر زەوی شاردراوەتەوە، لەپێناو ناردنی بۆ جەستەی پیرۆز بۆ خوداوەندە نەبینراوەکەی تەنیشتی"

ئۆریگاکی ڕاڤەی دەکات بەوەی لێدان بە دار مەبەست ڕاکێشان و لەناوبردنی دوژمنە شەڕانگێز و ڤێزەونەکان نیە، بەڵکو بۆ هەڵسانەوەی ووزەکانیانە، تاوەکو سوود لە چالاکیەکانی بۆ ژیانی مرۆیی وەربگیرێت، ئەنجامەکەش ئەو کاریگەریە لە کاریگەری قەرەبوو لە پێناو ئامادەکردنەوەی روحەکان دەچێت، بۆ ئەوەی دواتر بەسەریدا زاڵ بێت، بۆیە حەقیقەتی لێدان کە ئەکتەرەکانی شانۆی نو مومارەسەی دەکەن، تەنیا بریتیە لە نەریتێك کە پەیوەندی بەو سوونەتەوە هەیە.

هەموو ئەوە دەزانن کە شانۆی یابانی کۆن لەسەر گرد و گۆڕەکان بنیات نراوە، کاتێ مردووەکانیان دەناشت، کە تا ئەم ڕۆژگارەش خەڵکی هەڵدەستن بە هەڵکۆڵینی زەوی، یاخود شاردنەوەی دەفر لەو ووشکاییەی شانۆی (نو) ی لەسەر بنیات دەنرا، ئەو نەریتە بە تەنیا مەبەست تیایدا خولڤاندنی کاریگەری تەکنیکی نیە، لەبەر ئەوەی زەوی ووشك کراو دەنگ دەکات بە لێدانێکی بە هێزی گەڕانەوە، بەڵکو ئەوە ڕێگایەکی سوونەتیە مەبەست تیایدا خولڤاندنی ئەو وەهمەیە کە یارمەتی ئەکتەر دەدات لە دەرکەوتن یا ئامادە کردنەوەی روحەکانی سەر زەوی یاخود ڕوحە بەسەرچووەکان لە زهنی، کە بۆ وەدەست کەوتنی ووزەکانی دەیگەڕێنێتەوە.

لەرینەوەو دەنگدانەوە و ڕێزگرتن لە هەستە درك پێکراوە جەستەییەکان دەکات، بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ وەڵام بەو ڕوحانە، ئەوەش شتێکی زۆر پێویستە بۆ ئەکتەر لەسەر شانۆ، ووزەی ڕۆحەکان لەڕێگەی هەستکردن و دەست لێدان لە قاچەکانەوە بۆ چالاك بوونی جەستەمان، ئەو وەهمە زۆر سرووشتیە و بەهای هەیە بۆ کائینی مرۆیی. نهێنی پیرۆزی شانۆی نو لەمانەوەو بەردەوام بوونیەتی لەسەر ئەو بیرۆکەیە لە زهن و پڕبوونەوەی بۆ کاتی ئێستامان.

گرد و گۆڕەکان دەکرێ دابنرێت بە مەجاز بۆ مناڵدانەکانی تیای لەدایك بووین، بەو مانایەش دەتوانین بڵێین زەوی بۆخۆی بووە بە دایکمان، ئەکتەرەکان دەتوانن تەنیا یاری لە ڕۆڵەکەی خۆیان بکەن، لە ڕێگەی تاکە گریمانەیەکەوە، وەك خودی یەکگرتوو ئەوان وابەستەن بەهەموو ئادەمیزادەوە.

بەشی خوارەوە لە جەستەمان، نەك سەرەوەی، دەتوانین لەڕێگەیەوە بەشێوەیەکی هۆشیاریانە گوزارشت بکەین لەهەستە درك پێکراوەکانی جەستە، هەستی گشتی و هاوبەش بۆ هەموو ڕەگەزەکان، بۆ ئەوەی زۆر ووردبین و بە دەست نیشان کراوی دەڵێین: قاچەکان.

قاچەکان دوا بەشی جەستەی مرۆیین، کە بە شێوەیەکی ڕاستی لە پەیوەندی کردنن بە زەویەوە، کە پاڵپشتێکی سەرەکین بۆ هەموو چالاکی و کردارە مرۆییەکان.

**وەرگێڕانی: شانوکار**





# سوزوکی: کۆمەڵناسی شانۆیی

**نیهاد جامی**

ئێمە چۆن دەتوانین رەهەند و گوتارێکیتر بە شانۆ ببەخشین؟ ئایا شانۆ بریتیە لە پرۆسەیەکی کۆنکرێتی و هاوکێشەیەکی ماتماتیکی؟ هەمیشە ئەوە گومانە بەرەو پرسیاری جیاوازمان دەبات، ئەوە پرسیارە لە ئەزموونە جیاوازەکان نزیکمان دەکاتەوە، ئێمە هەمیشە خەونی گەڕان نایەڵێت وێستگەیەك بدۆزینەوە بۆ پشوودان، بەڵکو خەون بەرەو پانتایی ڕەنگە جیاوازەکانی شانۆ ئاشنامان دەکات، هەر کاتێ ئەزموونێك سنووری خۆی دەست نیشان کرد، ئەوە مردنی ئەزموونەکە ڕادەگەیەنێت، ئەزموونکاریەت هەمیشە لە گەڕان و پرسیاری جیاوازدایە، هەر بۆیە دەرچوون لە یاسا باوەکان هەوڵدانە بەرەو گەڕان بۆ ئەزموونی نوێ و ناتەبا، ئەوەش پێویستی بە ئاگاییەکی شانۆیی قووڵ و گەڕانە بەناو تیۆر و میتۆدە جیاوازەکان، قسەکردنەوەیە لەسەر پەیوەندی نێوان شانۆ و زانستە مرۆییەکان، ئەوانەی لەو پەیوەندیە دەدوێن، دەبێت کەسانێکبن بێئاگا نەبن لە زانستەکان، چەندە دەبێت لە شانۆ نزیك بێت هێندەش پیویستی بە ئاشنا بوونی ئەو زانستانە هەیە، زانستەکان توانای ئەوەیان هەیە هەمیشە بەرەو بیرکردنەوە لە ئەزموونی جیاواز بمانبات، ئەو پەیوەندیە سەرەنجام لەناو ئەبستمۆلۆژیای ڕەخنەیی چڕ دەبێتەوە، ئەگەر ئەو پەیوەندیە لای ئەنتوان ئارتۆ بریتی بوو بێت لە پەیوەندی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و شانۆ، تا لە دواجاردا ئەو پەیوەندیە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆی خوڵقاند، ئەوا زانستەکانیتر بێلایەن نەبوون لە ئاوێتە بوونیان بە شانۆدا، دیارترینیان کە مەبەستی ئەو نووسینەی ئێمەیە ئەزموونی شانۆکاری یابانی (تاداشی سوزوکی) (١)، ئەو شانۆکارە بەرەو مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا) کاری نەکردووە، بەڵکو لەناو کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا) وە پەیوەندیەکەی خوڵقاندۆتەوە، هەموو پرسیار و گومانەکانی بەرهەمی ئەو پەیوەندییە، هەر بۆیە ئەو لە کارکردن زیاتر لەسەر چەمکە کۆمەڵناسیەکان کار دەکات، بە تایبەتی کۆمەڵناسە ئەمریکیەکان دەکاتە سەرچاوەی سەرەکی کارەکانی، کولتور وەك چەمکێکی کۆمەڵناسی کاریگەریپەکی گەورەی لەسەر بیرکردنەوەو میتۆدی کارکردنی هەیە، ئێمە هەوڵ دەدەین لەسەر چەند رەهەندێکی ئەزموونەکەی بدوێین، هەروەها چەمك و زاراوەکانی تاچەند بە مانای نوێ بارگاوی کراوە؟ شانۆکەی لەناو چ پۆلین کاریەکە؟ دەچێتەوە سەر چ قۆناغێك و ڕەخنەکانی ئاراستەی کوێ دەکات؟ ئایا ئەو ئەزموونە بە تەنیا ئەزموونێکی خۆرهەڵاتی یا ڕاستر بڵێین یابانیە؟ ئەو ئەزموونە توانای خۆناساندنێکی سەربەخۆی هەیە بەوەی وەك ئەزموونێکی دەوڵەمەند بیناسین کە بتوانین سوود لە تێروانینەکانی وەربگرین؟ ئێمە هەوڵ دەدەین لە تەواوی ئەو نووسینەدا لەسەر ئەو پرسیارانە ئیش بکەین.

ئیشکردنی سوزوکی لە شانۆدا گەڕانەوەیە بەرەو چەمکی کولتور بەهۆی ئەوەی ئەو چەمکە لەناو دەلالەتی سۆسیۆلۆژیەوە (کۆمەڵناسی) بارگاوی کراوە، بۆیە ئەویش هەر لەناو ئەو زانستەوە سەیری ئەو چەمکە دەکات، ئەگەر کولتور خاوەنی چەندین پێناسەی جیاواز بێت، لە جۆری "کولتور بریتیە لە گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و زانیاری و هونەر و، هزر و بیروباوەڕ و یاسا و دیسپلین و دابونەریت و ترادسیۆنەکان، بە کورتی گشت ئەو فێربوون و عادەتانەی کە مرۆڤێك وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگا وەریدەگرێت" (٢) بەڵام بەهۆی ئەوەی سوزوکی زیاتر بایەخ دەدات بە کۆمەڵناسە ئەمریکیەکان و جەخت لەسەر بۆچوونەکانی ئەوان دەکاتەوە، بۆیە دەبینین لە تێڕوانینەکانیدا ئەو پێناسەی کۆمەڵناسی ئەمریکی سامنێر زۆر بە ڕوونی هەست پێدەکەین کە دەڵێت "کولتوور بریتیە لە کۆمەڵێك داب ونەریت و ترادسیۆن و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی" (٣) گەڕانەوەی ئەویش بۆ شانۆی کۆنی یابانی بەرەنجامی ئەو تێگەیشتنە کۆمەڵناسییە، بەڵام لەوە دەچێت پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین، کە بۆچی بایەخ بە کۆمەڵناسە ئەمریکیەکان دەدات؟ بەر لە هەر شتێك ئەو جیاکاریەی کۆمەڵناسە ئەمریکەکان دەیکەن لە نێوان دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و دیاردە کوولتوریەکان بۆخۆی دۆزینەوەی ئاراستەیەکی نوێیە بۆ کاری شانۆیی کە بتوانێت دیاردەی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە شانۆدا جیا بکاتەوە، کۆمەڵناسی ئەمریکی "زیاتر بایەخ بە (پەیوەندییەکان) دەدات نەك (بونیاد) و (دامەزراوە)، کێشە تایبەتەکانی کۆمەڵگای ئەمریکایی، واتە ململانێی نەژادی، کەمایەتیەکان و تاوانکاری (بە تایبەت تاوانکاری لاوان) زەمینەی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بووە و دەبێت، کەم کتێبی کۆمەڵناسی ئەمریکایی هەیە باسی کێشەی نەژادی نەکردبێ" (٤) لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی سوزوکی بایەخ بە کۆمەڵناسە ئەمریکیەکان دەدات، بەوەی بایەخدان بە پەیوەندیەکان بەلایەوە گرنگترە، بەلام پەیوەندیەکان لای ئەو چیە؟ ئەوەیە ئەوپرسیارەی پێویستە بە دوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین.

پەیوەندی هەریەك بە جەستەکانەوە، خوڵقاندنی پەیوەندی گروپێکی کۆمەڵایەتیە کە دەیەوێ لە ڕەفتارەکانی ژیانی ڕۆژانەوە بیگوازێتەوە بۆ پەیوەندی کردن بە گروپێکی شانۆیی، ئەو پەیوەندیە بەرەنجامی کوشتن و لابردن و نەمانی جیاوازیە جەستەییەکانە، کە نمایش جەستەی تاك دەگۆڕێتە



سەر جەستەی کۆ، ئەو کۆیە شوناسی کۆمەڵایەتی گروپی ئەکتەرانە، ئەوەش دەبێتە لەدایکبوونی کۆمەڵگایەك کە بەزمانی خۆی بە (کۆمەڵگای ڕۆشنبیری) ناوی دێنێت.

کێشەی شوناسی کۆمەڵایەتی بابەتێکی گرنگی ئەو ئەزموونکارەیە، بۆیە بۆ دوو جۆر لە ووزە پۆلینی دەکات (ووزە ئاژەڵیەکان) و (ووزە نائاژەڵیەکان) ئاژەڵیەکان دەگوازێتەوە بۆ جەستەی مرۆڤ و گیاندار هەرچی ووزە نائاژەڵیەکانە بە ووزە تەکنەلۆژیەکان ناوی دەبات، ئەو پۆلینکاریە شوناسی ئەزموونەکەمان تێدەگەیەنێت بەوەی لەو ڕێگەیەوە ڕەخنە ئاراستەی مۆدێرنیتی دەکات، ڕەخنەگرتنی لە مۆدێرنیتی گەڕانەوەیەکی نۆستالۆژی نیە بۆ سەردەمی شانۆی بەر لە مۆدێرنیتی، ڕاستە ئەو ئاماژە بۆ شانۆ کۆنەکانی یابانی دەکات، بەڵام ئەو باسکردنە هێندەی ئاماژەکردنە بۆ ووزەیەکی ئاژەڵی کە توانای خولڤاندنی شانۆی هەبووە، مەبەست گەڕانەوە نیە بۆناو گریمان و دەلالەتەکانی جیهانی سوونەتی ئەو ئەزموونانە، بەڵکو دژوەستانەوەیە بەرامبەر بە مۆدێرنیتی بەوەی نەیتوانی شانۆ بەرەو پێشەوە بەرێت، چ لەڕووی تەکنیکی هونەریەوە، چ لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەوە تەکنەلۆژیا بوو باڵی تەواوی بەسەر سەرجەم پەیوەندی و تەکنیکەکان و هونەردا گرتبوو، بۆیە ئەو دژایەتیەی بۆ مۆدێرنیتی سوزوکی دەکات بە یەکێك لەو شانۆکارانەی ڕەخنە ئاراستەی مۆدێرنیتی دەکەن و میتۆدی کارکردنیشی ئاراستەیەکی نوێی تیا دەخولڤێنێت بۆ شانۆی پۆست مۆدێرنیتی.

میتۆدی کارکردنی بریتیە لەسەر لەنوێ ئامادەکردنەوەی ئەکتەر، لە ڕێگەی هەستەکانی جەستەوە، بە تایبەت بایەخدانی تایبەتی بە قاچەوە لە ڕێگەی لێدان لە زەوی، ئەوەش هەر زوو پەیوەندی جەستە و زەوی دەکات بە پەیوەندیەکی ئەزەلی بەوەی جەستە تەنانەت لە مردنیش دەسبەرداری ئەو پەیوەندیە نابێت، چونکە بۆ زەوی دەگەڕێتەوە، ئەو پەیوەندیە پرۆسەیەکە بۆ لابردنی جیاوازی ڕەگەزی و نەژادی، بەکار هێنانەوەی یادەوەری لەلایان ئەکتەر و گەڕانەوە بۆ کولتوری جەستەی خۆی، بە مانای ئەکتەر خاوەنی کولتورێکی تایبەتە کە ئەو کولتورە شوناسی ئەوی بنیاتناوە، لەو میتۆدەدا ئەکتەر ئەو کولتورە دەگەڕێنێتەوە نێو ساتەوەختی کارکردنیدا، مۆسیقا لە ڕاهێنانی ئەکتەردا بە دوو قۆناغ تێدەپەڕێ سەرەتا بۆ دەربڕینی هەموو ئەوانەی ناخی بۆ بەتاڵ بوونەوەو لێدان بە قاچەکان لە زەوی، تا بە تەواوی خاو دەبێتەوەو بە تاڵ دەبێت لەهەر تورە بوون و گرژی و دڵە ڕاوکەیەك، بەدوای خاوبوونەوەی قۆناغی دووەمی ڕاهێنانەکە مۆسیقا لە ڕێگەی ڕەزمێکی سلۆ و نەرمەوە هەڵی دەستێنێتەوە، ئەوە پرۆسەیەکی سەرەکیە





بۆ ئامادەکردنی ئەکتەر، دیارە ئەو میتۆدە جەختی زۆر دەکاتە سەر شانۆی یابانی بە تایبەت لە گەڕانەوەی بۆ ئەو ڕابردووە، کە کەسانێکیش بە میتۆدێکی تایبەت بە یابانی دەبینن، کە بۆ شانۆکارانی تر پەیڕەو کردنی زەحمەتە، بەڵام سوزوکی پێداگریەکی زۆر دەکات لەوەی ئەو میتۆدە تایبەت نیە بە یابانیەکان، بۆیە زیاتر ئەو پێداگیریە لەگەڵ ئەکتەرە ئەمریکیەکان دەکات "هەندێك لەوانەی چاودێری ڕاهێنانەکانمیان کردووە، وای دادەنێن بە تەواوی یابانیە و لەگەڵ ئەکتەرە ئەمریکیەکان ناگونجێت، بیانوی دروستکراو ئەوەیە کە قاچەکانی ئەوان لە قاچی یابانیەکان درێژترە، لە واقیعدا مەسەلەکە قاچی درێژی نیە" (٥) بەڵکو بەلایەوە لەدەستدانی ووردبینیە لەلای ئەمریکیەکان، بە تایبەت ئەو کاتەی هەموو خەیاڵیان لای قاچ دانە لەزەوی پێی وایە ئەو کاتە ئەکتەرە ئەمریکیەکان ئەو ووردبینیە لە دەست دەدەن.

ئەو ئەزموونە وەك لە ووتەکانی سوزوکی دەردەکەوێت دەکرێت وەك ئەزموونێکی جەستەیی بگوازرێتەوە بۆ شانۆی کولتورەکانی تر، بە تایبەت بۆ ئەو گروپ وکولتورە جیاوازانەی کە کارکردنیان لە شانۆدا بەدژی ڕێڕەوی شانۆی مۆدێرنیتیە، مەرج نیە ئەو تێڕوانینانە هەمووی وەك ئەوەی ئەو خوازیارە پەیڕەو بکرێت، بەڵام میتۆدێکە دەتوانێ سەر لەنوێ لە پرۆسەیەکی جیاوازدا ئەکتەر ئامادە بکاتەوە.

دیارە سوزوکی سەرباری ئەوەی دەیەوێت کۆمەڵناسیەکی تایبەتی لە شانۆدا بخولقێنێت، بەڵام لەو زانستە شانۆییە پۆست مۆدێرنیتیەدا نەیتوانیوە بە تەواوی دەسبەرداری ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ و تێڕوانینە ئەنترۆپۆلۆژیاکان بە تایبەت بۆ مرۆڤی یابانی واز بهێنێت، بۆیە زۆر جەخت لەسەر بۆچوونەکانی ئەنترۆپۆلۆژیستی یابانی (شنۆ بۆ ئۆریگاکی) دەکاتەوە، بە تایبەت لە ڕووی پەیوەندی جەستە بە زەویەوە، ئەگەرچی ئەوە مانای وانیە کە ئەو نەیتوانیبێت بەرەو زانستێکی شانۆیی نوێ ڕێگا ببرێت، بەڵکو میتۆدەکەی ئەو بە تەنیا خوڵقاندنی زانستێکی شانۆیی نیە، بەڵکو بنیاتنانی ریبۆرتوارێکی شانۆیی ئەزموونگەریشە کە دەتوانرێت پیادە بکرێت، ڕیبۆرتوارێك هیچی کەمتر نیە لە ریبۆرتواری ئەزموونکارە مەزنەکانی شانۆ و دەرگا کردنەوەیەکی جدیشە بۆ پرۆسەی ئامادەکردنی ئەکتەر بەر لە مەشق و خوڵقاندنی تواناکانی، ئەوەش نووسینەوەیەکی نوێیە بۆ ڕاهێنان و میتۆدی شانۆیی.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) تاداشی سوزوکی شانۆکارێکی یابانیە، لەدایکبووی ١٩٣٩، دامەزرێنەری چەندین گروپ و سەرپەرشتیاری چەندین ناوەندی شانۆیی کردووەو ئێستاش هەر لە تۆکیۆ بەردەوامە، هەوڵیداوە میتۆدێکی تایبەت بە خۆی لە ڕاهێنانی ئەکتەر پەیڕەو بکات، ئەو لە کارکردندا بایەخێکی تایبەت بە جەستەی ئەکتەر دەدات تا ڕادەی سەرسامبوون، ئەو جگە لەوەی وەك دەرهێنەر و ئەکتەر و ڕاهێنەرێکی شانۆیی بە شداریەکی چالاکی لە شانۆی یابانی کردووە، وەك تیۆرستێکی شانۆیش خاوەنی چەندین چەندین کتێبی شانۆییە، کە بۆ زۆر لە زمانەکانی دنیا وەرگێردراوە، دیارترین کتێبەکانی (ڕێبازی نواندن) و (پیاچوونەوە بە هونەری نواندنی شانۆیی.. تیۆر و پراکتیك)

(٢) دەروازەکانی کۆمەڵناسی/ مەنوچێهر موحسنی، وەرگێڕانی (کۆمەڵێك وەرگێڕ) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٢، ل ١٠٣

(٣) هەمان سەرچاوە

(٤) کۆمەڵناسی گشتی/ مەنوچێهر موحسنی، وەرگێڕانی (موسلح ئیروانی) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٥، ل ١٧٧

(٥) الثقافه هی الجسد/ تاداشی سوزوکی، ترجمه (علی کامل) المدی العدد (٢١) ١٩٩٥، ص ١٢٩

# مەلەفی سێیەم

## یادەوەری دەنگ



# سەرەتایەکیتر بۆ ئەزموون



بەدوای کۆتایی هاتن بە قۆناغی یەکەمی کارکردن، ئێوارەی ٢٠٠٧/٩/٢٣ لە قشلەی کەرکوك و شەوی ٢٠٠٧/١٠/٣ لە قشلەی کۆیە سەرەتای ئەزموونێکی نوێی قۆناغی ئەزموونکاری تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك بە ئەزموونی (یادەوەری دەنگ) دەستی پێکرد، ئەو ئەزموونە تەواو جیاواز بوو بەهۆی ئەوەی ئێمە هیچ بیرۆکە و هێلکاریەکی نووسراومان نەبوو، بەقەد ئەوەی مەشق و ڕاهێنانەکان بۆ پرۆژەیەکی شانۆیی کۆی کردووینەتەوە، چۆنیەتی ئیشکردنی ئێمە لەو ئەزموونەدا پرۆژەیەکی لابۆری بوو، بەهۆی ئەوەی بەدوای پەیوەندی نێوان شوێن و جەستە دەگەڕاین، ئەو گەڕانە بیاتنانی سەرەتاکانی ئەزموونێکی جیاواز بوو کە تیایدا دەنگ بۆ یەکەمجارە لەپاڵ جەستە دەردەکەوێت، ئەوە نەك هەر بۆ ئێمە ئەزموونێکی نوێ بوو، بەڵکو بەر لە ئێمە وەك ئاگادارین تەنیا لابۆری شانۆی لالش بەر لەئێمە بەو شێوەیە کاریان کردووە، بەڵام کارەکانیان چۆن بووە و تاچەند دەنگ وەك جەستە دەردەکەوێت ئەوانە ئەو پرسیارانەن کە ئێمە بێئاگاین لێی بەهۆی ئەوەی ئەوان ئەزموونەکانیان لەدەرەوەی وڵات نمایش دەکرێت، کە بێشك بینینی ئەزمونی ئەوان بۆ ئێمە کاریگەری باشی دەبوو، چونکە دڵنیاین دەمانتوانی لێیانەوە سوودمەند بین، بۆیە جگە لەهەوڵی ئەوان لەتەواوی بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەریمان ئەزموونێك نابینین دەنگ نەك ووشە و ڕستە ئامادە بوونی وەك جەستە هەبێت، بۆیە ئەو قۆناغەی ئێمە کاری تیا دەکەین قۆناغێکی تەواو ئەزموونکاریە، بەپێی ئەزموونەکانیش هەوڵ دەدەین تێگەیشتنی ئەزموونکاریمان لە شانۆکار بخەینە ڕوو، لەهەمان کاتدا زۆرمان بەلاوە گرنگە هەر تێڕوانینێکی ڕەخنەیی هەبێت دەرگاکانی ئەو گۆڤارەی بۆ ئاوەڵا بکەین، لەم ژمارەیەشدا هەوڵ دەدەین تێگەیشتنێکی بەرایی لەبارەی ئەو ئەزموونە بخەینە ڕوو لەپاڵ بۆچوونی بەشێك لە شانۆکاران، ئەوەش تەنیا بەو مەبەستەیە کە گوتارێکی ڕەخنەیی بۆ نمایشەکان بەرهەم بێنین.

# سۆسیۆلۆژیای شانۆ



**نیهاد جامی**

ئیشکردنی ئێمە لە سۆسیۆلۆژیای شانۆ گواستنەوەی ئەزمونێك نیە، وەك چۆن تیۆرێكی شانۆیی نیە بەرجەستەی بكەین، بەڵكو پەیوەندی بە كاركردنمانەوە هەیە، ئەوە ئاسۆیەكی نوێی كاركردنە لە گەڕان و توێژینەوەمان بۆ شانۆ پێی گەیشتووین، ئێمە بەدوای ئەوەی كۆمەڵێك ئەزموونمان لە قەڵا و قشڵە و ژوور ئەنجامدا، تیایدا هەوڵماندا ئەزموونێك بنیات بنێین خوڵقاندنی شانۆ بێت وەك گوتارێكی جەستەیی، جەستە دەقی وەك بیرۆكەیەك بۆ كاركردن وەردەگرت، ڕۆژەكانی پرۆڤە جولە لە ئاوێتە بوونی بە شوێنی كاركردن، شانۆیەكی تایبەتی بەرهەم دەهێنا، هەندێكجار سیناریۆمان بۆ شوێنەكە دەنووسی تا بتوانین وەك زەمینەیەك بۆ پرۆڤە سەیری بكەین، ئەگەرچی سیناریۆی نووسراو هەمیشە دەچووە خزمەتی شوێنەكە، ئەوە شوێن بوو جولەی گریمان دەكرد، نەوەكو سیناریۆ شانۆییەكە بسەپێنینە سەر كاركردن، بەڵكو جەستە لە بەرەنجامی مەشق و گەڕانی لە شوێن شانۆی بنیات دەنا، بیرۆكە بە تەواوی دەگۆڕا، لەو ڕێگەیەدا كۆمەڵێك ئەزموونمان بە ئەنجام گەیاند، بۆیە پێویستمان بە ئەزموونێكی جیاواز هەبوو، جیاواز چ لە ڕووی چەمكەكانی شانۆ، یاخود لە تێپەڕاندنی شانۆیەكی تایبەت بە جەستە، ئەگەرچی لەم قۆناغ و ئەزموونەشدا ئێمە ووشە و دیالۆگی نووسراومان نیە، بەڵام دەنگ وەك جەستە ئامادە بوونی هەیە، ئەوەش بەریەككەوتنی نێوان جەستە و دەنگە. گەڕانێكی كولتوریە، كولتور بەو مانایە نا كە ئەوەی بووە بە شوناسی كۆمەڵگا تەنها ئەوانە ئیشیان لەسەر بكرێت، بەڵكو بەرەو ڕەگ و ڕیشە سەرەتاییەكانی دەگەڕێینەوە، گەڕانەوە بۆ سرووت و پەیوەندی ئێمە بە ئاگرەوە پەیوەندیەكی ڕۆحیە، ئاگر لەناو كولتوری كوردی ڕەگێكی پۆلاینی هەیە، ئێمە زۆر بە قووڵی بەرەو ئەو ئاگرە دەگەڕێینەوە، چونكە دەلالەتێكی سیمیۆلۆژی (زانستی ئاماژە) ناو وێنەی شانۆییە.

خوڵقاندنەوەی وێنەی شانۆیی نووسینەوەی بیرۆكەیەكی نووسراوی سەر كاغەز نیە، ئەوەش نەك بەگژداچوونەوەیە بەسەر ئەزموونەكانی ڕابردوومان، بەڵكو ئەزموونێكە لە ئاستی گوتاری شانۆییمان پێشتر ئەزموون نەكراوە، دەمانەوێ ئەو ڕێگایە سەختە بگرینە بەر، لەو ڕێگایەوە ئەزموونی شانۆییمان دەست پێدەكەینەوە، قۆناغی پێشووی كاركردنمان ئەو دەرگا نوێیەی بە ڕوودا كردوینەتەوە، چونكە لە گەڕان و پشكنین داین، هەر بۆیە ئەوانەی هاوكاری ئەو ئەزموونەن چەند كەسانێكی دەست نیشان كراون، بەردەوام لە گفتوگۆی ئەو ئەزموونەداین، ئەو



گفتوگۆیانە بووەتە هۆی ئەوەی دەرەنجامە تیۆریەکانی کارکردن تیایدا بنووسینەوە.

ئەو نووسینەوەیە تیۆریزەکردنی ئەزموونە، دەست نیشان کردن و تێپەڕاندنی ئەو ئاستانەیە کە لە کارکردن بەجێی دێلین، بەردەوام بەدوای ئاشکرا کردنی نهێنیە نەدرکاوەکانین، ئەوە خەسڵەتێکی جیاوازی ئێمەیە، هەمیشە ئەو کاتانەی هەست بەوە دەکەین. ئەو نهێنیەی دەمانویست دۆزیومانەتەوە. بەرەو نهێنیتر دەگەڕێین، ئەزموونی کارکردنم وەك دەرهێنەر. بەدوای دوانزە ساڵ کارکردن و ١٠ ئەزموونی شانۆیی، فێری ئەوەی کردم، ئەو ئەزموونە لەوەی من مەبەستم بوو گەیشتۆتە قۆناغی ئاشکرا کردن، بە تایبەت ئەو پێنج ئەزموونەی دوایی کەناومان نابوو (ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ ) بە تەنیا هەوڵی تاکانەی من نەبوو، بەڵکو کاریگەری ئەوانەی وەك ئەکتەر لەپاڵما دەرکەوتوون، هەریەکەی توانیویەتی ئیزافە بەو کارانە ببەخشێت، بۆیە ویستوومە هەر ئەوان لەگەڵما لەو قۆناغە نوێیەدا کار بکەنەوە، بێگومان ئیدی ئەوان تێڕوانینی من ناگەیەنن، بەڵکو بۆخۆیان بوونە بە بەشێك لەو ئەزموونە، هەموومان هەستمان بەوە کرد، ئەزموونەکە لەو قۆناغەدا پێویستی بە گەڕانی ئەزموونکاریانەی ترەوە هەیە، ویستمان بەرەو ئەزموونێکی جیاوازتر بڕۆین، ئەزموونێك دەق وەك بیرۆکەش قبووڵ نەکەین، بەڵکو لە کاتی کارکردن بتوانین بیرۆکە بخولقێنین، ئەو خولقاندنەش بەرەو دەقی سیمیۆلۆژی بمانبات، دەقێك وەك ئاماژەی کولتوری لەپاڵ جەستە دەربکەوێت، بەڵام ئەوە بەرەنجامی گەڕانەوەیە بەرەو یادەوەری لەبیرکراو، گەڕانەوە و ئامادەکردنەوەی یادەوەری منالیە، ئەوە بەر یادەوەری کولتوری دەکەوێت، کۆمەڵە دەنگێکن لە یادکراون وەك ئاماژە دێنەوە، بەڵام تێگەیشتن لێی زەحمەتە، دەسبەرداری زەمەنی هەنووکە دەبن، چونکە پێشبینیەکانی ئێستا دەگەڕێننەوە بۆ یادەوەری، یادەوەریەکی لەیاد کراو، یاد کراو ئامادە بوونی خۆی ڕادەگەیەنێت و پەیوەندی خۆی بە هەنووکەوە دیار دەکات، بەڵام بەو شێوەیە سەیری شتەکان ناکات کە ڕوو دەدەن، بەڵکو لە نێوان یادەوەری و پێشهاتە تۆقێنەرەکان دەیخاتە ڕوو، ئەوەش خوێندنەوەیە بۆ ئێستا، سەرەنجام ئێستا لەلای ئێمە دابراو نیە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و تەواوی ئەو شوناسەی کە کولتوری کوردی بەرهەم دێنن، لە ئێستادا ئێمە بڕوامان وایە ناکرێ شتەکان وەك ئەو ساتە ئیشی تیا بکەین، بەڵکۆ ئاگری شخارتەیەکی منالی بەسە بۆ ئەوەی بمانگەڕێنێتەوە سەر ئاگر کردنەوەی نەورۆز و تەنانەت بۆ ئاگر وەك سیمبولێکی زەردەشتی، هەر ئەوەشە وامان لێدەکات تێکستی زەردەشتی لەنێو دەنگ ئیش پێبکەینەوە.

دەقی یادەوەری لەیادکراو

ئێمە بیرۆکەیەکی نووسراوی دەقێکمان نیە تا کاری لەسەردا بکەین، ئەوەی هەیە ئەنجامی گفتوگۆی کارەکەیە، چوونە ئەو

شوێنەیە دەمانەوێ کارەکەی تیا ئەنجام بدەین، ئێمە دەست بە ڕاهێنانە جەستەییەکان دەکەین، چڕکردنەوەی یادەوەری یەکێکە لەو بابەتانەی بایەخی پێ دەدەین، جولەی تەواوی جەستە، ئێمە لە ژیاندا بایەخ بە قاچەکانمان نادەین، وەك ئەوەی بایەخی تایبەتی دەگەڕێنینەوە بۆ ڕووخسار و دەست و قژ و تەنانەت نینۆکەکانمان، بۆیە دەمانەوێ وەزیفەی قاچەکانمان دەربخەین، ئەوە نزیکمان دەکاتەوە لە ڕاهێنانەکانی شانۆکاری یابانی (تاداشی سوزوکی) کە پرۆسەی ئامادەکردنەوەی ئەکتەرە بۆ بەتاڵ بوونەوە لە ئێستا و خۆ بارگاویکردنەوە بە ڕابردوو.

ئەو ڕاهێنانە ئەکتەر دەتوانێ بیکاتە بەشێك لە نمایشەکە، نەك ئەو ڕاهێنانەی سەرەتا دەیکەین، بەڵکو ئەکتەر ئەو کاتەی ڕاهێنان لەسەر خەیاڵ و قاچ لەزەویدان دەکات، دەتوانێ ئەوە بکاتە میکانیزمێکی وێنەی شانۆیی، ئەگەرچی ئەوە زیاتر لە پرسیارەکەی (یۆژینۆ باربا) نزیکە کە دەپرسێت: ئایا مەشقی شانۆیی توانای ئەوەی هەیە ببێت بە نمایش؟ ئەو پرسیارە بۆ ئێمە نەك تەنیا گرنگی خۆی هەیە، بەڵکو پرسیارێکە توانای سەرەتاکانی نووسینی دەقی هەیە، کاتێ هێلێك بۆ دەقێك دەدۆزینەوە، ئەو دەقە هەموو کاتێك لەناو پرۆسەی گومان و سڕینەوەو نووسینەوە دایە، ڕەشنووسێکی پرۆڤەیە، چۆنمان دەوێ ئاوا ئیشی تیا دەکەین، ئەوە ئیشکردنێکە لەسەر پرسیار، وروژاندنی پرسیارە، لەڕێگەی دەنگی جیاوازەوە دەردەخرێت، ئەو دەقە پەیوەندی هەیە بە یادەوەری جەستەوە، کە یادەوەریەکی لە یاد کراوە، بەهۆی گەڕانەوەی لە ڕاهێنانەکاندا دەیگەڕێنێتەوە، بەڵام نەك بە هەستی مناڵی، بەڵکو بە ئاگایی کولتوریەوە یادەوەری ئامادە دەکاتەوە، ئێمە هیچ لەبارەی ئەو دەقەوە نازانین، تا ئەو شوێنەی یادەوەری لەیاد کراو نەهێنراوەتە ناو ئەو پانتاییەوە، لەگەڵ ڕزگار کردنی یادەوەری لە هەڕەشەی لەیاد کردن، ئێمە دەبینە خاوەنی دەقی یادەوەری لەیاد کراو، لەیاد کردن دەیەوێ پێشبینی بۆ داهاتوو بخاتە ڕوو، ئەو خستنە ڕووە شوناسی زەمەنی هەنووکەیە، بەواتای پرسیار لە یادەوەری. پرسیار نیە لە زەمەنێکی ئەرشیفکراو، بەڵکو پرسیارە لە ئێستامان، بەڵام ئەوە زەمەنی کرنۆلۆژی ئێستا نیە، بەوەی ڕووداوەکان ڕوویانداوە، بەواتای چیرۆکێکی شانۆیی نیە دیمەنەکانی بگێڕێتەوە، بەڵکو ئیشکردنەوەیەکی فەلسەفیە لەسەر چەمك، ئەو چەمکانەش چەمکی فەلسەفی ڕووت نین کە دووربن لە دنیای ئێمە، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە واقعی زیندەگیمانەوە هەیە، چونکە بریتین لە "ژیان، مردن، دڵەڕاوکێ، ترس، فەنا بوون" ئەو چەمکانە پەیوەندیان بە جولە و دەنگەوە هەیە، لەو ڕێگایانەوە گوزارشتیان لێ دەکرێت، بەڵام ئێمە جگە لەوە کۆمەڵە ماتریالێکمان هەیە، ئەوانە بۆ کاری جوانکاری ڕووکەش نین، بەڵکو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ڕەگەزی دەقی لەیاد کراو هەیە، ئەوانەش بریتین لە "ئاو، خۆڵ، ئاگر".

لەنێو ئەو دەقەدا شوێنکات گرنگی نیە، شوێن ڕووبەری بینراوە، کات پەیوەندی بە سەردەمی دەست نیشان کراو نیە بۆ گوزارشت کردن لە قۆناغێکی مێژوویی، بەڵکو کات ئامادە بوونی بینەرە بۆ نمایش، واتە زەمەنێکی شانۆییە، ڕوناکیش پەیوەست نیە بە هیچ گلۆپ و ئامراز گەلێك کە پەیوەندی بە سەردەمی تەکنەلۆژیەوە هەبێت، چونکە ئەو هەوڵە بەدژی قۆناغی مۆدێرنەیە، بۆیە ڕوناکی بریتیە لەو ئاگرەی کە سرووتی شانۆ بنیات دەنێت، یاخود ئەو ڕۆشناییە ئاسایەی لە شوێنەکە هەیە، مۆسیقاش بەهەمان شێوە. ئێمە میوزیکی ئامادە کراوی سەر کاسێتمان نیە، بەڵکو جەستەی کولتوری (کە دواتر لەسەر ئەو چەمکە دەوەستین) بۆخۆی وەزیفەی دەنگ و ئاوازی میوزیکی بەجێ دەگەیەنێت، یاخود ڕەزم لەڕێگەی قاچەکانەوە بەرهەم دێنێت، دیکۆریش بابەتێك نیە بۆ ئێمە بایەخی پێبدەین، بەهۆی ئەوەی نامانەوێ دەسکاری بیناسازی شوێنەکە بکەین، تاکە لایەنێك لەو چوار چێوە شێوەکاریە بایەخی پێ بدەین جل و بەرگە، چونکە تەواوکەری ڕەهەندە جەستەیی و دەنگیەکانە، ئەوەش پەیوەندی هەیە بە باگراوندێکی مێژوویی، ئاماژەیەکی کولتوری بە جەستە دەبەخشێت، ڕەنگ پەیوەندیەکیترە لەسەر جل و بەرگ بۆ خوێندنەوەی فیگورەکانی جەستە، بەڵام ئەو ڕەنگە بەدوورە لە مانا سونەتیەکانی ڕەنگ، کە ڕەنگی سپی دەلالەت لە پاکی بکات و ڕەنگی ڕەش دەلالەتی شەڕانگێزی بگەیەنێت، ڕەهەندە شێوەکاریەکەی وێنە دەلالەت بە ڕەنگ دەبەخشێت، کەواتە جل و بەرگ وەکو جەستە و دەنگ بایەخی سەرەکی هەیە، زۆرتریش ئەو جل و بەرگە لە شێوەی سەردەمی زەردەشتیەوە نزیکە، بەڵام گوزارشت ناکاتە سەر ئەو زەمەنە، چونکە بە پێی ئەزموونەکە دەسکاری شێوەی جل و بەرگەکە دەکەین، وای لێ دەکەین تایبەت بێت بە ئەزموونی ئێمەوە.

جەستەی کولتوری

جەستەی نمایش جەستەیەکی کولتوریە، ئەو جەستەیە وەزیفەیەکی ترادتیۆن (کەلەپوور)ی نیە بۆ نمایش کردنی دیاردە کولتوریەکان، بەڵکو ئەو جەستەیە کولتور شوناسی بوونیەتی، ئەو شوناسە دابڕاو نیە لە جەستەی ئەو، بۆیە جەستە گوزارشت لەو کولتورە دەکات، ئەوەش دەرخستنی وێنەیەکی کۆمەڵایەتی نیە بۆ پەیوەندیە سۆسیۆلۆژیەکانی کۆمەڵگای کوردی، بەڵکو جەستە هەڵگری ئەو وزە کولتورییە کە توانای درێژبوونەوەی هەیە بۆ ناو کاری شانۆیی، ئەو وزەیە دەلالەتی ڕەگەزی بە جەستە نابەخشێت، بەڵکو جەستە لەناو دەلالەتی فرە ڕەگەزیدا دەردەکەوێت، بەواتای جەستەی کولتوری جەستەیەکی نێرینە یا مێینە نیە بە تەنیا، بەڵکوجەستەیەکە هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە، جەستەیەکی نێرە مووکە، ئەوەش جەستەیەکە



تەواوی دوالیزمەکانی جەستە تێك دەشکێنیٚ، شتیٚ نیە پێی بووتریٚ (جەستەی ژن/ جەستەی پیاو) (جەستەی ڕەش/ جەستەی سپی) (جەستەی شاری/ جەستەی لادێی) (جەستەی ناسك/ جەستەی زبر) (جەستەی سووك/ جەستەی قوڕس) (جەستەی زیندوو/ جەستەی مردوو) بۆیە ئەو جەستەیە کاتیٚ بچێتە سەر دەزگا سەرکوتکارەکان، ڕەگەزەکان لەرێگەی خۆیەوە پۆلین ناکات، چونکە جەستەی کولتوری بۆخۆی هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە، جەستەیەك نیە لەڕێگەی ڕەنگ و ماسولکەوە دەست نیشان بکرێت، تەنانەت ئەو جەستەیە ووردە کولتور بایەخێکی ئەوتۆی تیا نیە، بەهۆی ئەوەی ووردە کولتور سەرەنجام لەناو کولتوری کۆمەڵگا شوناسی سۆسیۆلۆژی ئەو کۆمەڵگایە پێك دێنیٚ، ئەو جەستەیە دەنگ ڕۆڵێکی چالاکانەی تیا دەگێڕێت، بەهۆی ئەوەی وەك جولە دەردەکەوێت، بۆیە جەستەی کولتوری جەستەیەکی بێدەنگ نیە، جەستەیەکە لە ڕێگەی دەنگەوە ئینتیما بۆ سرووتە بەرایە کۆمەڵایەتیەکان دەکات، سرووت گەڕانەوەیە بەرەو یادەوەری، یادەوەری کوردی یادەوەریەکە هەموومان لەناویدا کۆ دەکاتەوە، ئەو پێکگەیشتن و کۆکردنەوەیە خاڵی پێکگەیشتنی ئێمەیە بەوەی جەستەی کولتوری تەنیا بریتی نیە لەو جەستانەی کە بە کارە شانۆییەکە هەڵدەستن، بەڵکو وەرگر وەك ئامادە بوویەکی ناو سرووت دەبێتە جەستەیەکی کولتوری، جەستەی نمایشکاران بینەر پەلکێشی نمایش ناکات، بەڵکو تەواوی جەستەکان دەبنەوە پێکهاتەی جەستەی کولتوری، یادەوەری جەستەی کولتوری پڕۆسەی بیرکردنەوە دەسازێنیٚ، بەوەی لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ سرووت دەچێتە ناو یادەوەری گشتی کۆمەڵگا، چونکە یادەوەری ڕووبەرێکە بۆ بیرکردنەوە، ئەگەر بە زمانی فرۆید لە یادەوەری بدوێین، دەبیٚ بڵێین "یادەوەری مرۆڤ هۆکاری نەخۆش بوونیەتی" ئێمە دەمانەویٚ لە گەڕانەوە بۆ یادەوەری، مرۆڤ لە نەخۆشیەکانی ڕابردووی ڕزگار بکەین، هیچ پێشنیارێکی بۆ ناکەین، بەڵکو لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ یادەوەری، بۆخۆی دەتوانیٚ لەناو سرووتدا ڕابردوو لە خۆی بتەکێنیٚ، ئەو پرۆسەیە بۆ جەستەی نمایشکاران لە کاتی مەشق و ڕاهێنان ئەنجام دەدرێت، لەکاتی نمایشیش بینەر لە کردەی وەرگرتن لەڕێگەی ئەو پڕۆسەیە وە ئەزموونی ڕزگار بوون لە یادەوەری ئەنجام دەدات، ڕزگار بوون لە یادەوەری دەسبەردار بوونی کولتوری نیە، بەڵکو شکستە خودیەکانی جەستەیە لێی، کولتور لەڕێگەی سرووتەوە دەمانگۆڕێتە سەر کەسێتیەکی جیاواز کە بتوانین بەسەر داهاتوودا بکرێینەوە، ئەوەش دەرکردنی میتافیزیکیایە لە جەستە، پاککردنەوەی جەستەیە لە ڕابردوو، داماڵینیەتی لە نێو خورافاتەکان.

بۆیە جەستەی کولتوری جەستەیەکی ژیاریە، چونکە لە بنەرەتدا بەرهەمی دیاردەیەکی سرووشتی نیە، ئەگەر بهاتبا جەستەی کەلەپووریمان مەبەستبا، کە جەستەیەکە تەنها ئینتیما بۆ ڕابردوو دەکات، دەبوایە بشڵێین جەستە دیاردەیەکی سرووشتیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێمە مەبەستمان جەستەی کولتوریە، جەستەیەکە کە "کۆمەڵگا، کەلەپوور، ئەدەب، هونەر، ئاین، سرووت، فەلسەفە، فیکر، دەنگناسی، سیمیۆلۆژیا، سۆسیۆلۆژیا، ئەنترۆپۆلۆژیا، فێمێنیزم" دەگرێتە خۆی، بۆیە جەستەی کولتوری جەستەیەکی ژیاریە، چونکە بەرهەمی کولتور و مێژووە.

دەنگ، یادەوەری جەستە

بایەخدانی ئێمە بە دەنگ، پەیوەندی دەنگە بە یادەوەریەوە، ئەوانە ئاماژەی لەیاد کراون، جەستەی ئامادە لەرێگەی دەنگەوە بەرەو زەمەنی یادەوەری دەگەڕێتەوە، چونکە دەنگ بەر لەووشە هاتووەن چۆن سەرەتا جولە هەبوو، ئاوا لەسەرەتادا دەنگ هەبوو، منداڵ کاتیٚ دێتە بوون، ووشە لەلای بوونی نیە، ساتەوەختی هاتنی بۆ دنیا دەنگ لەلای ئامادەیە، ئەوە ئاماژەیەکی بوونگەرایی ئەوە، بەڵام ووشە بەپێی کولتوری کۆمەڵگا و فێرکردنی چۆنیەتی قسە کردن لەگەڵ گەشە کردنی دێتە بوون.

دەنگ بۆ ئەوە بەکار ناهێنین تا لەو شوێنەی جەستە توانای گوزارشت کردنی لە حالەتێك نەبێت ئەو هاوکاری بکات،

دەنگ یادەوەری جەستەیە، جەستە دەنگ لە خۆی ناکاتە دەرەوە، بەیەکەوە جەستەی کولتوری بەرهەم دێنن، ئەو چەمکە لە ئەزموونی شانۆی کوردیدا چەمکێکی تەواو نامۆیە، ئێمە لە ئاستی تیۆری ئەگەرچی بە تەنیا خۆمان بە خاوەنی ئەو تێگەیشتنە نازانین کە پێی گەیشتووین، ئەوە بەدوای ئەوە دێت، کە ئێمە چۆن لە ڕێگەی خوێندنەوە تەئویلی تیۆرە شانۆییەکان دەکەین، تا ئەو شوێنەی ئێمە ئاگادار بین و دڵنیاشین لێی، بە تەنیا (لابۆری شانۆی لالش) بەر لە ئێمە بایەخی بە دەنگ داوە، بەڵام ئیش کردنی ئەوان چۆن بووە، شتێکی ئەوتۆی لە بارەوە نازانین، ئێمە مەبەستیشمان نیە بچینەوە سەر تێگەیشتنی ئەو لابۆرە بۆ دەنگ، ئاماژەکردنیش بۆیان تەنیا مەسەلەیەکی ئەخلاقیە، بەرپرسیاریەتی ئێمەیە لەبەرامبەر شانۆ، بۆ ئەوەی شانۆکاران دەسخەرۆ نەدەین بەوەی ئێمە بە تەنیا خاوەنی ئەو ئاستەین کە ئەمرۆ کاری پێ دەکەین، بەڵکو لە پێش ئێمە گروپێکی تر هەبووە کاریان بەم شێوەیە کردووەو تا ئێستاش بەردەوامن، لەوانەیە زۆر لە ئێمەش پێشکەوتووتر کارەکان بە ئەنجام بگەیەنن، بەڵام با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: دەنگ بۆ ئێمە چیە؟ سەرباری ئەوەی دەنگ بریتی نیە لە ووشەی نووسراو، بەڵکو لە کاتی پڕۆڤە بەرهەمی دێنین، ئەوەش پەیوەندی هەیە بە تێگەیشتنی ئێمەوە بۆ چەمکەکان، دەنگ سروودێکی نیشتیمانی دەتفێنێتەوە، ئەوە پاککردنەوەی جەستەمە لە یادەوەری، رزگار بوونمە لە شکستە خودیەکانی ڕابردووی خود، بیرۆکەی ئەو پڕۆژەیە پەیوەندی هەبوو بەوەی کە ئایا دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە کاریگەری بۆ سەر کەسێك لە ئێمە زیاترە، یا دەنگی ئەو میزەڵانەی کە بە منالی لێیان تەقاندووین؟ ئایا ئەو میزەڵان تەقاندنە وامان لێ ناکات، دەنگی یادەوەری منالیمان بگۆڕێت بۆ تۆڵە سەندنەوە لەڕێگەی هەڵسان بە تەقینەوەی بۆمبێك؟ بەواتایەکیتر مانا جەوهەریەکانی ئەو پرسیارە بۆ ئێمە بۆیە گرنگە، ئەگەر ئێمە لە کەرکوك خەریکی شانۆ نەبواین و ڕووداوەکان بەو ڕادەیە کاریگەریان لەسەر ژیانمان بەجێ نەهێشتبا هەرگیز بە خەیاڵماندا نەدەهات بەم شێوەیە ئیش لەسەر دەنگ بکەین، لەوانەبوو پێویستمان بە مەعریفە و گەڕانێکی قووڵتر هەبوایە بۆ ئەوەی بمانگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە دەنگ بگوازینەوە ناو جەستە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی ئەو بیرۆکەیەی پەیوەندی هەبوو بە واقعی ژیانی ڕۆژانەمان، بەڵام هەوڵماندا چارەسەری میتۆدیانەی بۆ بکەین.

گەڕانەوە بۆ منالی لە تەمەنێکی دەست نیشان کراو دەست پێناکات، بۆیە دەنگ بەدوای ڕەگ و ڕیشە کولتوریەکانی خۆیەوە دەگەڕێت، بەر لەوەی ووشە دەنگ بگۆڕێت بۆ ناونانی شتەکان، گۆڕینیان لە ماتریالەوە بۆ مانای ڕەها، دەنگ وەزیفەی فرە مانایە بە شتەکان، زمانێکی یەکگرتووی ستاندارە لەکاری شانۆییماندا، زمانێکی گەردوونیە. وەك زمانی جەستە وایە، ئەو دوو زمانە (زمانی دەنگ) و (زمانی جەستە) ئاوێتەی یەکتری دەبن، ئەو کاتانەی دەنگ لە یادەوەری منالی جەستە ناوەستێ بەرەو یادەوەری کولتوری دەگەڕێتەوە، دەچێتەوە سەر سرووتە ئاینیەکانی خۆی، لەوێدا کۆمەڵە ماتریالێك دەبینێت "ئاگر، زەردەشت، ئاڤێستا، ئاهورامەزدا" مەرجنیە ئەوانە لە نمایش بەکار بێنێت، بەڵام کاتێ لە شوێنێکدا هەستی کرد پێویستی بە بانگ کردنی ئاهورامەزدایە، ئەوە جەستە لە شێوەی دەنگی ئۆپێرای دەری دەبڕێت، یا لە شێوەی لاوانەوەیەکی گەرمیانیەوە، بینەرێکی ووردبینت پێویستە بۆ تێگەیشتن لەو بانگەوازە، لەوانەیە لە کارێك بۆ ئەنفال بتەوێ تێگەیشتنی مێژوویی بۆ ئەو ڕووداوە بکەیت، دوور نیە بتەوێ زەردەشت وەك کارەکتەرێك بێنیتەوە، بۆ بەستنەوەی هەردوو ڕووداوەکە، یا کاتێ پێویستت بە تێکستێکی نێو ئاڤێستا دەبێت، نایەین ماناکەی لەسەر ڕێنووس و ووشەی دەنگی زمانی کوردی. زمانی ئاخاوتنی ئێستامان دەربڕین، بەڵکو ئەو پارچە تێکستە هەر بە زمانە ڕەسەنەکەی خۆی، بەڵام تێکەڵی ئاوازی دەنگی دەکەین، ئەوە گۆرانیەك نیە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان، بەڵکو نووسینەوەی نێوان جەستە و دەنگە.

ئەو پڕۆسەیە لەنێوان زەمەنی یادەوەری و پێشهاتە زەمەنیەکانی داهاتوو دەیەوێ تەئویلی ئێستامان بکات، ئەوەش کرانەوەیە بەسەر خوێندنەوەی فەلسەفی شانۆ، ئەو گەڕانەوە کولتوریە ڕقێك نیە لە کولتورەکانیتر، هێندەی دەیەوێ ئەو سرووتە کۆنە ئاینیە بگۆڕێت بۆ سرووتێکی شانۆیی جیاواز، لە ئێستایەك بدوێت کە وەك زەمەن بەو نامۆیە، کەچی لە جەوهەردا زەمەنی ڕاستەقینەی بوونیەتی، بوونێك وابەستەیە بە دەنگەوە، دەنگ لەناو ئاگرەوە دێت، بۆیە ئاگر دەنگە، وەك چۆن دەنگ جەستەیە، جەستەش شانۆیە، چونکە تایبەت نیە بە زمانێکی دەست نیشان کراو، دەنگ خەسڵەتە تایبەتمەندیەکانی دەگۆڕێت بۆسەر دۆخێك کە هێشتا ووشە بوونی نەبوو، ئەوە زمانێکە هەمووومان بە جیاوازی فکری و نەتەوەیی لە بەرامبەریداین، دەمانەوێ زمانی جەستەی گشتی کۆمەڵگا بێت،ژیاری کۆمەڵگا گوزارشت بە زمان دەکات و زمان لە ئامادە بوونی خۆیدا بانگەشە بۆ گوتار دەکات، گوتاری ژیار، کە پەیوەندی بە کۆی چالاکیەکانی کۆمەڵگاوە هەیە.

دارشتنەوەی پانتایی

دەرهێنان و دەرهێنەر دوو زاراوەی فەرامۆشکراون، چونکە ئێمە دەقێکی نووسراومان نیە تاکاری دەرهێنانی بۆ ئەنجام بدەین، بەڵکو لەبری زاراوەی دەرهێنان، چەمکێکی جیاوازمان هەیە کە پێی دەڵێین (دارشتنەوەی پانتایی) وەزیفەی ڕێکخستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و جوانکاریە، ڕێکخستنەوەی وێنە و

دارشتنەوەی بۆشاییە، نووسینەوەی پانتاییە لەڕێگەی جەستەوە، ئەوە پرۆسەی باوی دەرهێنان نیە، بەڵکو کارێکی فەلسەفی و فینۆمینۆلۆژیە (دیاردەناسی)، هانی جەستەی کولتوری دەدات کە بتوانێ دەنگ بدۆزێتەوە، سرووتێکی ئاینی بیر دێنێتەوە، کە چۆن لەڕێگەی دەنگی ئەو سرووتەوە، جەستە بتوانێ مانایەکی کەشف نەکراو بدۆزێتەوە، دارشتنەوەی پانتایی پرۆسەی لەدایکبونی وێنەی شانۆییە لەڕێگەی دەنگ و جەستەوە، ئەو دوانە بەدوای ڕووخانی دواڵیزمەکانی جەستە، دوالیزمی شانۆ لەڕێگەی دەنگ و جەستە تێکدەشکێنن، بەوەی دەنگ و جەستە لەنێو سیستمی نمایش دەبردرێنە سەر یەکەیەکی هارمۆنی.

شانۆ لای ئێمە پرۆسەی نووسینەوەیە لە پانتایی نەوەك لە شوێن، چونکە لە نێوان ئەو دوانە جیاوازیەکی ئەکسیۆلۆژی (بەها ناسی) هەیە، شوێن دۆزینەوەی رووبەرێکە بۆ کارکردن، جەستە بەپێی ئامادە بوونی خۆی لەوێ دەردەکەوێت، بەڵام پانتایی بەرەنجامی خوێندنەوەی فینۆمینۆلۆژی دارشتنەوەی پانتاییە، جەستەکان لەو پانتاییەدا توانای دەرکەوتنی پەیوەندیان بەیەکەوە زیاترە ئەو پەیوەندیەش لە ئاڵوگۆڕ کردن دایە وەك تەختەی شانۆ نیە کە ڕووبەرێکی دەست نیشان کراو بۆ ئەکتەر دەخاتە ڕوو، لێرەدا دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە کەسانێك واتێدەگەن ئێمە بەهۆی نەبوونی هۆڵی شیاو پەنا دەبەینە بەر ئەو شوێنانە، ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە، چونکە بڕوامان بەوە هەیە کە هۆڵ ئەو گرفتە سەرەکیە نیە لێرە، گرفتەکە ڕەتکردنەوەی ئێمەیە بۆ بیناسازی سوونەتی، ئێمەین بەو هۆڵانە ڕازی نین، یانی ئەوە بێ هۆڵی نیە ئێمە دەباتە ناو قەڵا و قشلە، نا بە پێچەوانەوە ئەوە گەڕانی ئێمەیە بەدوای شوێن کە ئاخۆ دەتوانین لەم شوێنە پانتاییەکی شانۆیی بنیات بنێین؟ ئەو پرسیارە ڕاستەوخۆ نامانگەیەنێ بە وەڵام، چونکە ئێمە ئەو شوێنانە هەڵنابژێرین کە بتوانین ڕاستەوخۆ نمایشی تیا ئەنجام بدەین، بەڵکو ئەو شوێنانە هەڵدەبژێرین کە هەست دەکەین کارکردن تیایدا ئاسان نیە و پێویستمان بە مەشقێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ڕۆژانە بەدوای نووسینەوەی پانتایی خەریك بین، ئەوە پڕکردنەوەی بۆشایی نیە لەڕێگەی جەستەوە، بەڵکو نووسینەوەی ئاماژەیە لە پانتایی، چارەسەرکردنەوەیەکی کۆمەڵناسیانەی شانۆییە بۆ شوێن، بەوەی شوێن بریتی نیە لەو ڕووبەرەی کە دەلالەتی مێژوویی گرتۆتە خۆی، بەڵکو شوێن بریتیە لەو ڕووبەرە سیمیۆلۆژیەی کە جەستەی کولتوری کاری تیا دەکات، بۆیە دارشتنەوەی پانتایی ئامادە بوونی (دەنگ، جەستە، ماتریال، ریتوال) ڕێکدەخاتەوە، ئەوەش بە تەواوی لەکاری باوی دەرهێنان دوورە، چونکە چەندە کارێکی شانۆیە، هێندەش پرۆسەیەکە بۆ بیرکردنەوە لە ناو فیکر و زانستدا، ئیشکردنەوەیە لەسەر مانا فەلسەفیەکانی چەمك، پۆلین کردنەوەی چەمکی ماتریالە بۆ بەر لەچوونە نێو ریتوال بەهۆی ئەوەی ماتریالی بینراو پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە جەستەوە هەیە کە بریتیە لە (ئاو، قوڕ، گەنم، ئاگر، خۆڵ، خواردن) هەرچی ماتریالی نەبینراوە لەڕێگەی دەنگەوە دەردەکەوێت، ئەوانەش لەناو سرووتدا ئەکسیۆلۆژیایەکی بێبایەخ نین، بەڵکو ئەکسیۆلۆژی ریتوال بەرهەم دێنن، کە بریتین لە (ئاهورامەزدا، ئاڤێستا) ئەوەش کۆکردنەوە و چڕکردنەوەی ئاستی زەمەنیە لە پێناو بنیاتنانی یەکەیەکی فەلسەفی، تیایدا بینەر هەست بکات شانۆ پەرستگایەکی پیرۆزە ئەو پەرستگایە لەڕێگەی سرووتەوە چەمکی موقەددەس ئامادە دەکاتەوە، بەڵام ئەوە بۆ موقەددەسی ئاینی زەردەشتی نیە، بەڵکو ئەو ئاینە تەنیا وەك ئاماژەی کولتوری دەگەڕێتەوە، ستراتیژی ئەو کولتورەش بۆ بنیاتنانی پرۆژەی موقەددەسی شانۆیە، بەواتای شانۆ دەبێ بە پەرستگایەك، ئەگەر موغ لە ئاینی زەردەشتی ئەو کارەکتەرە بێت کە لەوێ فەرمانەکانی زەردەشت بەجێ بگەیەنێت و وەك موقەددەسێك سەیر بکرێت، ئەوا لەو پەرستگای شانۆیەدا جەستەی کولتوری موغی ئێمەیە، هەموو پیرۆزیەك لەڕێگەی ئەو دەردەکەوێت، ئەوەش شانۆیەکی سرووتیە، ئەوانەی بانگ دەکرێن دەبێت ڕێز لەو پەرستگا پیرۆزە بگرن، ئەگەر ژمارەیان زۆریش نەبێت، بەڵام ئەوان لەناو پەرستگایەکدا شانۆ کۆیان دەکاتەوە، کە پەرستگای شانۆیە.

# ئەزموونێکی جیاواز و شانۆیەکی نوێ

**ئا: هەردی محەمەد**

تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك ساڵێك زیاترە دامەزراوە، کارەکانیان لە شوێنەوار و ژوور و ڕووبەری فلات ئەنجام دەدەن، بەهیچ جۆرێـــك ڕوو ناکەنە تەختەی شـــانۆ، وەك چۆن دەق و ڕوناکـــی و مۆســـیقا و دیکۆر وەلا دەنێـــن، زیاتر بایەخ بە زمانی جەســـتە دەدەن، لەو ڕێگەیەوە ئەو ئەزمونانەیان نمایش کردووە (پرۆڤەیەکی شـــانۆیی بـــۆ چاوەڕوانی گۆدۆ، خاچ، ســـەگ و دەف، زولێخا لەخەونی یوسفدا، هاملێتی کەرکوك) دەرهێنەری سەرجەم شانۆگەریەکان شانۆکار (نیهاد جامی) ە ئەکتەرە سەرەکیەکانی ئەم تیپە بریتین لە (فریاد ئەحمەد، دیدار مەجید، شـــکۆ عومەر) زیاد لە (٦) شانۆکاریتر ئەندامی ئەو تیپە بوون، ئێســـتا هەریەکەی بەهۆکاری جیاواز لەو تیپە دوور خراونەتەوە، بەشێکیان پەیوەندی بە جۆری ئیشکردنەوە هەبووە، ئێوارەی ٢٠٠٧/٩/٢٣ تیپـــی ناوبراو قۆناغێکی تازەی کاری ئەزمونگەری خۆی ڕاگەیاند، لەڕێگەی نمایشی (یادەوەری دەنگ) وەك (نیهاد جامی) ووتی "ئێمە دەقمان وەك بیرۆکە و سیناریۆی نووسراو نیە، لەم قۆناغەدا تەنیا بایەخ بە مەشقەکان دەدەین، هەر ئەوانیش دواتر نمایش درووســـت دەکەن" نمایشی شـــانۆیی لای ئەوان لەوە دەرچوو تەنیا کاری جەستەیی بێت، بەڵکو ئێستا ئەوان دەنگ بۆیەکەمجار بەکار دێنن، بۆیە دەڵێت "دەنگ یادەوەری جەســـتەی کولتوریە، جەســـتەی کولتوری بەرەنجامی گەڕانەوەیە لەناو یادەوەری، جەســـتەیەکە تەواوی دوالیزمەکانی تێك شکاندووە، تێکەڵی نێو سرووت دەبێت، ئەوە ســـەرەتای دۆزینەوەی ئەو نهێنیە ئەزمونکارییە کە ئێمە پێی گەیشـــتووین، هەر بۆیە دەگەڕێینەوە بۆناو تێکستی ئاڤێستا بۆ سرووتە زەردەشـــتیەکان ئەوە گەڕانەوە نیە بۆ زەردەشتیەت، بەڵکو دەسپێکە بۆ بە پەرستگاکردنی زەمەنی نمایشی شانۆیی" ئەم نمایشە بەلای تەواوی شـــانۆکارانی کەرکوك بە دیارترین ئەزمونی شانۆیی دادەنرێت، وەك لە قسەکانیاندا دەردەکەوێت، ئەگەر بەلای شـــانۆکار (ســـیروان بێلانە) ئـــەو ئەزموونە بە ئەزمونێکی نوێی تیپـــی ئەزمونگەری و جیاواز لەکارەکانیتر ســـەیر بکرێت، بۆ ئەوەش کۆمەڵێك بەڵگـــە دێنێتەوە، دەڵێت "دیارە وەك خۆیان دەڵێن قۆناغێکیان تێپەڕاند ئەمە ســـەرەتای قۆناغێکیتـــرە بۆ کارکردنیان، کۆمەڵێك ئامـــاژەش لەناو ئەو بەرهەمەدا بوون، ئەمـــە دەردەخات کە ئەمە قۆناغێکی نوێیە لەکارەکانی ئەزمونگەریدا، بۆ نمونە دەنگ، دەنگ بەو واتایە نا کە دیالـــۆگ هەبێت، بەڵام بەو ئاهاتـــەی کە لە دەرونی



ئەکتـــەر دەردەبڕێت، ئەوە بۆ خۆی یەکەم جارە لە ئیشـــەکانی ئەزمونگەریدا ببینرێت، ئەو دوو کارەی پێشتریان کە من بینیم ئـــاوی تیا نەبوو ئەمجارە ئاوم بینـــی، یانی کۆمەڵێك ئاماژە هەبوون ئەوە نیشان ئەدەن کە قۆناغێکیان تێپەڕاندووە ئەبێت بە قۆناغێکی کەوە، بەڵام ئەوەی کە من ئەمەوێت بیڵێم نەك ئەو ئـــاوەی کە ڕژاندیان کە بیانەوێ بـــەو ئاوە ئێمە پاك بکەنەوە، ئێمە بە ئاوی جیهان هەمووی کۆ بێتەوە پاك نابینەوە، ئێمەی

مرۆڤ تازە تاوانبارین بەدوای تاواندا ئەگەڕێین، ئەوەی کە سەرنجم بۆ ئەچێت ئەوەیە کە ئێمە لەخاڵێکدا هەموومان بووین بەیەك کەس ئەوەش ئەو خاڵەیە کە لە کارەساتدا هەموومان یەکین، بۆیە لەو کاتەدا ڕەنگە فرمێسك نەگاتە فریامان، بۆیە ناچارین هاوار بکەین. ڕەنگە ئەو گڵەشی کە بینیمان ئەوەش ئاماژەیەکی کە بێت لە گۆڕانکاریەکانی تیپی ئەزمونگەری بەراستی ئەمجارە ئیشێکی جیاوازم بینی" هونەرمەند (تارق ناسح) زۆر دوور نەبوو لە بۆچوونەکانی بێلانە بەهۆی ئەوەی ئەو وەك خۆی ووتی کە هەموو کارەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوکی بینیووە، لەهەموو ئیشەکانیاندا گۆڕانکاری جوان بەدی دەکات، لە بارەی دەنگ لەو ئەزموونە دەڵێت "بەڕاستی ئەو گۆڕانکاریە ڕایکێشام و وای لێم کرد کە زیاتر موتابەعەی ئەو کارانە بکەم، بەتایبەتی هەتاکو لە شێوازی جولانەوەی ئەکتەرەکانیش دیارە هەر جیاوازیەکی زۆر گەورەی هەبوو لەگەڵ کارەکانیتردا، دیارە نیهاد جامی توانیویەتی زیاتر بەخۆیدا بچێتەوەو ئەم ستایلەی زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ ستایلەکانیتردا بەکارهێنانی ئەو دەنگانە جار جار وات هەست دەکرد لە تەقسێکی زۆر ترسناك دایت کە کۆمەڵێك لەتاو جەستەی خۆیان کە خودیان هەمیشە چەپێنراوە، هەستم دەکرد بەو دەنگە ئەو چەپاندنەی خۆیان دەردەبڕی لەخیلالی ئەم شانۆگەریە، بەڕاستی شتێکی جوان بوو بەتایبەت هونەرمەند فریاد ئەحمەد زۆر کاریگەری لێمکرد لەودەنگەی کەوا لەکۆتایدا دەریخست" هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسی بواری هونەری (سەڵاح حەمە ئەمین) هەڵوەستەی لەسەر هەوڵەکانی ئەو تیپە کرد وەك سەرەتایەك بۆ شانۆیەکی ڕاستەقینە و ووتی "ئەزمونی ئەم تیپە کارێکی زۆرجوانە، ئەمجارەیان کاریان لەسەر دەنگ کردووە، ئسلوبێکی زۆر زۆر جوان بوو لە ئاینی زەردەشتی، تەوزیف کردنی ئاو و ئاگر بە شێوەیەکی زۆر جوان، نیهاد جامی بەرجەستەی ئەو کەرەستانەی کردووە، لەو ئیشە و ئیشەکانی تریشیدا هەستمان بە بوونی شانۆی ڕاستەقینە لە کەرکوك کردووە" شانۆکار عەبدولحەلیم نیعمە ڕەخنەکەی لەوێوە بوو لەکارەکان کە ئەو کارانە بۆ تێگەیشتنی بینەر زەحمەتە و پێویستە بۆ نوخبەیەکی دەست نیشان کراو پێشکەش بکرێن، ئەو لە سەرەتای قسەکانیدا ووتی "نیهاد جامی وای ڕاهێناوین ئەو شتانەمان پێشکەش بکات کە نوێن، بەڵام ئەو کارەی ئێستا نمایشی کرد شتێکی تیا بوو لە پەرینەوەی زەمانی، دەکرێ وەرگری کەرکوك بیبینێ و تێی بگات وە چێژیشی لێ ببینێت، بەڵام نەك لە ئێستادا، چونکە ئەوەی پێشکەشی کرد کارێکی تازە بوو، بۆیە دەکرێ ئەو کارە بۆ نوخبەیەکی دەست نیشان کراو لەهونەرمەندانی کەرکوك نمایش بکرێت، نەك بۆ هەموو توێژەکانی بینەر، لەبەر ئەوەی زەحمەت و قورسە بۆ وەرگر، بۆ تێگەیشتنی، کە کۆمەڵێك بیرۆکە و کۆمەڵە مانایەك تیا بوو، زەحمەتە بۆ وەرگر تێی بگات" شانۆکار کارگەر جەواد باسی لەو شێوازە نوێیەی تیپەکە کرد و کە کارێکە نەك تەنها بۆ تیپەکە تازەیە، بەڵکو وەك ئەو دەڵێت "ئەو شێوازەش نوێ بوو نەك لە کەرکوك و کوردستان، بەڵکو لەئاستی شانۆی عیراقیشدا تائێستا بەو شێوەیە کار نەکراوە" دەرهێنەری تەلەڤزیۆنی ئەردەلان غەریب بۆچوونێکی نزیکی لەوەی کارگەر جەوادی هەبوو ئەو ووتی "ئەمە ئیشێکی تازەگەریە لە کەرکوك، بۆ ئەم ئیشانە ئەبێ ئێمە هەموومان دەرس لە نیهاد جامی وەرگرین بەجدی ئەو سێ ئەکتەرە ڕۆلێکی گرنگیان لەم نمایشە هەبوو، هەروەها ئەتوانم بڵێم ئەو سێ ئەکتەرە ڕۆڵێکی گرنگیان لە شانۆی کەرکوك هەیە" شانۆکار عەبدوڵڵا کاکەیی وەك ئەوانیتر باسی لە تازەیی ئەو بەرهەمە کرد، بە تایبەتی کە ئەو نمایشە سرووتێکی زەردەشتی تەواوی پێمان نیشانداوە، هێنایە بەرچاومان وەك دەڵێت بۆی کردین بە واقیع. ئەو لەبارەی هەندێك لە شانۆکاران کە دوای کارەکە دەست خۆشی دەکەن و کەچی دواتر سەرزەنشتی ئەو نمایشە دەکەن، دەڵێت "ئەو برادەرانەی کە هاتبوون نەك هەر لە ئیشەکە تێنەگەیشتبوون، بەڵکو بە پێچەوانەوە تێگەیشتن، ئەوانە دەیانەوێ بەناو شانۆکار بن کەچی لەشانۆش تێناگەن، بۆیە داواکارم لەو برادەرانەی کەقسە دەکەن بەڕاستی قسە بکەن، کە ڕەخنەیەکیان هەیە با لە بەرامبەریان لە دانیشتنە ڕەخنەییەکان بیڵێن نەك دوای لەپشتیانەوە قسە بکەن" هونەرمەند (پاراو وهاب) بۆچوونەکانی بەم شێوەیە چڕ کردەوە "کار بۆ کاریان بەرەو پێش چوونێك دیارە، ئەوەی نوێ بوو لەو کارەیان تێکەڵ کردنی کاریگەریە دەنگیەکان وێڕای ئەوەش بەکارهێنانی دەنگ لەلایان ئەکتەرەکان کە پێشتر ئەو کارانە نەبوو لە کارەکانی پێشووتریان، خاڵێکیتریش ئەوەیە ئەکتەرەکان ئاستیان بە ڕاستی دیار بوو ئاستێکی بەرز بوو، هەرچەندە شکۆ عومەر ئەو گۆڕانکاریەی تیا نەبینرا، بەڵام فریاد و دیدار خان نواندنێکی زۆر زۆر جوانیان کرد، لایەنە فکریەکەشی ئەو شتەی کە لای من درووست بوو، پەیوەندی مرۆڤ بە خاکەوە بە ئاگرەوە بە ئاوەوە مرۆڤی ژیر لە کۆمەڵگادا لە دێر زەمانەوە وەکو ناوی ئاهورامەزدا هات، مامەلە لەگەڵ خۆریشدا کرا. وەکو من بینیم، لەگەڵ ئاگردا لەگەڵ خۆڵدا بەردەوام فریاد هەوڵی پاکترکردنەوەکەی مرۆڤەکانی دەدا لەو شانۆگەریەدا بەڕاستی ئەو شتانە لای من درووست بوو، هەوڵێکی بەردەوامیش هەبوو بۆ پیسترکردنی مرۆڤەکان، پیسترکردنی ناخی مرۆڤەکان لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ململانێیە لەناخی مندا درووست بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ململانێیە لای من درووست بوو کە ململانێیەکی وەهمی بوو"

# خوێندنەوەیەکی کورت
# بۆ شانۆگەری یادەوەری دەنگ

**سەباح ئیسماعیل**

رۆژی ٢٠٠٧/٩/٢٣ لە هۆڵی قشڵە، تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك، شانۆگەرییەکیان بەناوی (یادەوەری دەنگ) لە دەرهێنانی نیهاد جامی پێشکەش کرد و ئەم هونەرمەندانە ڕۆڵیان تێدا بینی: فریاد ئەحمەد، دیدار مەجید، شکۆ عومەر.

لەو شانۆگەرییە بێدەنگ و بێ مۆسیقا و بێ ڕوناکییەدا، بایەخی سەرەکی بە جەستە درابوو، لە جوگرافیای جەستەشدا زیاتر سوودیان لە خوارەوەی جەستە وەرگرتبوو، چونکە پێوەندییەکی قووڵ لە نێوان قاچەکانی مرۆڤ و زەویدا هەیە و بەسەر زەوییەوە دەڕۆن و هەست بە لێدانی ترپەی دڵی یەکدی دەکەن و لەڕێی قاچەکانەوە هونەرمەندان بەتاڵ دەبوونەوە لە وروژاندن، ئەم ستایلی کارکردنەش زیاتر لای دەرهێنەری یابانی تاداشی سوزوکی باوە، ئەمانیش بە گەڕانەوە بۆ ئەزموونەکانی ئەو دەرهێنەرە لەم شانۆگەرییەدا پەنایان بۆ بردووە و سوودیان لێ بینیوە، شایەنی باسە هونەرمەندان لەم شانۆگەرییەدا دەیانویست بمانبەنە ڕابردوو و لە ڕابردووەوە لەم ڕۆ بڕوانین، بۆیە کەشوهەوای پەرستگەیەکی زەردەشتییان بەرجەستە کردبوو و پەرستگەیان هێنا بووە سەر شانۆ و توخمەکانی ژیان، وەك (ئاو، ئاگر، خۆڵ) سوودیان لێ بینرابوون و ئاو پاکی دەکردنەوە و دەیژیاندنەوە، ئاگریش ڕووناکی دەبەخشی، خۆڵیش هۆیەك بوو بۆ یەکگرتنەوەی کارەکتەرەکان وەکو ڕەمزی خاك بەکار هێنرابوو، لەم شانۆگەرییەدا زیاتر دەنگ بۆ دروستکردنی دەق بەکار هێنرا بوو. زەمەن تێدەپەڕی و کارەکتەرەکان دەشێوان و کەمئەندام دەبوون. ئەمەش ڕەمزێك بوو بۆ تەقینەوەکانی کەرکوك و گیان لەدەستدان و بریندار کردنی ژمارەیەکی زۆر.

سوود لە قسەیەکی زەردەشت وەرگیرابوو، کە دەڵێت: چ وێرانەیەکە دنیا بزانە چ جەنگێکت بۆ درووست کردووین. شانۆگەرییەکە، لە ئەنجامی ئیشکردنەوە درووست بوو بوو، نەك تێکستێك بێ و نووسرا بێتەوە. بەگشتی شوێن نادیار بوو، شوێن لە شانۆگەرییەکە ئەو شوێنە بوو، کە نمایشی تێدا دەکرا، زەمەنیش هەر ئەم زەمەنەی خۆمان بوو.

شایانی باسە لە پاش نمایشکردنی شانۆگەرییەکە گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لەلایان بینەرانەوە لەسەر نمایشەکە کرا.

تێبینی: ئەم ووتارە لە بنەڕەتدا لە ڕۆژنامەی باسەرە ژمارە (٢١٨) بڵاو بۆتەوە، بەهۆی ئەوەی پەیوەندی بەم مەلەفەوە هەبوو، جارێکیتر بڵاومان کردۆتەوە.





# پرسیاری جەستەی ئەکتەر لە یادەوەری دەنگ

**ئا: سەباح ئیسماعیل**

**ئەم گفتوگۆیەی ڕۆژنامەنووس سەباح ئیسماعیل لەگەڵ نیهاد جامی بەدوای ئەزموونی یادەوەری دەنگ، ئەنجامدراوە.**

* بۆچی شانۆی ئەزموونگەری؟ هەوڵت نەداوە سوود لە شانۆی مەلحەمیی برێخت لە شانۆنامەکانتا وەرگریت؟

- سەیرم بەوە دێت ئەو کاتانەی داوام لێ دەکرێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمە کە من بۆچی ئەوا کار دەکەم، وەك ئەوەی تۆ فۆرمێکت پێبێت داوام لێ بکەیت کە دەبێ شانۆ بەو فۆرمە دەربکەوێت، وەك ئەوەی لە پرسیارەکەی ئێوەدا دەتانەوێ من لەڕوانگەی برێخت خەریکی شانۆبم، دیارە سەرەتا دەمەوێ دڵنیاتان بکەمەوە لەوەی من ڕێزێکی زۆر لەبۆچوونەکەتان دەگرم، وەك چۆن بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئەوانە دەکەم کە لەسەر ئەو ڕێبازانە کاردەکەن، بەڵام من ناتوانم وا کار بکەم، ئەو کاتانەی پرسیاری ئەوەمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە بۆ شانۆی ئەزمونگەری؟ وەك ئەوەی شانۆی ئەزمونگەری کیسەیەك تلیاك بێت و پێمانەوە گیرا بێت، مەفرەزەیەکی پۆلیس عبوە ناسیفەیەکیان پێ گرتبین، ئەوە بەتەنیا گوناهی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نیە، بەڵکو بەشێکی دیاری دەکەوێتە ئەستۆی شانۆکاران کە نەیانتوانیوە ئاگاییەکی شانۆیی لەئاستی تیۆری بەرهەم بێنن، ئێمە بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە پڕکەینەوە بیرمان لە پرۆژەیەکی فراوان کردەوە، کە دامەزراندنی گروپێکی ئەزمونکاری بوو لە شارەکەدا، دیارە شانۆی ئەزمونگەری ئەزمونکردنە لە پێناو شانۆیەکی جیاواز کە هەڵگری پرسیاری سەردەم بێت، شانۆ لە کەرکوکدا لەناو فۆرمی سواو نوقم بوو، دامەزراندنی شانۆیەکی ئەزمونگەری تاکە هۆکارێك بوو بۆ ئەزمونی جیاواز، شانۆ لەناو دەیالۆگ کوژرابوو، ئێمە دژایەتی دەیالۆگمان نەکرد هێندەی بەدژی بەکارهێنانی بووین، بۆیە سەرەتا ویستمان ئەزمونێك بنیات بنێین لەڕێگەی جەستەوە بێت، تیایدا لە بیناسازی شانۆش دوور بکەوینەوە، ڕووبکەینە شوێنەوار و ژوور پانتایی ناشانۆیی، لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵێك ئەزموونمان بنیاتنا ئەوانەش (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ، خاچ، سەگ و دەف، زولێخا لەخەونی یوسفدا، هاملێتی کەرکوك) بەدوای ئەو کۆمەڵە ئەزمونە ویستمان ئەزمونێکی تر، ئەزموون بکەین، ئێستا لەسەرەتای ئەو ئەزمونەداین، (یادەوەری دەنگ) سەرەتای ئەو قۆناغە نوێیە، ئەوە شانۆی ئەزمونگەریە ئێمە بەرەو پێش دەبات، بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەشتان لە بارەی برێختەوە، حەز ئەکەم لەڕوانگەیەکی ئەزمونکارانەوە چەند سەرنجێکی گشتی بخەمە ڕوو، کارکردنی ئێمە بۆخۆی دژایەتیکردنی هەوڵی برێخت و بسکاتور و تەنانەت زۆر پرۆژەی تازەگەری شانۆیە کە لەنێو دەقەوە هاتونەتە بوون، چونکە کاری ئێمە سەر بە شانۆی پاش تازەگەریە، بە زمانی گرۆتۆفسکی "ئێمە لە قۆناغی میتا شانۆداین" نەك نامانەوێ سوود لە برێخت وەرگرین، بەڵکو شانۆکەی ئەو نوقمی نێو ئایدیۆلۆژیا و ووشەیە، ئێمە دژی ئەو شانۆیەن، چونکە بەدوای ئەوەی ئایدیۆلۆژیاکان هەرەسی هێنا، زۆر شێواز هەبوون کۆتاییان هات، تازەگەری برێخت و هاوسەردەمەکانی پرۆژەیەکی ناتەواو نین، تاکاری لەسەر بکرێتەوە، بەڵکو تازەگەری سەردەمی کۆتایی هات، کارکردنی پاش تازەگەری بەدوای ڕووخانی ئایدیۆلۆژیا، ئایدیۆلۆژیای جوانکاری هێنایە بوون، بەواتای شتێ نەما پێی بڵێین گەڕانەوە بۆ ئەو ململانێی ئایدیۆلۆژیەی برێخت کاری لەسەر دەکرد و بایەخی شانۆی دەگەڕاندەوە بۆ ووشە، هیوام وایە ئەو قسەیە بەوە لێك نەدرێتەوە کە من ئەو بێبایەخ دەکەم، نا بە پێچەوانەوە ئەو توانی گۆڕان بنیات بنێت، بەڵام ئەوەی کردی هەر درێژەی پرۆژەی تازەگەری بوو، ئێمە لە ڕەخنەگرتنمان لەو تازەگەریە گەیشتوینەتە ئەو شوێنەی ووشە توانای گەیاندنی پەیامی شانۆی نیە، ئەو قۆناغە پێویستی بە ئەزمونی جیاوازە، ئەوە مردنی برێخت و زۆر ناوی ترە، کە هەموویان دەچنەوە سەر ڕەفەی کتێبخانەکان، وەك ئەرشیفێکی شانۆیی و یادەوەری بۆ شانۆی ئەزمونگەری دەمێننەوە، بەڵام توانای زیندەگی نێو ژیانمانی نیە، تۆ تا ئەمرۆ دەتوانی ئیش لەسەر ئەزمونی مایەر هۆڵد و ئارتۆ و تایرۆف بکەیت، چونکە ئەزمونەکەیان خاوەنی ڕۆحی شانۆن، بەڵام برێخت جگە لە کۆمەڵە کتێبێکی سەر ڕەفەی کتێبخانە زیاتر نیە.

* بیرۆکەی شانۆنامەی (یادەوەری دەنگ) لە چییەوە لەدایکبوو؟

- ئێمە پرۆژەیەکی نووسراومان نەبووە بۆ بنیاتنانی نمایش، بەڵکو لەو قۆناغەدا لەگفتوگۆ بووین بەوەی ئەزموونی ئێمە دەبێت ئیش کردن بێت لەسەر (کولتور، یادەوەری، جەستە، دەنگ، سرووت) دەستمان بە ڕاهێنان و پرۆڤەکرد، هێڵێکمان دۆزیەوە، کە سەرەتا تەنها دەمانویست هەوڵ بۆ ئەوە بدەین کاریگەری تەقینەوە لەسەر یادەوەری هەر یەکێکمان دەربخەین، بەوەی چۆن دەنگی تەقینەوەی لۆریەك گەورەتر نیە لەدەنگی تەقینەوەی شیشڵدانێك کە بە مناڵی لێیان تەقاندووین، ئایا هەر ئەو کارە نیە تورەمان دەکات و دەمانکات بە تیرۆریست، بەڵام ئەوە پێویستی بە چارەسەری جیاواز و زمانی سەربەخۆ هەبوو، کارەکەمان سەرەتا ناونا (ئێوارە لۆریەك ئەتەقێتەوە) دواجار

لەکاتی ئیشکردن لە پرۆڤەکان، نەك تەنیا رۆژانە پرۆڤەکان دەرەنجامەکانی جیاواز دەکەوتن تەنانەت ئەو ناونیشانەش گۆڕانی بەسەردا هات و بوو بە (یادەوەری دەنگ) ئەو ناوە واهەست ئەکەم کەسمان ناومان نەناوە، بەڵکو پرۆڤەکان خۆیان گەیاندیان بەوناوە، ئەوەش سەرەتایەکە بۆ ئەزمونێکی جدی کە تایبەتە بە ئێمە، ئەزمونێکە تەنیا پەیوەندی بە بیرکردنەوەی تایبەتی خۆمانەوە هەیە، ئێمە زۆر بەلامانەوە گرنگە خۆمان بین و لەکەس نەچین.

* لە شانۆنامەی (یادەوەری دەنگ) بایەخێکی زیاتر درابوو بە خوارەوەی جەستە، لە کاتێکدا دەربرین و گوزارشت لەسەرەوەی جەستە زیاترە، ئەمە بۆوا؟

- ئێمە هەمیشە لەژیاندا واڕاهاتووین بایەخی تایبەتی بدەین بە دەم و چاومان، بایەخی تایبەتی بە پەنجەکانمان دەدەین، بەتایبەت بۆ خانمان، هەروەها بەکارهێنانی دەستەکانمان لەکاتی قسەکردندا بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەرەکانمان ڕاکێشین، تاکە شتێك کە لە ژیاندا بایەخی پێنادەین قاچەکانە، لەکاتێکدا وەزیفەی قاچ وەستانی جەستەمانە لەسەر زەوی ئەو کێشمان ڕادەگرێت، پەیوەندیەکی بەردەوام هەیە لە نێوان جەستە و زەوی ئەو پەیوەندیە قاچ درووستی کردووە، ئێمە کە دەشمرین بەرەو زەوی دەگەڕێینەوە، کەواتە ئەو پەیوەندیە ئەبەدیە، بایەخدانی ئێمە بە قاچەکان جیا لەو تێگەیشتنە هەوڵێك بوو بۆ بەتاڵ بوونەوەی ئەکتەر لە تورە بوونەکانی ناو ژیان، کە دەبێت بە جەستەی کولتوری، کەچی بەشێکی ئەو ڕاهێنانە بووە بەشێکی نمایشەکە، نەك بێین ڕاهێنانەکە بکەینە دیمەنێك، بەڵکو جەستەی کولتوری لەو شوێنەی پێویستی بەو فەزای ترسەیە ئەو ڕاهێنانە دەگوازێتەوە خۆی لێ دانابڕێت ئەوەش لە پرسیارەکەی یۆژینۆ باربا نزیکمان دەکاتەوە کە دەپرسێت "ئایا مەشقی شانۆیی توانای ئەوەی هەیە ببێتە نمایش؟" ئێمە لەئەنجامی ئیشکردنمان گەیشتوینەتە وەڵامی ئەو پرسیارە، دیارە چارەسەری شانۆیی ئێمە بۆ قاچەکان سوودێکی زۆرمان لە میتۆدی ڕاهێنانەکانی شانۆکاری یابانی (تاداشی سوزوکی) وەرگرت، ئێمەی شانۆکاران هەمیشە لە شانۆی ئەزمونگەریدا واڕاهاتووین پەنا بەرینە بەر میتۆدە خۆر ئاواییەکان، کەچی ئێمە لەم ئەزمونەدا لە میتۆدی شانۆکارێکی خۆرهەڵاتی نزیك بووینەوە، چونکە لە رۆحی ئەزمونەکەمانەوە نزیك بوو.



* شـــانۆی ئەمڕۆی کوردی چۆن دەبینیت؟ ئەی ڕات لەســەر شانۆی کەرکووك چییە؟

- بزووتنەوەی شانۆی کوردی ڕاستە ئەمڕۆ بزووتنەوەیەکی چالاك نیە، بەڵام بەم شـــێوەیەش نیە کە مەترســـیەکانی هێنـــدە گەورەبن، کەسانێك باس لەمردنی شانۆ دەکەن، لەڕاستیدا ئەوە مردنی ئەوانە لە شانۆدا نەك مردنی شـــانۆ خۆی، ئەوان کە ڕوویان کردۆتە زنجیرەی تەلەڤزیۆنی یا پۆســـتێکی حزبی و ئیعلامیان وەرگرتووە چ پەیوەندی بە مردنی شـــانۆوە هەیە، بەدووری نازانم ئەوە لە بەرژەوەندی شـــانۆ بێت بۆئەوەی تەنیا شانۆکارە چالاك و عاشقەکانی لەم بوارە بمێننەوە، بڕوا ناکەم بزووتنەوەی شـــانۆی لە کەرکوکیش دابڕاو بێت لەو واقیعە، ئەو بزووتنەوەیە پێویســـتی بە ڕێکخستنەوە هەیە، بوونی دەزگایەکی شانۆیی بۆ یەکخستنی هەوڵەکان و پرۆژەی هاوبەش لەهەردوو ئاستی تیـــۆری و پراکتیکی کارێکی پێویســـتە، جگە لـــەوەی دوو ڕەهەند هەیـــە بۆ گروپە شـــانۆیەکان یەکەمیان گروپ و تیپە شـــانۆییەکان کەمبەرهەمن کە پێویستە زیاتر خەریکی کاری شانۆیی بن هەموویان بـــەو دەســـتەواژەیە خۆیان ڕازی کردووە "ســـاڵی کارێکی باش بکەم بەســـە" سەیرە چی بەسە تۆ خەریکی شانۆ بیت و بە کارێك وازبێنی، ئەوە کارەســـاتە نـــەك عاقڵی، ڕەهەنـــدی دووەم نەبوونی جورئەتە چ لەلایـــان تیپەکان و یا هەندێ لە شـــانۆکاران کە وایکردووە جورئەتی کارکردنیان نەبێت، لەکاتێکدا شانۆکاری بە توانا هەیە، بەڵام جورئەتی کارکردنی تیا نیە، بوونی دەزگایەکی شـــانۆیی لەم شـــارەدا توانای چارەســـەر کردنی ئەو ڕەهەندانەی هەیە، چونکە دەتوانێ چارەسەری زۆر گرفـــت بکات لەهەردوو ئاســـتی تیـــۆری و پراکتیکی، گەر ئەوەش مەیســـەر نەبێت پێویستە شانۆکاران و گروپە شانۆیەکان بیر لە ناوەندێکی شانۆیی هاوبەش بکەنەوە کە پاڵپشتی لەلایان حکومەتەوە بۆ وەربگیرێت، وەك ناوەندێکی سەربەخۆی شانۆیی مامەلەی لەتەکدا بکرێت، ئەوە پەیوەندی بە بەرێوبەرایەتی هونەری شـــانۆ نیە، دەکرێ ئەو بەرێوبەرایەتیەش کۆمەڵێك ئەرك بگرێتە ئەســـتۆی خۆی، بەڵام ناوەندێکی شانۆیی سەربەخۆ نەك حکومی تەنیا مۆڵەتی ڕەسمی بۆ وەربگیرێت و بودجەیەکی ســـەربەخۆی هەبێت بۆ کارەکانی، توانای ڕێکخستنەوەو چارەسەرکردنی گرفتەکانی شانۆی هەیە، ئەگەر ئەوەش نەکرا دەتوانرێ ماڵێکی شانۆیی لەلایان چەند تیپێکەوە درووست بکرێت، ئەگەر ئەوەشیان سەری نەگرت، ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك هەوڵ دەدەین بۆ دامەزراندنی (ماڵی شـــانۆی کەرکوك) کە ئەو ماڵـــە بریتی بێت لە (تیپی ئەزمونگەری، گۆڤاری شـــانۆکار، ماڵپەرێکی شانۆیی، ڕۆژنامەیەکی مانگانە، پرۆژەی کتێب) هەموو شانۆکارێکی کەرکوکیش بۆی هەیە ببێتە ئەندام لەم ماڵە و لەیەکێك لە ئۆرگانەکانی ئەو ماڵە کار بکات بێئەوەی ناوی تیپ و گروپەکان بســـڕدرێتەوە، بەڵکو ئەو ماڵە تەنیا کاری ڕێکخســـتن و چاودێری دەگرێتە ئەستۆ.

# گەڕانەوە بەرەو زمان

**ئا: سۆران مامە حەمە**

**ئەو دوو پرسیارەی لێرەدا ئاراستەی نیهاد جامی کراوە لەلایان ڕۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە) وە لە بارەی (یادەوەری دەنگ) ئەنجامدراوە.**

* ئێوە دەڵێن باوەڕمان بە دەق نیە و کار بە زمانی جەستە دەکەین، کەچی لەم ئەزمونەدا زمان ڕۆڵی هەبوو، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دواجار ناچار دەبن بگەڕێنەوە سەر زمان و دەق؟

- دیارە پێویستمان بەوەیە لەسەر هەردوو چەمکی زمان و دەق بوەستین، دەق بۆ ئێمە تێکستێکی نووسراو و ئامادە بەدەست نیە، کە نوسەر وێناوی کارەکتەر و ململانێی ڕووداو زەمەنی شانۆکەی کردبێت، وەك چۆن زمان بۆ ئێمە زمانی جەستەیە، ئێمە واسەیری ماتریالەکان دەکەین کە خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیان بن، هەرگیز باسمان لە ڕەتکردنەوەی زمان نەکردووە، ئێمە لە کارەکانی پێشوومان بۆ نمونە لە (هاملێتی کەرکوك) زمان بوونی هەبوو، زمانی جەستە و زمانی ئاماژە و زمانی ماتریالەکانی (ئاگر، گوریس، گوڵ، پەیژە، پەنجەرە) بەڵام ئەوەی تۆ مەبەستە زمانی دەیالۆگە، ئێمە ووشەمان نەبوو، لە میتۆدی سیمیۆلۆژی کە ئێمە زۆر بەجدی کاری لەسەر دەکەین، بەپێی بۆچوونی بارت دەیالۆگ بریتیە لە (بونیادێکی تاکخوازی زمانە) بۆیە ئێمە ڕەفزی زمان ناکەینەوە، بەڵکو ئەوەی ڕەتکراوەتەوە دەیالۆگ و ووشەیە، من ناوم لە لیستی تیرۆریستە داواکراوەکانە ئەوانەی ووشەمان کوشتووە، عبوە ناسیفەمان بۆ دەیالۆگ داناوە، چونکە زانیومانە ئەوانە بەربەستن لەبەردەم ڕۆحی شانۆ، بەڵام ئەوەی خۆشحاڵمان دەکات ئەوەیە من یەکەم کەسی داواکراو نیم لە لیستی تیرۆریستانی ووشە، بەڵکو لەپێش من چەندین ناوی گەورە و بیریاری مەزنی شانۆ هەن لەوانە (گۆردن گریك، ئەنتوان ئارتۆ، پیتەر بروك، گرۆتۆفسکی، کانتور، یۆژینۆ باربا) کاتێ ناوم بکەوێتە لیستی ئەو تیرۆریستانەی کە ووشە یان تیرۆر کردووە من ئاسوودە دەبم پێی، بۆیە ئەوەی لە ئەزمونی (یادەوەری دەنگ) بەکار هاتووە، گەڕانەوە نیە بۆ زمانی ووشە، بەڵکو دەنگە، ووشەی نارۆشنە کە مانایەکی دەست نیشان کراوی نیە بۆ وەرگر، ئەوە گەڕانەوەیە بەرەو یادەوەری، بونیادێکی سەرەکی نێو سرووتی شانۆیە، دەنگ و جەستە و ماتریالەکان زمانی سەرەکی ئەو ئەزمونەن، هەرگیز ئەوە گەڕانەوە نیە بۆ ووشە، وەك چۆن هیچ پلانێك

نیە بۆ ئەوەی بۆ دەقی نووسراو بگەڕێینەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە بۆ یەکەمجارە ئێمە بەهەموو شێوەیەك دەق وەك سیناریۆی نووسراو و تەنانەت بیرۆکەی ئامادەش ڕەت بکەینەوە، ئەوە قۆناغێکی نوێی ئەزمونکاری ئێمەیە، تیایدا دەق ڕەتکراوەتەوە، بوونی دەنگیش نەك گەڕانەوە نیە بۆ دەق، بەڵکو بنیاتنانی سیستمی ئاماژەکاری جەستە و دەنگی یادەوەریە، ئەوانەش فۆڕمی ئەزمونێکی جیاواز دەخوڵقێنن.

* هەست ناکەن ئەم پرۆژەیەتان لاوازتر بوو لە کارەکانی دیکەتان؟ بەتایبەت لەڕووی بیرۆکەوە؟

- سەیرم بەهەر تێڕوانینێکی لەم شێوەیە دێت، ئەو ئەزمونە سەرەتایە بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکی قووڵ، ئەوە کەوتنە نێو ئەفسونەکەیە، هەرگیز سەرەتای ئەو قۆناغە ناتوانرێ بە تێگەیشتنی ڕواڵەتی پۆلین بکرێ، پێویستمان بە خوێندنەوەی تیۆری قووڵ دەبێت بۆ کارێکی لەم چەشنە، چونکە ئەزمونەکانی ڕابردوو، یا ڕاستر بڵێم قۆناغی یەکەم هەوڵدان بوو بۆگەیشتنە ئەو ئاستەی ئێستا کە تۆ بەلاواز ناوی دەبەیت، ئەوە شانۆیەکی سەد دەرسەد ئەزمونگەریە، ئەگەر قسەشت لەسەر بیرۆکەیە قەت پێم وانیە لەماوەی کارکردنی من لە شانۆدا هیچ ئەزمونێکم هەبێت هێندەی ئەم ئەزمونە لە ئاستی بیرۆکە ئاسۆ و تێگەیشتنەکانی هێندە دەوڵەمەندبن، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سرووتە شانۆییەکە، ڕەنگە چەمکەکانی ئەو ئەزمونە بەباشی نەگەیشتبێتە تۆ، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێك ئەزمونی قۆناغی پێشووی ئێمەت بینیبێت، کە چەند ئەزمونێکی ئەم قۆناغە نوێیەت بینی، دڵنیام بەشێوەیەکیتر سەیری ئەو ئەزمونە دەکەیت، دەکرێ واش نەبێت تۆ هەر خاوەنی ئەو بۆچوونەی ئێستات بیت، ئێمە ڕێزی تایبەتی لە بۆچوونە جیاوازەکان دەگرین، چونکە دەنگە جیاوازەکان دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانین زەمینەیەکی ڕەخنەیی و پرسیار لەسەر شانۆی ئەزمونگەری درووست بکەین، بۆیە قەت بەو بۆچوونانە دڵتەنگ نابینن، بەڵکو ئاسودە دەبین لەزۆرجاردا، چونکە دەبێتە هۆی درووست کردنی دیالۆگ لەبارەی ئەزمونەکانەوە.




2007-09-22